
# چەند پاژێکی گشتی لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی میدیا

## "پزیسک و پرشەیەکیش لە میدیای کوردیی"



عادڵ قادری

کتێبی ژنەفتن
٥

کتێبی ژنەفتن

٥

# چەند پـاژێکی گشـتی لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی میدیا

"پزیسک و پرشەیەکـیـش لـە میدیای کـوردیـی"

**عادڵ قادری**

# چەند پـاژێکی گشـتی لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی میدیا

"پزیسک و پرشەیەکـیـش لـە میدیای کـوردیــی"

**عادڵ قادری**

وەشانی ژنەفتن

jineftin.krd

ناونیشانی: چەند پاژێکی گشتی لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی میدیا

"پزیسک و پرشەیەکیش لە میدیای کوردیی"

نووسینی: عادڵ قادری

بابەت: وتار

دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا

مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، نیسان ٢٠٢١

چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی

١٠٣ لاپەڕە

Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.

بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

# پێڕست


پوختە ........................................... ٩

میدیای ئاسمانی وەکوو پرد و ناوکۆی مەعریفە .................. ١٤

داکەوتن لە ئاسمانەوە و هەستانەوەی پێغەمبەرە ئاسمانییەکان لە زەمین و ڕوخساری نوێی میدیا .................................. ٢٦

ئـاسـمان وەکـوو بـەرینترین هـەواڵنێر و پەیامـهـێنی وجـوودی......... ٣٢

درێژەی ئەفسوون (Aura)ە ئاسمانییەکان لە مـیـدیـای زەمـیـنـی و چـەنـد چـیـرۆکـێـک ...................................... ٣٤

حەقیقەتی میدیایی لە ڕۆژگاری گوندی جیهانیی.................. ٣٧

گێڕانەوەیەکی دراماتیکی بۆ ململانێ ئۆنتۆلۆژییەکان لە پانتای میدیا ئاسمانی و زەمینییەکان ........................................ ٤٣

کۆمەڵگای کوردیی و هاوکێشە میدیاییەکان......................... ٦٠

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و یەکەمین پەیام (Message)ی هەناسەسوار ............................................. ٦٤

مێژووی کورد و هاوکێشەی نێوان ئاغا و کۆیلە...................... ٦٨

"ئامێرە میدیاییەکانی کورد و ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانی میدیا؛ پاش کرانەوەی کۆمەڵگاکان و لە سەردەمی شۆڕشدا"........................... ٩٦

# چەند پـاژێکی گشـتی[1] لە ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی میدیا

## "پزیسک و پرشەیەکـیـش[2] لـە میدیای کـوردیـی"

ئەم وتارە پێشکەشە بە دوو ڕۆژنامەنووسی کورد واتە برایان "حـوزنی و گیوی موکریانی" کە لە ڕێگەی ماشینی چاپە کۆنە و سواوەکەیان و قاترەکەیانەوە

[1] پاژی گشـــتی: جزء کلی. ئەم لێکدان و ڕێکەوەندە بەرهەمهاتووی گۆشـــەنیگایەکی ئیســـتیقرایی یان پاژبینانەیە کە بە مەبەستی دیتنەوەی کۆ یان گشت ئیش دەکات و ئەوەیش کە پاژەکان خۆیان گشتەکی بن نیشانەیەکە بۆ فراوانیی ڕووبەر و بەربلاویی پانتای بابەتی گێڕدراو و مژاری نووسینەکەوە

[2] پزیسک و پرشە هەر دووک لە دەڤەری جوانرۆ و سەلاس باوەجانی بەکار دەبرێن، پزیسک بۆ ئاگر دەکار دەکرێ و مەبەست لاپاڵ و وردەشـەپۆل یان وردەئاگری هەناوی ئاگر و شـتی گڕ تێ بەربووگە و پرشـەش هەر هەمان دۆخ و پێگەی وشەیی و پێکهاتەیی هەیە، بەڵام پرشە لە سەرچاوەیەکی دژی ئاگر واتە ئاوەوە دێت و هەر دووکیانم بە دەرهەست کردنەوە و ئینتزاع ڕێسی بە واتای تیشک و تێگرتن واتە تێڕوانین و نیگائاراسـتە کردن. بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم هەڵسوکەوتە لەگەڵ وشـەکاندا چاو لە کتێبی بنەماکانی وشــەســازی و وشــەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، نووســراوی کامەران ڕەحیمی و زمان و زانیاری-کە براوەی خەڵاتی نۆبڵیشــە-نووســراوی "جیراڵد ئادێلمەن"، وەرگێڕان بۆ فارســی ڕەزا نیلی پوور، بڵاوگەی نیلۆفەر، چاپی یەکەم ١٣٧٨، بکەن.

**پوختە:**

ئەم وتارە هەوڵدەدات کە دەلالەت و ئاماژە کۆنکرێت و بەرهەستەکانی "میدیا (media)" لە چەند قۆناغێکی بوون و ئافراندنی مرۆڤدا بگێڕێتەوە، بۆیە پنت و جەمسەری گێڕانەوەکەی لە "سیفری ڤەداهاتن" لە کتێبی پیرۆزی تەوراتەوە دەست پێ دەکات و بە تیشک خستنە سەر گێڕانەوەگەلی جۆراوجۆری مێژوویی و میتافیزیکی لە چەشنەکانی پێوەندی نێوان مرۆڤ و بوون و ئەو خاڵە ناوکۆ و نێونجییەی کە ڕایەڵی هاوپێوەندی سازاندووە و پەرژانە سەر سەردەمی تێپەڕین بە ناو پێوەندی و هاوکێشەی میدیاییانە لە ئاسمانەوە بۆ زەمین و لە زەمینیشەوە دیسان بەرەو ئاسمان (لە ڕێگەی شەپۆلە ڕادیۆ و بلاڤینەکانی تی ڤی و سەتەلایتەوە) هەوڵدەدات مانا و واتایەکی

دیکە و جیاواز لە چاو ئەوەی کە هەنووکە لە زمانی گوتار و ئاخافتنی زارەکی و میدیایی! و، گشتیدا دەکار دەکریٚ، بخاتە ڕوو. میدیا لێرە و لەم ڕووەی گێڕانەوەکەوە "نێونج" و "ناکۆ" و "نێونجڤان"ێک بووە کە لە زۆر شوێندا بکەر و چالاک بووە و لە شوێنان و قۆناغانێکی بوونی مرۆییش بەرکار و ئامراز بووە و بە نموونە هێناوەی گێڕانەوەیەکی میتۆلۆژیکاڵ، مێژوویی بابەتی بەرباس، پشت ئەستوور دەکەم بە چەند فاکت و نموونەیەکی ناباو و دژەباو! لە ڕاستیشدا یەکێک لە زەقترین خاڵی وەگێڕاو(ڕوایت شدە)ی ناو ئەم نڤیسارە پێوەندی نێوان "میدیا"، "مەودا"، بابەتی قودسی و مرۆڤ لە پێگەی بوونەوەردایە و هاوکێشەی "میدیا"، پیرۆزایی(قودسی) و بوونی ئازاد، باسی زۆری لەسەر کراوە. شایانی باسە ئەم وتارە لە سۆنگەی نیگای ***واڵتەر بنیامین*** و ئەو گۆشەنیگایەی ئەو بۆ "پیرۆزیی" و ئەفسوون (Aura) و پیرۆزاندن و شەبەنگی قودسی هەیەتی، نووسراوە و بەشی کۆتایی نووسینەکە لە ژێر کاریگەری کتێبی "دنیای شتە بچووکەکان"ی ***ڕێبوار سیوەیلی*** هاتۆتە نڤیساندن.

**کلیل وشەکان:** میدیا[٣]، هاوکێشەی دیسپۆتیزم (سەردار و کۆیلە)[٤] ، هەستەوەری[٥]، ئەفسوونی (Aura)پیرۆز، "مەودا"، سۆبێکت، ئۆبێکت

***

[٣] میدیا هەر وەکوو لە دەقەکەشدا دەخرێتە ڕوو بە واتای ناوکۆ و پردە پێوەندییەکانی مرۆڤ بە دیاردەکانی پانتای"بوون"ەوە و لە خۆگری ئەو ناوکۆ و میدیا ئاســـــمانی و زەوینییانەیە کە ڕۆڵێکیان لە "ڤەداهاتن" و "بوون" و "هەبوون"(Been & Become)ی مرۆڤدا گێڕاوە.

[٤] ئەم هاوکێشـەیە کە بنەوا پێکهێنەر و بەستێنە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی بۆ سەردەمانی کەونینە و کۆن دەگەڕێتەوە، هەنووکەش و لە جیهانی ئەمڕۆدا دەســـەڵاتی هەیە، ئەگەرچی ڕوخســـار و جلوبەرگی گۆڕیوە. وەکوو نموونەیەکی بنەڕەتی و ڕاســـتەقینە، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە "ڕۆژهەڵات ناســـی"یەکانی ئیدوارد ســـەعید لە باس و خواس و مژارەکانی لەبارەی کۆلۆنیالیزمەوە هەڵگری ئەم فۆرم و پێکهاتەیە کە لەنێوان دووجەمســـەری ســـەردار/ کۆیلە، خودێ/بەندە، وڵاتانی پێشـکەوتوو/ پاشـکەوتوو، وڵاتانی چەق/ پەراوێز، چەوسـێنەر(کۆلۆنیالیسـت) / چەوسـاوە(کۆلۆنیالیزە کراو) و...ئیش دەکات. من پێم وایە ئیدوار ســـەعید خۆیشـــی قوربانی و گیرخواردووی ئەم فورم و ســـیســـتەمە مێژووییەیە بۆ زانیاری زۆرتر وتاری "ئیدوارد ســـەعید و مەســـەلەی ویژدان"ی بەختیار عەلی، لە هاووڵاتی، ژ ١٤٩چوارشـــەممە ٢٠٠٣/١١/١٢ بخوێننەوە.

[٥] هەستەوەری لە دژبەری بیرەوەری هێناومە و بە واتای توانستی هەستکردن دێت و بیرەوەریش نەک بە واتای "خاطرات" بەڵکوو بە واتای توانســـتی بیرکردنەوە و هزرین دێت کە لەســـەر ئامیان و ماکەی "یادکردن" و خاترات شکڵ دەگرێت.

ماشینانێکی بزرۆک(میدیاکان) بەشی هەرە زۆری ژیانی ئێمەیان داگـرتووە، مەزراگەلـێک هـەن نـیئۆ مەزراگەلێکی زۆر و زەبەنـد کە تیایـاندا "مـرۆڤ" ئیـدی لـەدایــک نابێت و نـازێ، بەڵـکو دەکـێڵرێت

من باوەڕم نەدەکرد تاکوو ئەم مەزرایانەم بـە چـاوی خـۆم نەدیت نیئۆ! هەموو هەوڵی میدیاکان ئەوەیە

کە مـرۆڤ لـە جـەوهــەری مــرۆڤ بـوون داتـەکێـنن و بـیـگوازنەوە سـەر ئـەمە! (باترییەکی بچووک)![٦]

[٦] به ڕای من فیلمە سێیانەکانی ماتریکس لە ڕووبەر و پانتایەکی زۆر کراوە و ئەمرۆیی( پۆست مۆدێرن، دیجیتاڵ، ترانس مۆدێرن، دەســـــەڵاتی ماشـــــینی و...)دا کاریگەری و جەوهەری میدیای بە وردییەکی کۆییەوە (یان پاژبینییەکی گشـــــتییەوە) گێڕاوەتەوە، ئەگەر فیلمەکەمان بینیبێ بۆمان ڕوونە کە زۆرتر لە نیوەی ئەکتەر! و کائەکتەرەکانی لە ئەتومێسفێر و کەش و هەوایەکی مەجازیدا دەسووڕێن و دێنە کایەوە، نیئۆ و مۆرفیۆس لەنێو پرۆگرامێکی کۆمپیۆتەریـدا لەگەڵ یەکتر دەکەونە ئـاخـافتن و دواتر مۆرفیۆس بە گرینگترین پرسیاری بوون ناسانەی نئۆ واتە "ماتریکس چییە"؟ هەر لەنێو فەزایەکی سایبێری و مەجازیدا وەڵام دەداتەوە و پێی دەڵێ: ماتریکس وەهم و وڕێنەی تۆیە بۆ ئەوەی کە باوەڕت بە ماشـــــین(میدیاکان هێنـاوە، هەڵبەت پێش لەوەی ئەمـان بچنە نێو فەزایەکی ســــــایبێرییەوە کە فێرکـاری و وەڵامی پرسیار(ماتریکس چییە؟) و ڕاهێنانی وەرزشی ژاپۆنی واتە جوجیتسۆ و... لە ڕێگەی چەند ئامێرێکی زۆر پێشـکەوتوو و فرامیدیاییەوە نۆژەن و نۆزایی دەکرێن، واتە دەبنە پرۆگرامێکی کۆمپیۆتەری بۆ ئەوەی بتوانن بچنە نێو هەر ســیســـتەمێکی ویندەوز، مەکینتۆش و....تەنانەت دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە دەرهێنەر و بەڕێوەبەری کۆی ڕووداوی فیلمەکە نەک برایانی وایچۆفسکی بەڵکو کابرایەکە کە دواتر نیئۆ لەگەڵی دیدار دەکات و بە نیئۆ دەڵێت: من ڤەداندەری ماتریکســـــم و تۆ بژاردەکراوی بۆ ئەوەی دونیا ڕزگار کەی، تۆ بانمرۆڤی، هەر وەکوو چۆن دەتوانیت بفڕیت دەتوانیت زۆر کاری ســـــەیرتر بکەیت، نیئۆش وەکوو مونجی پێی دەڵێ: دۆعا بکە جارێکیتر نەتبینمەوە چوونکوو عاقیبەتت باش نابێت. ئەم فیلمە هەڵگری باســـێکی زۆر و زەبەندە لە ڕەهەندگەلی ئۆنتۆلۆژییانە، ئاپۆکالیپس(ئاخرزەمان)، دەســــــەڵاتی تۆتالیترانەی میدیا و

"لە دیالۆگەکانی نێوان مۆرفیۆس و نیئۆ لە فیلمە سێیانەییەکانی ماتریکس"

***

لە ئێستاکەدا کوشتنی مرۆڤێک لە "وێنەیەک"دا زۆر کاریگەرترە لـە کوشـتنی ڕاستەقـیـنەی نـەتـەوەیەک لـە جـیهانی واقیعیدا.[7]

ماشــین واتە عەقڵی ئامرازیانەی جیهانی هاوچەرخ، میتافیزیک و ئوســتوورە، و...و من لە داهاتوودا و لە قەوارەی کتێبێکدا هەمووی دەخەمە ڕوو.

[7] (ڕســتەیەکی بەختیار عەلییە کە لە ئانوســاتی نووســینی ئەم وتارەدا هاوڕێیەکم بە کورتەنامە و بە فارسی و بە ئارەزووی! بۆی ناردم!)

## میدیای ئاسمانی وەکوو پرد و ناوکۆی مەعریفە

### (هەوڵێک بۆ پێناسەی چییەتی بوونی میدیا)

میدیا (media) لە ڕووی وشەناسییەوە واتای ناوکۆ و نێونجی دەگەیەنێت، واتە ئەو پرد و گەیەنەرەی کە لەگەڵیدا دەکەوینە پێوەندی یان لەگەڵماندا دەکەوێتە پێوەندی! لە هەموو سەردەم و مێژووی بوونی مرۆڤایەتی و گەشە و نەشە و هەروەها داڕووخان و نابوودی شارستانییەت و دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت لە شەڕە گچکە و مەزنەکانی مێژووشدا، هەمیشە "میدیا" بەشێکی سەرەکی لەو هاوکێشانە بووە کە هۆکاری بەدیهاتن و ڤەدانەرینی[٨] ئەم دیاردانە بووگن. بەم واتایە کە میدیا تەنها ئامێرێکی ئەمڕۆیی جیهانی دیجیتاڵ و ئەلیکترۆنی و تەکنۆلۆژیک نییە، بەڵکو ڕۆڵ و دەورێکە کە کەس یان دیاردە و تەنانەت شتێک لە فۆرمێکی پێگەییبیانەدا وەریدەگرێت یان بەسەریدا دەسەپێت، بۆ ئەوەی ئەرکێکی ناوکۆیی و "نێڤنج"ڤانانە[٩] بە مەبەستی گەیاندن و گەیەنەریی لە هاوکێشەیەکدا بگێڕێت. ئەگەرچی ئەم

---

[٨] ڤەدانەر بە واتای خالیق و خودا دێت و ڤەدانین، ئاوەڵناوی داهێنان و خەلیقەتییانەی ڤەدانەرە.

[٩] نێڤنج: مام ناوەند و پنتی ناوەڕاست و ناوین. ڤان: پاشگرێک کە واتای بکەری و کارایی دەگەیەنێت.

ڕوانگەیە کە ئێستا بۆ میدیا وەکوو بڵاوکراوە و ئامێری پێوەندی خەریکە ئەم باسە دەگێڕێتەوە خۆی بەرهەمی ڕۆژگار و شەوگاری[10]! دەسەڵات و گوتاری میدیاییە، بەڵام هاوکات پاش ڤەدیتنێکیشە بۆ ڕووداوەکانی پێش شۆڕشە پیشەیی و میدیاییەکان، واتە ئەم ڕوانگە شیکارییانەیە ڕەنگە تەنیا و تەنیا بەرهەمی جیهانی مودێرن و ئاڵۆزیی و پرسیار و یەقین و گومانەکانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە خۆئاگایی مرۆڤ وەکوو سووژە بێت، بەڵام ئەو ڕووداو و جیهانانەی کە مرۆڤیان بوون پێ بەخشیوە و هەبوونیان کردۆتە ملی! و بە گشتی مێژووەکەیان بیچم داوە، بەهۆ و هۆکاری میدیایی و نێونجڤانانە ڕسکاون. لە گێڕانەوەی تەورات[11] لە بەشی "ڤەداهاتن"دا کاتێک ڤەداندەر لە دائانینی ئاسمان، زەمین، ڕووناکی، تاریکی، فەلەکەکان و گیا و گۆڵ و ئاژەڵ و دڕندەکان و... دەبێتەوە، "ئادەم" بە شێوە و تەشکی خۆی و لە خاک دەخولقێنێت و لە باغی عەدەندا نیشتەجێی دەکات، پاش ماوەیەکی کورت ڤەداندەر بەو ئاکامە دەگات کە "باش نینە ئادەم تەنها بێتن، چاتر ڤایە هاڤدەم و هەڤیارێک ژ بۆ ڤی بهێنمە ڤەدیتن[12]" بۆیەش "حەوا"ی بۆ

[10] مۆدێرنیزم ڕۆژگاری ڕووناک و پرتیشـــکی زۆرە و لەبەر ئەوەش دەشـــێت شـــەوگاری نووتەک و ئەنگوستەچاوی زۆر بێت!

[11] کتێبی تەورات، بڵاوگەی ئەلیکترۆنی Www.zoon.ir بەشی ڤەداهاتن ل یەکەم.

[12] وا مەزەندە دەکەم ڤەداندەر بە زمانێکی تایبەتتر و دانســـقەتر لەو زمانەی "ئادەم" ئاخفیوە، بەڵام هەر نێزیکیش بووە لە زمانی وان!

داهانی. دواتر ڕۆڵی حەوا لە شکاندنی بڤە و کەوشەنێکی سامناک کە گێڕانەوەی جۆراوجۆر و دژوازی لێ کراوە و من ناپەرژێمە سەری، بەڵکوو دەمەوێت لە ژێرییەوە[13]! باسی هۆکارێکی نێونجی و میدیایی کە هاندەر و بزوێنەری حەوا بۆ کردە(گوناه-مەعریفە)کەی بوو، زەق کەمەوە. وەکوو تێڕوانینێکی مێتولۆژیکاڵ ئەو "مار"ەی کە پێوەندی حەوا و بە گوێرەی ئەوەش ئادەمی لەگەڵ داری مەعریفەت(گوناه)دا هەڵبەست، دەشێت لە پێگەی میدیا و ناوکۆیەکی ئاڵۆز و فرەرەهەند ڕاڤە و شرۆڤە بکرێت. هاوکێشەیەکی میدیایی دەبێت بە ئامادەبوونی لانیکەم دوولایەن کە ئەم(میدیا) لەنێوانیاندا دەبێتە نێونج و ڕایەڵ، بێتە ڤەدیهاتن. ڕوون و ئاشکرایە گەر ڤەداندەر حەوای دانەهێنابایە، ئەوا دەستنیشانکردنی فۆرمێکی میدیایی خوازەئامێز واتە(مار) نەکردە دەبوو، یان ئەگەر نەکردەش نەبایە پێکهاتێکی ناباوتر و چەندقات میتۆلۆژیکانەتری وەردەگرت، هەر بۆیە من لێرەدا میدیا وەکوو ئاڵقەی شەتەکدەری نێوان دوو بوونەوەری بە ئاوەز بە بوونەوە پێناسە دەکەم. واتە بە زمانێکی تر هاوکێشەیەکی دیالیکتیکی ڕایەڵکەی میدیایی پێکدێنێت کە بریتییە لە سۆبێکت، ئۆبێکت و ئەوەی کە لەنێوان ئەم دوو بووگە[14]دا پێگەی

---

[13] سەر و ژێر لێرەدا وەکوو دوو لایەنی سەرپەڕ و پڕکاکڵی هەر دیاردە و بابەتێک دەکام کردووە.

[14] "بووگ" هەر هەمان "بوو"ە بەڵام چوونکوو "بوو"، بۆ دەکارچوون لە پێگەی بکەر(فاعل)دا لاوازە، ئەوەش بە هۆی هاوشـــێوەیەکی تەواو کە لە شـــکڵی نووســـین و دەربڕیندا لەگەڵ "بوو" لە پێگەی کردە(فعل)دا هەیەتی، "بووگ"م هێناوەتە کار و لەبەر ئەوەی ئەم وشـەیەش لەو وشانەیە کە بوونێکی سرووشتی لەسەر

ناوەڕاست و نێونج و گەیەنەری هەیە و نێوی میدیایە. سوبێکت و ئۆبێکت لەم هاوکێشەیەدا ئاوا ڕەنگڕێژ دەبێت:

١- سوبێکتێک بە ناوی ئادەم کە ئوبێکتەکەی دەبێتە حەوا و دەوروبەری.

٢- سوبێکتێک بە نێوی حەوا کە ئوبێکتەکەی دەبێتە ئادەم و دەوروپشتی.

٣-سو/ئوبێکتێک[١٥] بە ناوی "مار" کە هەم ئوبێکتە بۆ گێڕانەوە و فامڕێژی ئەو دوو سووبێکتە لە خۆی و هەمیش سووبێکتە لە هەمبەر ناسینی هەوەس و حەزەکانی ئۆبێکتێکی تاقانەی جووت کە ئادەم و حەوا بن، تاکوو بە ناسینی ئەم حەزە حەوا فریوو بدات و ئادەم بهێنێتە بوون.

کەواتە ئێمە لەم هاوکێشە میتۆلۆژیکە کە دەیچەمکێنین لەگەڵ سێ ئوبێکت و سێ سووبێکت دەستەوە یەخەین کە بە کۆ دەبنە شەش گۆشە بۆ ئەستێرەیەکی شەیتانی[١٦] لەم چەشنەی خوارەوە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و


---

زمانی خەڵک و ئاخێوەری کوردیدا هەیە بە تایبەتی لە بن زاراوەی ئەردەڵانی و جافیدا بەکارهێنانی ڕەوایە.

[١٥] سو/ئوبێکتێک، واتی بوونی هاوکاتی شتێک لە دوو پێکهاتی "بوونناسانە"دا واتە هەم سووبێکت و هەمیش ئۆبێکت.

[١٦] ئەو ئەستێرە شەیتانییەی کە لێرەدا هاتووە تەنیا و تەنیا ئاماژەیە بۆ بەدیارکەوتنی فرە و پرتوێی لە بەرچاوانی ئێمە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوەیە، لە زۆر فیلمی سینەمایی و زنجیرە دراما دەرکەوتووە لەوانەش فیلمی ڤی بۆ تۆڵەسەندنەوە بە دەرهێنەری جەیمز مەک تیگۆ، بانسرووشت( Super natural)بەرهەمی کۆمەڵێک دەرهێنەر، گومانلێکراوە هەمیشەییەکان بە دەرهێنەری برایان سینگێر و...،

شەوگاری! سەدەی بیستویەکدا بە جاروبار  بینیومانە، هەر لە تی شێرتگەلێکەوە کە هەناردەی ئەفریقای ڕەش دەکرێت و هەم لەو زنجیرە درامایە سەرنج دز و هەست جۆشەدا کە هاوردە یان هەناردەی خۆرهەڵاتی سەوزە[17] دەکرێت:



-----------

گریمانە پێشوەختەکانی پشت "بوون"ی میدیا، مەعریفە و واتا بە هەموو ماناکانێتی. مەعریفە دەشێت لەم فۆرمەدا خاوەنی هیچ لایەنێکی ئایدۆلۆژیکی خاس یان خراپ نەبێت، دەشێت بە پێچەوانەشەوە بێت و هەڵگری مانا و

---

مەبەستم دروست کردنی پرسیارێک لە دڵی ئەو ئەستێرەیەیە کە بەپێی گێڕانەوەیەک دەڵێن بو ڕێوڕەسمی شەیتان پەرستی (Devil worship) لە ڕێگەی نیگارکردنی کۆمەڵێک پیت و پنتی کۆن لەسەر ئەو ئەستێرەیە، کەڵک وەردەگیرێت!

[17] بە پێی زانیارییەک کە چەند ساڵ پێش لە یاهوو مەسینجەر(Yahoo messenger)و چەت ڕوومەوە لە ڕێگەی کچێکی ئەمریکاییەوە دەستم کەوت، ڕەنگی سەوزەی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە لایانەوە زۆر ڕاکێشەر و سەرنجکێشە، هەر وەکوو چۆن ڕەنگی ڕەش لە سرووشت و جەستەی ئەفریقاییەکاندا شێوازێکیتری سەرنج ڕاکێشی بۆیان هەیە!

فامی چاکە و خراپەیی و ڕیسالەتی ئەخلاقی- سیاسی بێت. هەر چەندە هەنووکە باسکردنی نکووڵی و حاشا لە ئایدۆلۆژی شتێکی زۆر دەرهەستانە و لە شوێنانێکیشدا دژ بە عەقڵ و هزر دەوەستێت و بەرگری و پێداگری لە بۆچوونی نائایدۆلۆژیک بوونی هەر تێز، کەش و هەوا و دیاردەیەک خۆی لە دژوازی ناو هەرێمی ئایدۆلۆژیدا دەبینێتەوە، بۆیە لە دواجار ئایدۆلۆژیا وەکوو بابەتێکی ژیانەکی[١٨] و قەدەرییانەی لێدێت، ئەگەرچی بەدڵنیاییەوە مەرج نییە پێمل و ملکەچی بین. لە هەر فۆرمێکدا کە مەعریفە پێناسە بکرێت، پێوەندی ئۆنتۆلۆژییانەی بە مرۆڤ و کردە و بەرهەمەکانیەوە هەیە. هەر وەکوو تیشکم خستە سەری گەر لە ڕۆچنەی گێڕانەوەی تەورات بۆ "ڤەداهاتن" بڕوانین، دەشێت چەند پزیسک و دەرکەوتەیەک وەکوو وێنە و تەشکی شیمانەی میدیایی بۆ "میدیا" هەڵبهێنجین. گەر ئێمە وەکوو سوبێکتێک هێشتا لە قۆناغی ئاوێنەیی[١٩]دا بژین و بوونێکی خۆگرتوو و سەربەخۆمان تێدا نەگۆڕا بێت، ئەو کات ڕووداوێکی نێونجی لە پێگە و بەناوی میدیا دەتوانێت ئێمە لە چوارچێوەی واقیعی خەیاڵیی ئاوێنە ڕاپسکێنێت و بەرەو خەیاڵکردنی ناکۆتای ڕووبەری هێمایین[٢٠] پەلکێشمان کات. واتە سوبێکت و ئۆبێکتێک لە

[١٨] ژیانەکی: حیاتی

[١٩] و ٢٠لە ڕوانینی فەیلەسووفی دەروونشیکاری فەرانسەوییەوە سێ قۆناغ لە گەشە و باڵاکردنی منداڵدا هەیە، قۆناغی ڕیاڵ، ئاوێنەیی و هێمایین و قۆناغی ڕیاڵ ئەو وێستگەیەیە کە منداڵ خۆی و هیچ کەس و هیچ شتیتر لەیەک جودا ناکاتەوە هەر بۆیەش دەست و دەم بۆ و بەرەو مار و ئاگر و...دەبات، پاشان

فیردەوسدا بەوپەڕی فانتازیا و ڕەهابوونەوە[٢١] دەژین، ئەوەی کە لە پێگەی میدیا پێوەندی بە حەواوە دەکات، ناوی مار بێت و لە جلکی شەیتان یان بە پێچەوانەوە هاتبێتە نێو کایەی وجوودەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە وا سوبێکتی سەرەکی و بکەری ڕەسەنی مەعریفی ناو گێڕانەوەکە "حەوا" بێت، هەر چەندە لە پێگە و فۆرمێکی تردا ئادەم سوبێکتە لە هەمبەر حەوا و حەواش سوبێکتە لە هەمبەر ئادەم و بەم پێیە هەر دووکیشیان ئۆبێکتن بۆ یەکدی! تا ئێرە، مادام ڕەشەبا نییە ژیان باشە[٢٢]! کە حەوا دەکەوێتە گەڕان و پشکنین، ڕەشەبا و ڕەشە"حەوا" کە هات، حەوا شوێن پێی هەواکانی خۆی بە چاوساغی و میدیایی ناوکۆ یان بە ناوکۆیی میدیایەک دەگرێت، سەری لە "مار" دەتەقێت و ئەو میدیایە هەندێک هەواڵی تازە و هەوەس بزوێن و چڵێس

قۆناغی ئاوێنەییە کە مرۆڤ کۆی جەستە و بوونی خۆی وەکوو ئەوەی لە ئاوێنەدا بیبینێت، دەبینێتەوە و جوداوازی و جیاوازی خۆی کەشــف دەکات، پاشــان قۆناغی هێماییینە کە مانا و هێماکان وەردەگرێت و وردەوردە فێری بنەما و یاسا و ڕێساکان دەبێت و دەبێت بە بوونەوەرێکی ئاخێوەر. لەم ئاماژەیەم بو ئەم تیۆرەیەی لاکان کایەیەکی زمانیم لەنێوان (ڕیاڵ)واقیعی، خەیاڵی، ئاوێنەیی، هێماییندا ســــازاندووە و مەبەستیشم پێوەندی نەپساوە و زنجیرەیی ئەم قۆناغ و چەمکانەیە، هەڵبەت سەرەڕای چەند مەبەستێکی تر!

[٢١] ڕەهابوون لێرە بە دوو واتای "ئازادبوون" و "موتڵەق بوون" هێناومە، چونکوو لە دۆخێکی ئایدیاڵ و نموونەیی فانتازیدا سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو یەکێکن و کۆبوونەوەیان نەکردە نییە، بەڵکوو هەر مانا و دژە مانایەکی دیش دەتوانن هەڵبگرن، بۆ فامی ئەم شــــێوازە چاو لە کتێبی"جهان متن"(گفتگو با پل ڕیکور) وەرگێڕانی بابەک ئەحمەدی بکەن.

[٢٢] دێڕێکی مامۆستا شێرکۆ بێکەسە لە ڕۆمانە شیعری "کورسی".

ئامێزی پێ ڕادەگەیەنێت و دەکیفێنێت[٢٣]: "لەو دارە بخۆ کە لێی لۆمە کراوی، لەو بەرە بچێژە کە خوداییە نیگاری"، حەوا لە ڕێگەی ئەم میدیایەوە بەر و میوەی دارێک دەخوات کە ئایدۆلۆژییە جۆراوجۆرە دینی و غەیرە دینییەکان ئاکامەکەی بە مەعریفە، گوناە، تاوان، کارەسات و... ناودێر دەکەن. میدیای نوێ(مار) بەم هەوڵە تازە و کوشندە و ژیاندەرانەیەی! جاڕی دا و بانگەوازی ئەوەی کرد کە من هەواڵ و ئامۆژگاری میدیایەکی کەونینەتر و لەمێژینەتر و تۆتالیتاری لە پێگەی "ڤەداندەر" بە درۆ دەخەمەوە و ڕەتی دەکەمەوە. واتە ئێمە پێشتر لە پێوەندی وجوودییانەی ئادەمدا میدیایەکمان هەبووە بە ناوی ڤەداندەر کە کۆمەڵێک هەواڵ و ئامۆژگاری لە فۆرمی "دەبێت و نەبێت"ی پێ ڕاگەیاندوون. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا داکۆکی دەکەم لەسەر میدیای "مار" واتە میدیایەک کە شاکلیل و نەخشەڕێگای بوون بوو، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەرکەوتنی ئەو، هۆکاری تەواوکەری بوونی ڕاستەقینە و ڕەسەنی مرۆڤ بوو، هەر پاش ئەوەش بوو کە ململانێ و حانەحەپەشەی میدیایی لە "سەر"زەمین و "ژێر"زەمین بەرێککەوت و تا هەنووکەش درێژەی هەیە. ئەگەرچی تەنانەت هەنووکەش ئێمە لە خوێندنەوەی لایەن و لاجانگە[٢٤] جۆربەجۆرەکانی ئەم گێڕانەوەیەدا هێشتا بۆمان ڕوون نەبێت کە ئایا "مار" یان "میدیا" خەیاڵ و

[٢٣] کیفاندن بۆ دەنگ و خشە و... مار دەکار دەکرێ، وەکوو چۆن قەسپاندن بۆ کەو و چریکاندن بۆ بولبول و سەڕاندن بۆ کەر!

[٢٤] لاجانگ: نیوەیەک لە دەموچا و لەتێک لە ڕوخسار کە جوانکیلەیی و ساف و لووسیی پێوە نووساوە!

وەهمێکی هەناوی سوبێکتێک(حەوا) بوو یان واقیعێکی هێماییین کە سوبێکت(حەوا) و ئوبێکت(ئادەم)ی لە قۆناغی ئاوێنەیی دەربازکرد و ئاوێنەیەکی لەت لەت کراوی لەهەمبەر حەقیقەتێکی هەلاهەلا کراودا بۆ دانایین، بەڵام ئەوەی کە ڕوونە نێونجڤان و تەتەرێک بە ناوی میدیا و لە فۆرمێکی خوازەیی(مار، ڤەداندەر، شەیتان، وەهمی سوبێکتانەی حەوا، پەرچەکرداری ئۆبێکتانەی حەوا و...) بووەتە هۆی خستنە بن گۆمی بەردێکەوە لە ئاسمانەوە بەرەو زەریای وجوود، کە هەنووکەش لێی ڕادەمێنین کە لەبن گۆم ڕابمینێت یان دەری بهێنین؟ لەوەش گرینگتر ئایا هیچ کام لەوانەشمان پێ دەکرێ کە خەریکین پرسیاری پێهەستانی بۆ دەکەین؟!

تا ئەم چرکەساتەی گێڕانەوەکە بوون و بووگەکان و داهاتنیان لە ئاسمانی عەدەمەوە بەرەو زەمین، بۆ ئێمە پێدراو و هەڵهێنجراوێکی واتایی ڕەها و یەکلایی کەرەوەی نەبووە و هەر ئەمەشە وا دەکات کە ئەو چرکەساتە لە بوون و داهاتنی مەعریفەتی گوناه و گوناهی مەعریفەت، قەت قەت لە کەشێکی ئایدۆلۆژیک و ڕەهابار[٢٥]دا نەژی و نەمێنێتەوە، تا هەنووکە ئێمە ئەم سیحر و ڕازەی بوونمان هەم پێ باشە هەم پێ خراپ، هەم گوناهە هەم مەعریفەت، هەم مەرگە و هەمیش ژیان و... لەم سۆنگەیەوە میدیاش هەر وەها واتایەک وەردەگرێت یانی نە گوناهکارە و نە گوناهباریش نییە، نەک

[٢٥] ڕەهابار: واتە سیخناخ و لێوڕێژ لە ڕەهابوون و موتڵەق خوازی وەکوو خەفەتبار، خەمبار.

ئەرێنی و نە نەرێنیش، بنەمای ئەم خوێندنەوە و هەڵگۆستە لەو گێڕانەوەیەی تەورات لە سیفری ڤەداهاتن لەسەر فرەحەقیقەتی و فرەواتایی هەڵنیشتووە و هەوڵ دەدات خۆی لە هەر جۆرە سێبەر و تارماییەکی ئایدۆلۆژیکی بپارێزێت و دەرباز کات یان لانیکەم لە دەست ئەو تاپۆ و تارماییە هەڵێت و نیچەییانە ئاوارەییەکی ژیانبێزی[٢٦] پڕواتا بە ڕێبەری و چاوساغی سێبەر و سێبەرەکانی خۆی، بکات بە ماڵ و لانکەی عەودالی و بێ ماڵ و حاڵیی خۆی. تا ئێرە میدیا "پێویستی و دەبێت"[٢٧]ێکی ئانتۆلۆژیکاڵ بووە بۆ ڤەداهاتنی مرۆڤ وەکوو سوبێکت، وەکوو لەوێندەرێ بوون(دازاین)، وەکوو سووژەی ماشینیی عازەویانەی ***دۆلوزی-گواتاری***[٢٨] و...

میدیا تا لە ئاسمانی یەکەمەوە بوو بەشێک بوو لە بوون و وجوودی "من"ێکی گشتی لە قەوارەی باوا ئادەم و داوا حەوا!دا، لەو بەرزانەی ئاسمانەوە کە

---

[٢٦] ئەو ئاوارەگی و ماڵ بەکۆلییەی کە نیچە لە کتێبی "ئاوارە و سێبەرەکەی"دا بە مەبەستی ڕەهانەبوون و ئازادبوون دەیگرێتە بەر و "ژیان"ی بە واتا چەسپاو و دەستوور و ڕێساکەی ڕەت دەکاتەوە و بێزی لێ دێتەوە.

[٢٧] پێویستی: زەروورەت، دەبێت:باید، دەبێتێک: بایدی.

[٢٨] سووژەی ماشینی عازەوییانەی ژیل دۆلوز و فیلیکس گواتاری لە چەقی داو و کەمەندی ماشینیزم و کاراکتەرگەلی ماشینیانە و هەست لێکدژەکانیدا شوناسی خۆی دەبینێتەوە، بۆ زانیاری زۆرتر بڕواننە گۆڤاری "نویسا"،ژمارە ٣، پاییزی ١٣٨٣ل ٢٩وتاری "ماشین عزب" ڕونالد بوگ، وەرگێڕانی شەهریار وەقفی پوور.

دابەزی میدیا بەناو مێژوویەکی بەردەڵان و کاروانسەرای ترس و بیم، بەناو مردنێکی چڕدا و بە ناو زنجیرە دۆزەخ و گەلیی خوێندا تێپەڕی بەڵام لەو سەرەوە وەک هەتاوێکی کاکۆڵ سوور نەهاتە دەرێ بەڵکوو لە چەشنی چوارگۆشەیەکی فرەرەنگ و فرەدەنگ بە هەندێک تیشکی هەتاو و سێ تەڵ لە قژی ئازادی بەرەو ڕوومان تەقییەوە و بەرۆکمانی گرت[٢٩]... و بوو بە چوارگۆشەیەکی شووشەیی پڕ تیشک کە پڕە لە بازنەی خۆرەتاویی!ەوە چڵ و ترۆپکی میدیا واتە تەلەڤیزیۆن (Television)بوو.

بەرئەنجام و خاڵێکی دووفاقییانە و دژوازی ئەم باسە ئەوەیە کە میدیا ئانوسات دوو دەرکەوتە و ئەرکی لێکدژ و پێچەوانەی لێ دەوەشێتەوە، میدیایەک پیرۆزی دەشکێنێت، میدیایەک پیرۆزی ڕۆ دەنێت و دەیپارێزێت؛ میدیا بە واسازیی و شکاندنی پیرۆزایی ئەویدی، قودسییەت و پیرۆزایی خۆی ڕۆ دەنێت! بە واسازیی پیرۆزایی خودی ئەویدی، پیرۆزایی خودی خۆی ڕۆدەنێت! هەموو ئەمەش لە ڕێگە پاراستن یان شکاندنی ڕووبەرێک کە سایەوان و پارێزەری قودسییەتە دەکات واتە"مەودا" و فاسیلە. مەودا واتە دوور و نێزیکی ئێمە لە چەقی پیرۆز و کابە(کعبە)ی قودسی دیاریکەی وێنا و تێڕوانینی ئێمەشە بۆ قودسییەت و پیرۆزایی. مەودا و حەریمی من کە

[٢٩] ئەمە چەن دێڕێکە لە قەسیدەیەکی شێرکۆ بێکەسە بۆ شەهید هەڵەدنی.

لەگەڵ شتێک دەشکێ ئیدی ئەو شتە بۆ من دێـتە ئاستی پێناسە و مەعریفە و تیۆراندن و واتا و ئەمە لە خەرمانە و شەبەنگی سەری بابەتی قودسی کەم دەکاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە هەر چەندە "مەودا" و "حەریم" و ئەرزی حەراماوی فرە بێت، تیشک و شەوق و پرشەی چەقی پیرۆز ئەفسوون و سیحرمان دەکات و ئیماندار و بێ ئیمانمان بۆ لەیەکدی جوێ دەکاتەوە! میدیا ئەو هێزەیە کە هەر دووی ئەم حاڵەتانە بەپێی هێز و توانست و ئارەزووی خۆی دێنێت و دەبات! دروستی دەکات و دەیڕووخێنێت! قودسییەت گرێژەنە و جومگەی سووڕانی میدیایە. کە من لە درێژەدا لە ژێر تێڕوانینی ***واڵتەر بنیامین***، فەیلەسووفی ئاڵمانی ئەم هاوپرسەکی و هەڤ پێوەندییە، دەگێڕمەوە.

## داکەوتن لە ئاسمانەوە و هەستانەوەی پێغەمبەرە[30] ئاسمانییەکان لە زەمین و ڕوخساری نوێی میدیا

**"١٢٤هەزار هەوڵ و هەواڵی میدیایی بۆ پاراستنی پیرۆزیی ڤەداندەر لە ئاسمان و لە زەمین"**

ئەو ساتەی کە میدیایەکی مارشێوە و درێژکۆڵ و ڕایەڵ شکڵ[31] پێوەندیی ئادەمی لەگەڵ ڤەداندەر و سەرچاوەی پیرۆز ڕووشاند و هاوکێشەیەکی دژەباوی لە پێوەندیان بە بوونەوە هێنایە ئاراوە، بەهۆی شکانی حەریم و میحرابی ئەو قودسییەتەوە دەبوایە سزایەک جێبەجێ بکرایە تاکوو بە شێوازێک شکۆ و شان و حورمەتی ئەو چەقە پیرۆزە بگەڕێتەوە یان ئەوەش نا، بەڵکو بە ئاراستەیەکی دیکەی پیرۆزاندندا، تاکوو چەقی پیرۆز بەم سزادانەی تێمانگەیەنێت و پەیام و هەواڵی ئەوەمان پێ ڕاگەیەنێت کە: من پیرۆزترینم، من ڤەداندەری تۆم و هەموو کائینات و.... واتە هەر هەمان وانە کە لە بوولێڵ و سپێدەی خەلیقەتدا هەوڵی دابوو بە ئادەم ڕابگەیەنێت و لە هەناویدا ڕۆی بنێت، بەڵام ڕووداوەکان و ئەو ژیانەی ئادەم بە ئاراستەیەکی تردا

---

[30] پێغەمبەر: پێغام بەر: پێغەم: هەواڵ بەر.

[31] گوریس و پەت قەوارە.

ڕۆشتن، ئەگەرچی وا داهات و وەهاش داکەوت! بەڵام ڤەداندەر دوای ئەوەش هەر ئادەمی بەتەنها نەهێشتەوە و لە ڕێگە و شێوەگەلی زۆر و لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا هەناردە و گەیەنەری جۆراوجۆری بە هەواڵ و پەیامگەلێکی زۆرەوە ئاراستەی دەکرد. پێوەندی خودا لەگەڵ ئادەمی سەرزەوی هەر هەمان شکڵ و ئاستی پێوەندی نەبوو کە لە ئاسمان. ئەو پێوەندی بە ئادەم ئان ئادەمەکانی سەر زەوی لە ڕێگەی گەیەنەر و میدیایەک بە ناوی جوبرەئیل یان گابرییەل بوو. ئەو کە هەواڵەکانی خوای دەگوازتەوە بۆ زەمین و مرۆڤ، لە قەوارە و تەشکێکی ڕووناک و خەملێندراو بە خەرمانەیەکی زیوینی مانگ دەردەکەوت و هەردەم هەواڵێکی ناوازە و پەرجوویەکی تایبەتی پێ بوو، زۆربەی کات دەنگدانەوەی دەنگی بیرەوەری قودسییەت و چەقی پیرۆزی بە یادەوەریماندا دەدا. جوبرەئیلی موقەڕەب بەتایبەتی لە ساتانێکدا بەدیار دەکەوت کە هەواڵێکی زۆر گرینگ و چارەنوسساز و یەکلایی کەرەوەی پێ بایە. ئەوەمان لەبیر بێت کە مەودایەک کە میدیا لەنێوان دوو جەمسەردا پڕی دەکاتەوە و ئەو پلەی نێونجی و ناوکۆیەی کە میدیا وەری دەگرێت بۆ پاراستنی ئەفسوون و پیرۆزیی جەمسەر و لایەنی پشت میدیایە واتە لە هیچ کام لە گێڕانەوە و بەسەرهات و کتێب(میدیا) ئاییینییەکاندا ڤەداندەر هیچ کات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی دەرنەخستووە و هەمیشە فریشتەی وەحی یان جوبرەئیل ئەو ئەرکەی جێبەجێ کردووە و بەم حاڵەتەش ئەمەی گەیاندۆتە مرۆڤ کە هەمیشە سنوورێک و کەوشەنێکی قودسی و نەبەزاوە

هەیە کە تایبەتە بە زاتی پیرۆز و جەوهەری ڤەداندەرانەی. دەرکەوتنی جوبرەئیل خۆی لە خۆیدا هێمای توانای پەرجووییانەی ئەو بووە و، تەنها لە ڕێگەی بەدیار کەوتنی ئەم مەلەکەی وەحییەوە مرۆڤ کەوتۆتە بەر تیشکی پرشنگدار و تیژی ئەفسوون و مەحووبوونەوە. ئەم حاڵەتە لەو ساتانەی کە پێویست بووە فریشتەی وەحی هەواڵی موعجیزەیەک ڕابگەیەنێت چەندقات و چەندپات بۆتەوە. لەم فۆرمەدا ئێمە چاوەدێری گوازتنەوەی پاژێک لە ئامێر و جەوهەری میدیایی لە ئاسمانەوە بۆ زەمین هەین. کاتێک جوبرەئیل بە موسا دەڵێت: گۆچانەکەت دانە و فرمانی پێ بکە کە چیت بۆ بکات، لەخۆیدا گۆچانەکە هەڵگری پەیامێکی زۆر ڕاستەقینە و خەیاڵئامێز دەبێت بۆ مرۆڤانی چاوەدێر و شایەتحاڵی ئەو سات وکات و ڕووداوانە، یان کاتێک میدیایەک لە چەشنی کتێبێکی ناوازە و تاقانە بە ناوی "قورئان" دادێتە خوارەوە ئیدی ئەرکە میدیاییەکەی ئاسمان لە ئاست ئادەمی سەر زەویدا دەگاتە چڵەپۆپ و ئەوپەڕی خۆی و بەتەواو بوونی چرِوپرِی ئەو کتێبە و داکۆکی لەسەر ئەوەی کە "حەزرەتی" ***موحەمەد*** (واتە ئەو کەسەی یەکەمجار تیشکی میدیاکەی بەرکەوت)، دوا پێغەمبەر و هەواڵدەری خودا و ئاسمانە لەسەر زەوی و ئێدی دوای ئەو پێغەمبەریتر نایەت و دانابەزێت! لە قەوارەی میدیایەکی ئاوەها بەهێز ئێدی ڕۆڵی جوبرەییل و ئەو ناوکۆییەی نێوان ئاسمان و زەمین دەسپێردرێتە کتێبی قورئان و خۆینەران و پەیامهەڵگران و پەیامنێرانی! ئالێرەدایە ئێمە بە زەقی ئەرکی پیرۆزاندنی میدیامان بۆ

جەمسەرە داهێنەرەکەی بۆ دەردەکەوێت و لە هەمان حاڵیشدا بۆمان دەردەکەوێت کە پێوەندی ئاسمان و زەمین دوای دابەزاندنی ئادەم لە ئاسمان بۆ زەمین، هەر هەڵپێکراو و ئامادە بووە. لە فیلمێکدا کە لە کۆمەڵگای ئێرانی بە ناوی (موحەمەد ڕەسول ﷺ) ناودار بووە، بەڵام لە بنەمادا ناوی فیلمەکە پەیام یان (The message)ە و دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکەی ***موستەفا ئاکادە***، هەر ڕۆڵی هەواڵدەری و پەیامهێنی ئاسمان بۆ زەمینمان بە باشی بۆ دەردەکەوێت، تەنانەت ناوی فیلمەکەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەم تێڕوانینە. لەو فیلمەدا کە زۆرێک لە ڕێکخراو و ڕەوت و کۆمەڵە دینییەکانی دنیا لەوانەش زانکۆی ئەلئەزهەری میسر، توێژەرانی مێژووی ئیسلام و ئەنجوومەنی شیعەکانی لوبنانیش لەسەر درووستی و واقیع خوازیدا کۆک و هاودەنگن، بە شێوەیەکی کۆییش قبووڵی ئەم خاڵەیان کردووە کە نومایش دان و پیشاندانی وێنەیەک لە پێغەمبەر بەلاوە بنرێ، چوونکوو ئەمە دەبێتە هۆی دابەزاندنی ئاستی مەعنەوییەت و ئاسمانی بوونی پەیامەکەی، بۆیە لەو فیلمەدا وێنەیەک لە حەزرەتی موحەمەد پیشان نادرێت، بەڵکو لە هەندێک شوێندا ئێمە گۆچانێک دەبینین کە دەجووڵێتەوە، بە تایبەتی لەو شوێنەی کە موسوڵمانان مەککە دەگرن و دێنە ناوی کابە(کعبە)، لەوێدا ئێمە گۆچانێک دەبینین کە لە پێشەوەی کامێراکە دەجووڵێتەوە و بە هۆی پاراستنی پیرۆزییەکەیەوە هیچ وێنا و وێنەیەک دەکار نەکراوە، کاتێک ئەم گۆچانە دوای گرتنی مەککە و موسوڵمان بوونیان دەجووڵێتەوە و بەرەو پێشەوەی کامێرا دەچێت و کامێراکە

بەدوای خۆیدا ڕاکێش دەکات، دەچێتە ناوی ماڵی خودا یان خانەی کابەوە و لەوێندەرێ یەک بە یەکی بوتەکان(لات، عیزە و...) دەتلێنێتەوە و وردوخاشیان دەکات و پیرۆزاییان پووچەڵ دەکاتەوە. لێرەدا لایەنی دووفاق و دژوازی میدیایی دەردەکەوێت واتە پیرۆزاندنی لایەن و جەمسەرێک لە سەر بنەمای شکاندن و دافرەقانی[٣٢] جەمسەر و ڕووگەیەکیتر و ئەمەش هەم لە هەڵسوکەوت و کرداری ئەکتەراندا بەدیار دەکەوێت و هەمیش لە نێوی فیلمەکەدا ئاماژە ڕوون و ئاشکراکەی دەبینرێت، پیرۆزی پەیامێک لەسەر کۆڵەکەی ناپیرۆزی و دژەپیرۆزی پەیامێکی تر! لەسەر بنەمای ئەم گێڕانەوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە میدیاکان هەمیشە ڕۆڵی پیرۆزاندن و تەقدیس کردنی لایەن یان جەمسەر و ڕووگەیەکیان هەبووە، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی پێوەندی ئاسمان و زەمین لەم چەشنە میدیایی و جوبرەئیلییە دۆخەکە بەرەو کەشوهەوا و ئاراستەیەکی دیکە ڕۆشت و ئەو ڕۆڵە جەوهەرییەی میدیا کە لە پێگەی یەکەم بکەری میدیایی ئەرکەکەی پیرۆزاندن و بڤەئافرێنی بوو هێورهێور بەراوەژوو و پێچەوانە بۆوە و میدیا لە زەمیندا ڕۆڵێکی دژە قودسی و پیرۆزشکێنی وەرگرت بەڵام لە دواجاریشدا قەت نەیتوانی لە پێگە و دەوری پیرۆزاندن بە تەواوەتی خۆی قوتار بکات، تەنانەت ئەگەر تاقە جەمسەر و

---

[٣٢] دافرەقان: ورد و خاش بوون

دواروگەی پیرۆزیشی بۆخۆی و جەوهەری میدیایانەی خۆی پێناسە کردبێت. ئەم دەورە دژئامێز و دژوازەی میدیا ڕەنگە بشێت لە قەوارەی لێکدانەوەی چەمکێکی بنەڕەتی ***دێریدا***یی کە پەیوەست و هەڵپێکراو بەم دۆخە دووفاقە لێکدژە و هەروەها جەوهەری پراکتیک و جێبەجێکردنی ئەم ئەرک و ڕۆڵە دژوازەشە واتە چەمکی (deconstruction) لێک بدەمەوە. یەکەمجار لە زمانی فارسیدا وەرگێڕی دەقە فەلسەفییەکان واتای "ساختارشکنی"یان بۆ دانا دوای ماوەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارکرد و دانیشتنەنێوان دەقی و پێکهاتی و فۆرمییە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەمکە لە دەقە جیاوازەکاندا بۆیان دەرکەوت کە ئەو ساختارشکنی یان پێکهات شکێنییە تەنها لایەنێکی وشە و چەمکەکەی گواستۆتەوە و لە بنەما و واقیعی کارکردەکانی ئەم چەمکە دەردەکەوێت کە لە هەر پێکهات شکێنییەک کە لە سۆنگەی ئەم تێڕوانینەوە دێتە ئاراوە، پێکهات دانەری و پێکهات ڕۆنەرییەکیش هاوکات ئامادەیە و درووست دەبێت، واتە هەر پێکهات شکێنییەک کە ڕوو دەدات هەر لە ئانوسات و هاوکاتی ڕوودانیدا پێکهاتێکی دیکە دادەهێننێت و دەیسازێنێت، بۆیە لە زمانی فارسیدا "بنیادفکنی"یان بۆ دانا واتە پاشگری "فکن" هەم بە واتای شکاندن دێت و هەم بە مانای "رۆناندن" و ئەمە ڕۆڵی لێکدژ و دووفاقییانەی ئەم چەمکەی پێکا، هەر چەند دواتر "واسازی"یشیان بۆ دانا کە هەر بە واتای "بونیادفکنی" دێت. میدیاش لە ئاوەها تایبەتمەندییەک پێڕەوی دەکات واتە لەگەڵ هەر شکاندنێکی پیرۆزیی و بقەسرپنەوە و قودسی

کوژییەکدا پیرۆزسازی و موقەدەس ئافرێنییەک دێنێتە کایەوە، ئەگەرچی خوازراو و حەزلێکراوی خۆیشی نەبێت. ئەم حاڵەتە لە قۆناغ و ساتە جیاوازەکاندا هەمیشە بەم شێوەیە نابێت و ڕەنگە فۆرمگەل و ئەرکگەلێک لە ئیش و سووڕانی خۆیدا ببینێتەوە کە بەم گێڕانەوە و چەمکانە نەهێتە ڕاڤە و شرۆڤە و هەڵسەنگاندن. لەم قۆناغەی کارکردنی میدیاوە هەمیشە چەقێک بەدی دەکەین و دەیبینینەوە ئەگەر تەنانەت ئەو چەقەش خودی سیستەم و فۆرمی کارکردن و سووڕانی خۆی بێت واتە بەرگری لەو پلان و نەخشەیەی کە لە ڕووبەریدا هەواڵ و زانیاری دەبەشێتەوە و بیچم و قەوارە کولتووری و مرۆییەکان پێک دەنێت.

## ئاسمان وەکوو بەرینترین هەواڵنێر و پەیامهێنی وجوودی

"تاقانە مەودا و میدیای نێوان ئاسمان و زەمین جوبرەئیلە، ئەگەر مۆدێرنیتە ئەوی کوشتبێت ڕووبەری قودسی چارەنووسی چۆن دەبێت؟"

هەر وەکوو دەزانین و بەجارەهاش بیستوومانە و درکاندووشمانە ١٢٤هەزار پێغەمبەر بۆ مرۆڤ هاتوون کە هار کامەیەن لە سەردەم و قۆناغی تایبەت بە خۆیەوە و هەر کامەشیان بە پەرجووی تایبەت بە خۆیەوە و بۆ کۆمەڵگای تایبەت بە خۆیشییەوە. ئەم ژمارەیە لە هەواڵهێنان دیسان سەلمێنەری

هاوکێشەی میدیا، بڤاندن و بڤەشکاندنە. هێز و توانستی مەزنی جەمسەری پیرۆزی میدیا لە پاراستن و ڕۆنانی ئەو مەودا و سنوورەیە لەنێوان هەواڵنێر و هەواڵگردا دەیپارێزێت. لە ژێر تیشکی ڕوانینی ***واڵتەر بنیامین*** بۆ چەمکی ئەفسوون[٣٣] (Aura) هەر چەندە مەودا و کەوشەنی نێوان ئەم دوو لایەنە زۆرتر بێت، شەبەنگ و خەرمانەی قودسی و پیرۆزیش خەستتر و تۆختر دەردەکەوێت. لە هەموو ئەو هاوکێشە میدیایی و ژمارە زۆر و زەبەندەی هەواڵ و پێغەم (پەیغام/پێغەم بەر)ەدا یەک شت بە ناوی "مەودا"، "حەریم"[٣٤] و... ئامادە بووە بە مەبەستی پیرۆزاندنێک کە هەر لە ئان و ساتی لەکیس دان و پووچەڵبوونەوەی ئەو مەودا و حەریمە پیرۆزی دەپڕووزێت و وەبەر بابردەڵەیی هێزی "با" دەکەوێت. تا ئێرە کە ئاسمان و زەمین لە هەڵپێکراوی و گرێدراوییە ئەزەلییەکەیان نەبوونەتەوە میدیا بەو پاراستنەی مەودا، مەبەست و ئامانجە پێکراو و سەرەکییەکەی پیرۆزاندن بووە، بەڵام دوای ئاخەرین پەیام و پێغەمبەر هاوکێشە میدیاییەکان و ئامانجە میدیاییەکان ئاراستەیەکی تریان وەرگرت،

---

[٣٣] بڕواننە کتێبی "دنیای شتە بچووکەکان"، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، نووسینی ڕێبوار سیوەیلی ساڵی١٩٩٩، وتاری وردەمێژوو ل١٩١

[٣٤] حەریم یەکێک لەو وشانەیە کە بە ئەندازەی "مەودا" کە کلیل وشەیە گرینگ و تایبەتە، لە فەرهەنگە فارسییەکاندا لەبارەی واتای حەریمەوە وا هاتووە: حەریم ئەو شوێن و خاڵەی کە سنوور و دەروازەی نێوان دوو دنیان، دنیای ئێمەی مرۆڤ و دنیای ئەوانی جنۆکە و لە خۆمان سەرتر، حەریم ئەو کەوشەن و کەورگ(ئەشکەوتی تەنگ) و کونارۆچکەیە(کونایەکی بچووک بۆ تیشک و ڕووناکایی کە زۆرتر لە سەرو ئەو شوێن یان ژوورەی ماڵان لە دێهات دا نانیان تێدا دەکرد، دەکرا) کە حەرام و بڤە کراوە، گەر کەسی بچێتە نێو "مەودا"ی حەریمەوە بە ساغی و باویی ناگەڕێتەوە و "دەستی بە زەبری لێ دەوەشێنرێت".

مەودا تاقانە شتێک بووە کە دەکەوتە بەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی تەکنەلۆژیا و میدیا تەکنۆلۆژیی و دیجیتاڵییەکان کە لە درێژەدا بەقەبارە و باڵای ئەم نووسینە دەپەرژێمە سەری.

## درێژەی ئەفسوون (Aura)ە ئاسمانییەکان لە میدیای زەمینی و چەند چیرۆکێک

### لە ڤەداندەرەوە بۆ میر، پاشا، سەرۆک، ڕێبەر، تۆتالیتەر، دیکتاتۆر!

پاش دوا پەیامی ئاسمان، "مەودا"میدیاییەکان لە زەمین چۆن دەپارێزرێن و بەرئەنجامەکەی کامەیە؟ پاش ڤەداهاتنی لە ئاسمان لە سەردەمێکدا کە مرۆڤ، لە ڕەوەندیی و کۆچەریی کەوت و بەهۆی ئاوە زۆر و زەبەندەکان و زەوینە پڕ پیت و هەراوەکان لە ڕۆخی ڕووبارەکان لای دا و هەواری ژیان و مانەوەی هەڵدا یەکەم کۆڵەکەی پێکهاتی دەسەڵاتیش هاوشانی ئەو خۆگری و جێگرییە چێندرا! لە ڕۆژهەڵاتی منەوە[٣٥] دوای ئەوەی کە باپیرانم لە گوێی ئەو ئاوانە بەیداخی ژیانی یەکجێ نشینییان هەڵکرد، و تافەی ئەو ئاوە

[٣٥] مەبەستم منێکی تاکەکەسی نییە بەڵکوو ئاماژەم بە منێکی کۆییە کە ئاست و ڕووبەرێک لە "من" دەگرێتەوە.

ژیاندەر و شەهوەت بزوێنەیان بینی و پیت و فەڕی ئەو هەموو زەوییە هەراوەیان دیتەوە، سوورتر بوون لەو ژیانەیان و بگرە سەوزیش و زەردیش![٣٦] ماوەیەک بە سەر تەمەنی ژین و ژیان لەگەڵ ئاو و خاکی پیرۆز تێدەپەڕێت، باخان وەبەر دێن و گوڵان دەڕوێن، زاوزێ گەشە دەکات، ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتەجێ بووگ بەرەو زۆریی دەکشێن، هەر دەکشێن و دەکشێن تاکوو بەسەر پانتا و ڕووبەری ئەستوونی و ئاسۆیی زەوی و هەروەها ئاودا زاڵ دەبن! کەوای لێهات ئامیانی ژیان واتە "ئاو"، مایەی زاوزێی باخان و زەماوەندی گوڵان لە کەمی دەگەڕێت و ئەندامانی کۆمەڵەکە لەسەر ئاو بەشەڕ دێن، "ئاو" هەڵیان ناکات بۆیە بڕیار نەدرا بە کۆی دەنگ چارەنووسی ئاو بۆ خۆیان و باخان و گوڵانیان دیاری بکەن، بەڵکو بڕیاریان دا یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵ بکرێت بە "میری ئاو" یان "میرئاو"! پاش ئەم هەڵبژاردنە ئازادەی! سەردەمی کۆنی ڕۆژهەڵاتی من" میرئاو" وەکوو دەسەڵات، کە هێزی خۆی لە وزە و توانستی ژیاندەر و مەرگدەریی ئاوێک دەگرێت کە سەرۆک و سەرداریێتی، بوونی دەگۆڕێت و بەرە بەرە بیچم دەبەستێت، تاکوو بەشێنەیی و لە باوەشی زەماندا کەڵەگەت و زەبەلاح دەبێت و ئیدی بۆ میرێک جێگەی خواری و بچووکییە کە ڕاستەوخۆ و بێناوکۆ و میدیا، پێوەندی بە ئاوخوازان و

[٣٦] مەبەست قۆناغی پێشکەوتووتری نیشتەجێ بوونە کە تیایدا هێما دروست دەبێت و ئاڵای زەرد و سەوز و سووری موڵکدارێتی و خاوەندارێتی هەڵدەدرێت و هەڵدەکرێت!

ئاوخۆرانەوە بگرێت بۆیە جێگر یان دەمڕاستێکی تایبەت و بەهەیبەتی دەوێت تاکوو هەر جار ئاوخۆران سنوور و حەریمی پیرۆزی میر نەڕووشێنن! جێگر و نوێنەری میر خۆی یەکێک لە ئاوخۆرانە، هەر بەو شێوەیە هەڵبژێردراوە کە میر خۆی، ئایا جێگر و دەمڕاستی میر لە پێگەی میدیادا ئەگەری مرۆڤکوژی و مافخۆری و ئاوهەڵلووشی زۆرترە یان مارێک کە میدیای دوو سوبێکتێک بوو کە باسمان کرد؟! ئایا مار و نوێنەری میر لەو ڕووەوە هاوکردە و هاومەبەست نین؟

لێرەوە میدیا(جێگر و نوێنەر یان ناوکۆی پێوەندی) بەرەو هێز و دەسەڵات دەکشێت و تامی هێزی ئاوی زۆر چووەتە بن ددانییەوە و دەشێت و دەتوانێت وەکوو نێونجی میرئاو و ئاوخوازان هەر هەواڵ و بابەت و تێبینییەک کە لە بەرژەوەندی و خواستێتی بیبەشێنێتەوە، دەتوانێت پڕفێڵترین سیاسەت و کایەیان لەگەڵدا بکات! لێرەوەیە میدیا لە پێگەی "خوازەرێکی چڵێسی دەسەڵات(ئاو)" بنەما ئایدۆلۆژییەکانی خۆی ڕۆ دەنێت و ڕەنگە وەکوو ماکیاویلیییەکی نەنووسراو و زارەکی و هێزەکی کە لە کتێبی میر یان پاشادا دێتە گۆ، لەگەڵ خۆی بڵێ: خۆ گەر من جارێک بۆ بەرژەوەندی باخاتی ئاغا و "میری خۆم" درۆ و فریوێکم سازاند دروست بێت. میدیا تا ئێرە بوون و فۆرمێکی ئینسانی تر و بەرهەست تری هەیە! ئەگەرچی بێ بەری نییە لە

سیستەمی ئەفسوونسازی و تەقدیس لە ڕێگەی دانان و پێشمەرج کردنی "مەودا" و "حەریم!"

## حەقیقەتی میدیایی لە ڕۆژگاری گوندی جیهانیی

(گۆڕانی واقیعی مەوداوە بۆ سێبەرێکی ناسک و نەرمۆڵ! "مەودا"کان تەنها تارماییەکن کە بە تیشکی کامێرایەکی داشقە مەحو دەبن و دەتوێنەوە!)

پاش بەردەوامییەکی سیستەمی میرئاو/کۆیلەئاو واتە نوسخە و فۆرمی سەرەتایی سیستەم و پێکهاتی دیسپۆتیزم(Despotism) واتە ئەو سیستەمەی کە لەسەر بنەمای پێوەندی دوو جەمسەر سەردار و کۆیلە، ئاغا و ڕایەت(ڕەعیەت)، فەرماندەر و فەرمانبەر و... هەروەها چەشنێک لە ئەریستۆکراتییەت و پێکهاتی ئاستمەند و پلەپلەیی ڕاوەستاو و ڕۆنراوە، کۆمەڵگە هەڵچوون و داچوون و گۆڕانی تایبەت و زۆری بەسەردا هات، بەڵام لە هەندێک وڵات و کۆمەڵگە هێشتا جەوهەری ئەو سیستەمە ئیش دەکات بەڵام بەو جیاوازییەوە کە فۆرم و سیپاڵی تازەی پۆشیوە، بۆ نموونە بە جلوبەرگی ڕزگاری نەتەوەییەوە دێتە جڤین و ئاخافتن، یان بە ڕوخساری ڕزگارکەرێکی ئاسمانییەوە دێتە وەعز و هەڤدیتن، یان بە سیپاڵی مارکسیزم و دروشم و هوتافی نەهێشتنی دیسپۆتیزم و پێکهاتی ئاستەوەر و پلەپلەییانە!

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئامادەگی و قەد و قەڵافەتی ئەو فۆرمە لە دەسەڵات و هێز واتە دیسپۆتیزمییانە لە ناوەند و چەقی میدیا دیجیتاڵی و ئەورووییەکانە. پاش ئەوەی کە بە هۆی شۆڕشە پیشەییەکان و لە ڕێگەی پێشکەوتنە تەکنۆلۆژی و دیجیتاڵییەکان سنووری جیهانی کۆن و داخراوی وڵاتان و گوندەکان بێ ڕەنگ و لاواز بووە و دواتر لە ڕێگەی جیهانی بوون (Globalization)ێکەوە کە پێشتر مەک لۆمان لە فۆرمی خوازەی گوندی جیهانییدا لەسەری دوا بوو گەیشتە چڵ و تەشقی خۆی، هاوکێشەی ئۆنتۆلۆژیکاڵ و بوون ناسانەی سەرتاپای بوونی مرۆڤ گۆڕانی بەسەر دا هات. ئەگەر ئێمە میدیا لەو قەوارەوەی سەرەوە بگەڕێنینەوە بۆ کۆنترین کتێب و دەستنووسەکان و ئەو هێڵە بزمارییی[37] و خواروخێچانەی کە لەسەر دیواری ئەشکەوت و زەرد وماکان[38] هەڵکەندرابوو، بە میدیا و پردی پێوەندی دوو جەمسەر ئەژماردەی بکەین، جا چ ئەم پێوەندییە بگەڕێتەوە بو چەند سەدساڵ یان هەزارەیەک لەمەو پێش، لەم پێناسەیەدا و بە ئەزموون و پێناسەکانی جیهانی مۆدێڕنیشەوە لە میدیا، دەشێت میدیا لەم دەرکەوت و فۆرمانەدا تەتڵە و پۆلێنبەندی بکرێن: کتێب، هێما (ئاگر لە کاتی شەڕ) دەستنووس، نیگار،

[37] خەتی میخی.

[38] کەندەڵان و زەرد و هەزاربەهەزار!

وێنە، پەیک، دەمڕاست، تەتەر، ڕادیۆ، کامێرای کۆداکی فەوری، کامێرای ڤیدیۆ، ڕۆژنامە، بلاڤۆک، تەلەڤیزیۆن، سەتەلایت، ئەنتەرنێت و...

لەهەر قۆناغێکی پێشکەوتن و گەشەی شارستانییەت و کۆمەڵگادا یەکێک لەو دەرکەوت و ئامێرانە زاڵ بووە و هاوکێشەکانی ناو کۆمەڵ و ئاراستەی مێژووی ئاژواندووە. ئاژواندنی مێژووی بە ئەستۆ بووە چوونکوو پێکهێنەری بنەمای بوون و ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵ بووە، واتە لە ڕێگەی کۆنترۆل و دەسەلات بەسەر هاوکێشەی پێوەندییەکانی "بوون"ی مرۆڤەوە دەستی بە فەرمان[٣٩] و هەوساری مێژوو ڕاگەیشتووە. هاوکێشەکانی "بوون" لە ڕۆژگاری کۆندا بە ناو کۆمەڵێک شەڕوشۆڕ و ئاگر و بەرگری بۆ مانەوە و نەبوون تێپەڕیوە، هەر بۆیەش هەر میدیایەک فرە بۆی ئەستەم نەبوو گۆڕان و بیچماندنی ئەم فۆرمانەی بوون و بەدەست گرتنی ڕایەڵی مێژوو بقۆزێتەوە. جاری وا هەبووە هەموو بوون و نەبوونی کۆمەڵگایەک لەسەر لەوحێکی پیرۆز کە هێمای پێوەندی دوو جەمسەر بووە بەنێو سالان و سەدەکاندا تێپەڕیوە و سالاربوونی خۆی پاراستووە. بەلام گەشە و دۆزینەوە و داهێنانەکانی مرۆڤ هەموو هاوکێشەکانی جیهانی کۆنی خستە بەر و ژێر پرسیارانی گەورە و ڕووبەڕووی نەبوونی کردەوە و شەڕ و مشتومڕ و دیالیکتیکێکی بە ناوی و لەنێوان دوو

---

[٣٩] فەرمان: سوکانی سەیارە

جیهان و جەمسەر "سوونەت و مۆدێرنیتە" هێنایە کایەوە، لەو ڕۆژگارەش بەم لاوە ئێمە لە جیهانێکی ئاڵۆزتری میدیایی و پێوەندیدا دەژین و میدیاکان بەشێکی هەر گەورەی بوونی ئێمەیان گەمارۆ داوە و نەبوونیش لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵ دایە! هەر چەندە جیهان و هاوکێشەکانی بەرەو پێش و گەشەوە چوون تێگەیشتن و فامی ئێمەش لەوان ئاڵۆزتر و دوورەدەست تر بوون. دیالیکتیکی بوون و نەبوونی مرۆڤ کەوتە داوی "مەودا" و خێرایی پێکهاتی میدیا جۆراوجۆرەکانەوە، بۆیەش تا ئەو کاتەی کە هێڵە میدیاییە ئاسمانییەکان[٤٠] نەهاتبوونە کایەوە، دۆخ و پێگەی میدیا لە هەر وڵاتێکدا پەیوەستی و گرێدراوییەکی ڕاستەوخۆ و حاشاهەڵنەگری بە هەڵکەوتەی جوگرافی، کولتوور، زمان و بە گشتی ئەو فۆرمە زارەکییەی "بوونی" ئەو مرۆڤانە و ئەو میتافیزیکە سەرەتایی و خورافی و دەڵەمەیەوە هەبوو کە لەو وڵاتەدا لەئارا دابوون. دواتر بە نیسیەتی ئەم خاڵەوە دێمە سەر ئەو فۆرمە میتافیزیکی و جوگرافی و ئیکۆلۆژیکییانەی میدیا، کە پەیوەستی دۆخی ئۆنتۆلۆژیکانەی کورد بوون و بە پێچەوانەوەش واتە دۆخی بوون و نەبوونی مرۆڤی کورد لە کردە و کارکردی ئەواندا هاتووچۆی دەکرد. لەو ڕۆژگارانەی کە هەواڵ و زانیاری لەسەر واقیع لە ڕێگەی مرۆڤێک بە ناوی پەیک(هەڵبەت

[٤٠] لە هاتنی وێستگەی بڵاڤینی(ایستگاه پخش) ڕادیۆ بەم لاوە.

لە زۆر کات بە هاوکاری چوارپێیەک: ئەسپ، قاتر، کەر یان وشتر بوو) یان لە ڕێگەی هەڵۆ و کەوی و زمان فام وماڵی کراوە بەرزەفڕەکانەوە یان ئەوپەڕەکەی لە سۆنگەی ئاپۆرەی ناو قاوەخانەکان و ڕادیۆ شکاو و داشقەکەیەوە دەگەیشتنە خەڵک، واتای ڕووداوەکان و مانای واقیعی شتەکان دیار و ڕوون بوون. ڕووداوی ڕەش لە سپی بە چەند خولەک هەڵاوێرد دەکرا، حاکمی چاک لە خراپ هەر بەم شێوەیە و... هەواڵی شووم و دێزیش لە هەواڵی چاوڕۆشن کەرانە و مژدەبەخشانە جوداواز بوو... لە هەموو ئەم پەیوەستییە میدیاییەدا واقیع یان ڕاستترە بڵێم حەقیقەت ڕوون و دیار بوو، تەنانەت لەوەش بەولاوەتر بوو واتە حەقیقەت بریسکەی دەهات و دەدرەوشایەوە. بەشێکی سەرەکی لە بنەما و ماهییەتی ئەم پێوەندییە گرێدراوی ئەو تایبەتمەندییە ئۆنتۆلۆژییەی ناخی خودی کۆمەڵگاکە بوو کە تێیدا حەقیقەت بە واقیعێکی بەرهەست و ڕوون چاوی لێدەکرا و هەر بەوەشەوە دەژیان. هیچ میدیایەکی زەمینی نەیدەتوانی ئەو پێودانگ و پێوانە تۆکمە و ئاسمانییە کە لە درێژایی زەماندا بە باوەڕ بە ئەزموونە داکۆکیکارانەکان چەسپاندن و سەپاندنی وەکوو باوەڕێکی هەتاهەتایی و نەگۆڕ جێی خۆش کردبوو، بلەقێنێت. ئەوە دواتر میدیا ئاسمانییەکان بوون کە ئەم هاوکێشە و فۆرمە تەکووز و ڕێک و پێکەیان لە خشتە برد و حەقیقەتیان لە واقیعەوە بەرەو سێبەرە ناکۆتا و زۆروزەبەند و تێکەڵ پێکەڵەکانی واقیع برد! و پیشانی دا کە تارمایی حەقیقەت ئەو خواستە وجوودییە بووە کە کەم کەسێک دەیوێرا

ئاوارە و عەوداڵی ناسین و کەشفی بێت! ئەگەر میدیا لەو وڵاتانەدا کە ئاخێزگە و سەرچاوەی داهاتنی بوون بە شۆڕشێک لەقەڵەم دەدرا، ئاخۆ میدیا لەم وڵاتانەدا کە لەسەرەتادا تەنها و تەنها شەپۆل و سیگناڵەکانی میدیایان بەردەکەوت و ئاخێزگەی خۆیان نەبوو چەند شێواز و فۆرمی لە شۆڕش و ڕابوون بەرەو ڕوو دەکرایەوە؟ ئەو سیگناڵانەی میدیا بۆ ئەم وڵاتانە سەرەڕای شکاندنی باوەڕی باوی شێوازەکانی پێوەندی و کۆمینیکاشێن(communication)، بەرەبەرە دژوازی و لێکدژی خۆیان و ئەکتەرانی بوێژ یان بکەری ناوی میدیاشیان بۆ دەرکەوت، لەهەمبەر تەوژمێک لە باوەڕی دژ بە باوەڕەکانیان دانیشتن و چاوفڕاو و زەین دۆڕاو بوون. ئەمانە باس و بابەتانێکن کە هەم لە ڕووی گشتییەتەوە و هەم لە باری وردبینانە بینی و پاژخوازییەوە جێگەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی گەلێک بەرفرەن و من تا ئەوەی بشێت مەبەستم هەوڵ بۆ دەرخستنی خاڵە گشتییە پاژتەوەرەکانی میدیایە.

## گێڕانەوەیەکی دراماتیکی بۆ ململانێ ئۆنتۆلۆژییەکان لە پانتای میدیا ئاسمانی و زەمینییەکان

### "ناهاوسەنگی هەستەوەری و بیرەوەری لە فیلمی هاوسەنگی و میدیا شاراوە و ئاشکراکانی ناوەوەی"

ناوی فیلم: هاوسەنگی(یان "ڕاهیبەکانی گراماتۆن")[٤١]

دەرهێنەر: کێرت ڤیمەر[٤٢]

ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠٠٢

ئەم فیلمە کە هێما[٤٣] و نیشانە میدیایی بەدوادا هات و کاریگەرییە میدیاییەکانی دەگێڕمەوە، لەسەر بنەمای گێڕانەوەیەکی ئایندەبینانە (Futurology) و پێشبینی تەوەرانە دروست کراوە، مەبەستێتی بەدوادا هات و کاریگەرییە نەرێنی و کوشندەکانی زاڵێتی و سالاریی میدیا و بەتایبەتی تەلەڤیزیۆن لە داهاتووی مرۆڤدا بگێڕێتەوە. پێم وایە مەبەست لە

---

[٤١] گراماتۆنەکان، ئەرکی دۆزینەوەی سەرچاوە و چاوگەکانی دڕندەیی و وەحشی بوونیی مرۆڤیان بە ئەستۆوە بوو.

[٤٢] دەرهێنەری فیلمە سێیانەییەکانی ماتریکسن بڕواننە بڕگەی٣.

[٤٣] هێما دوو واتای هەیە،١- نیشانە و سەمبول٢- ئاماژە و ئیشارەت و من لێرەدا هەر دووکم لا مەبەستە!

هەڵبژاردنی تی ڤی وەکوو چەق و ناوەندی ئەم زاڵێتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییە بەهێزەی تی ڤی کە وەکوو میدیایەکی بینراوی-بیسراوی لە چاو فۆرم و شێوازەکانی تری میدیاوە. لێکۆڵەران و زانستمەندان پێیان وایە کە ٨٠لە١٠٠ی مەعریفە و زانیاری مرۆڤ لە ڕێگەی چاو و گوێچکەوەیەتی[٤٤]، بۆیەش سالاران و ئەکتەرانی پشت تی ڤی، تی ڤییان بۆ ئەو پێوەندییە هەڵبژاردووە. سەرەڕای ئەوەی میدیا وەکوو بنەمای بەڕێوەبردن و بە ڕێکخراوەکردنی کۆمەڵگا و هەروەها جیهانبینی بوون ناسانە و مرۆڤ تەوەرانە لە ناو فیلمەکە پیشان دەدرێت بەڵکوو میدیا لێرەدا تەلەڤیزیۆن ئەو تریبۆنە خیتابی و ئامێرەی کۆنترۆڵ و مێشک زاخاو دانەیشە کە ڕاستەوخۆ و لە ئاستێکی ژمارەیی والا و بەرین ناو شەقام و کۆلان و پەناو پەسیوەکانی شاری داگیر کردووە و هەموو سات و کات(جگە لە ساتگەلێکی کورتی نیوەشەوان نەبێت!) مانیفێست و خیتابی خۆی لە ڕێگەی ڕوخسارێکی پڕهەیبەت و تووڕە و باوەڕدار دەچرپێت و خەڵکی پێ ڕادەهێنن. ئەمە زەقترین ئامێری میدیایی نێو فیلمەکەیە، بەلام کۆیەکی بەرین لە ئامرازی میدیایی و هەروەها میکانیزمە میدیاییەکان لەم "شاری خەون"ەدا ڕۆڵ دەگێڕن کە لە درێژەدا دەپەرژێمە سەری.

[٤٤] لە زانستنامەی سەرتاسەری ویکی پیدیاوە!

**خوێندنەوەی فیلمەکە**

بارودۆخ و شوێنگە (Location)ی فیلمەکە ئاماژە بۆ ڕۆژگار و سەردەمێکە کە مرۆڤ گەیشتۆتە ئەوپەڕی پێشکەوتوویی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و حەقیقەتێکی ڕەها و ڕاستەقینە، کە بکەرانی ناو ئەو وڵاتە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگەیەکی ئایدیال و یۆتۆپییایەکیان پێ سازاندووە؛ شاری خەونەکان هەر ئەو شوێنەیە کە ئەم وڵاتە(وەکوو هێمایەک بۆ کۆی وڵاتان و هەموو مرۆڤایەتی) تێیدا مسۆگەر بووە و نیشتەجێیە، هەڵبەت خاڵی هەرە گرینگ لێرەدایە کە ئەم یۆتۆپیایە پاش ڕوودانی جەنگی جیهانیی سێهەم هاتۆتە ئاراوە و دەژی. ئەمە وێنە و وێنا یەکەمەکانی دەسپێکی فیلمەکەیە، هەر ئانوسات پاش دەسپێکی فیلمەکە ئەو بە ناو تیرۆریستانە! پیشان دەدرێن کە بە چەکە کلاسیکییەکانیان واتە کلاشینگکۆفەوە هێرچەکانیان دەست پێ کردووە، بەڵام دواتر دەردەکەوێت بەرگری بووە! وێنەیەکی دژواز و پارادۆکسییانەی تایبەتە ئەو هەموو پێکدادان و تەقە و شەڕوشۆڕە لە تەنیشت تابلۆی مۆنالیزا و بەرهەمەکانی موتزارت و بێتۆڤێن دا سەلمێنەری ئامادەگی دۆخێکی بوون ناسانەیە کە جەمسەرەکان هەر کام بە گوتار و چەمک و چەکی خۆیەوە هاتۆتە گۆڕەپانەکەوە. ئەم تیرۆریستانە! گرووپ و دەستەگەلێکی ژێرزەمینی بوون کە دواتر دەردەکەوێت کە ئەوان شەڕیان بۆ

"خود"ێکی جەستەیی و ئامانجگەلێکی کۆنکرێت و مەبەستدار و بەرچاو نییە بەڵکو ئەوان بۆ ئایدیا و وێنایەک دەجەنگن، نا بەرگری لە وێنایەک دەکەن وەکوو ئازادی، عەشقی زەوینی، سیکسێک "کە هەر وەکوو لە درێژەدا بۆمان دەردەکەوێت دوا نیشانەی والآی مرۆڤ بوون و بە ئینسان مانەوەیە"، ئەمە ماهییەتی ئەو گرووپانە بوون کە ئامادەگییان بوو بۆ بوونی خۆیان بچنە گەرووی نەبوونەوە. لەملاشەوە پاسەوانان و بکەرانی بنکەی ئاسایشی وڵات خەملێنرا و پۆشراو بە عەباگەلێکی دینی دیجیتاڵین[٤٥]، و هەڵسوکەوت و دانوستانیان حیکایەت لەوە دەکات کە زۆربە و زۆرینەی میتافیزیکەکانی جیهانیان لەیەکداوە و بە بەری خۆیاندا کردووە، ئەمەش لە سەرتاوە بۆ ئێمەی بینەر یان خوێنەر مەزەندە و شیمانەبوونی ئەوەی کە بە ڕاستی ئەمە شاری خەونەکانی مرۆڤ و بەهەشتی سەرزەوییە زەق و زۆپ دەکاتەوە. تەنانەت هێشتاش بۆ پاراستنی ئەم یۆتۆپیایە شەڕ و ململانێگەلێک لە ئارادا هەیە و ڕاهیبە دیجیتاڵییەکان[٤٦] لەگەڵ ئەو گرووپە ژێرزەمینی و نهێنییانەدا دەجەنگن کە هەوڵیان ڕووشاندن و تێکدانی یاسا و ڕێساکانی ئەم شاری

[٤٥] واتە نیگارکراو و خەملێندراو بە چەنددەها هێما و مۆرکی ورد و گچکە و درشت و قەبە!

[٤٦] خوازەیەکە بۆ دژوازی مەبەستی ڕاهیب وەکوو گۆشەنشین و تەراکەوتە و ئاوەڵناو یان دونیای دیجیتاڵ وەکوو بابەتێکی گشتەکی و ئیپیدیمیک! واتە خوازەیەکی تەوس ئامێز لەو ڕۆژگارەی دەسەڵاتی ئەو ڕاهیبانە کە دواتر دادێت!

خەونەیە! ئەم دۆخە خەونئامێز و ئایدیالییە لە ڕێگەی چەند کەڵەئامێرەوە هاتۆتە ڤەدیهاتن و هەر لە ڕێگەی ئەوانەشەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، گرینگترینیان بریتین لە: ١- میکانیزمێکی پزیشکی: دەرمانێک بە ناوی "پرۆزیم" کە لە ڕێگەی دەرزییەوە مرۆڤەکان لە خۆیانی دەدەن، تایبەتمەندی ئەم دەرمانە کوشتن و پووچەڵ کردنەوەی هەست و هەستەوەری مرۆڤ و خستنەگەڕی وزەی عەقڵانی و ئاوەز تا شوێنێک کە ئیدی مرۆڤەکان لە بچووکترین هەستیش بێبەری دەبن و وەکوو ڕۆبۆت یان ماشینێکی هۆشمەندیان لێدێت. بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمەڵگا یۆتۆپیاییە پێیان وایە ئەوەی کە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی، نابوودی و قڕکردنی مرۆڤ هەست و سۆزەکانێتی و ئێمە بە لەناو بردنی ئەم تایبەتمەندییانە لە هەناو و جەوهەری مرۆڤدا ئیدی تووشی شەڕ و ئاژاوە و گێرمە و کێشەگەلێک نابین کە مرۆڤ خۆی بەدیهێنەرێتی. ئەم تێڕوانینەی بەڕێوەبەران و ڕێبەرانی وڵات تا شوێنێکە کە خوێندنی کتێبی مۆسیقایی و ئەدەبیش بە تاوان و تابۆ دەزانن و هەموو دیاردە و ئامێرێک کە پەیوەست و گرێدراوی هەست و سۆزی مرۆییە لەوانە مۆسیقا، هونەرەجۆراوجۆرەکان (نیگارکێشی، شانۆ، سینەما و...) و ئەدەب بە گشتی وهتد دەبێ لەناو بچن و هەرکەسێک ببینرێتەوە کە لەو ئامێرانە کەڵکی وەرگرتبێت تاوانبارە و سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێت، واتە ئەوەی کە هەست بکات لەناو دەچێت! بۆیە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ئەو عەقڵ و هزر و دژەهەستەی کە لەم سیستەمەدا بانگەشەی بۆ دەکرێت

عەقڵێکی کۆنزەرڤاتیڤ و لەوەش دواکەوتووتر واتە عەقڵێکی فەندەمێنتاڵ و پاشکەوتووە. عەقڵ لێرەدا بێ بەرییە لە بچووکترن توانست و وزەی هێزەکی ڕەخنەگرانە و ئەوەی هەیە ئایدۆلۆژییەکی ئارایشتکراو بە کۆمەڵێک چەمک و هوتاف و دروشمە نەک عەقڵێکی ڕزگارکەر و هیگل واتەنی ڕۆحی ڕەها!؟ - میدیا: هەموو ئەو یاسا و ڕێسا و مانیفێستانەی کە وڵاتی پێوە بەڕێوە دەبرێت لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆگەلێکی زۆر و زەبەندەوە کە لە هەموو جێگایەکی ناو شار و کۆڵان و شەقام و تەنانەت لەناو ماڵ و ژوورەکانیش دانراون، جاڕ دەدرێت و ڕۆژانە و شەوانە دەوترێت و دەچرڕدرێتەوە و بە گوێی ئەم هەموو ماشێنە هۆشمەندەی شاری دا دەدەن. ئەم دوو ئامێرە کاریگەری و پێگەی یەکتری لەو کۆمەڵگایە و بۆ ڕۆبۆتە هۆشمەندە بێ هەستەکان تەواو دەکەن. پریزۆم لە ڕێگەی کوشتنی هەست و سۆزەوە سیستەمێکی وەرگری و فێربوونی ڕەق و وشکی هزری و لە هەمان کاتدا ئایدۆلۆژیکی بۆ مرۆڤانی وڵات مسۆگەر دەکات. لێرەشدا وەکوو هەر وڵاتێک دەسەڵات شێوازێکی ئیریستۆکراتانە و پلەپلەییانەی هەیە. بەشی بەهێز و ژیانەکی دەسەڵات ئەو گرووپە ڕاهیبانە دەوڵەتییەن کە عەوداڵی دۆزینەوە و لەناوبردنی هەستەوەران و ئەو ئامێرە سەرکی و ئامیانانە (هەنەر، ئەدەب، فەلسەفە، "خەیاڵ"...)ن کە ئاخێزگەکەیان هەست و سۆزە لەوانەش تابلۆی مۆنالیزا! پاڵەوانی چیرۆکی فیلمەکە کەسایەتییەکی بە ڕواڵەت تەواو و پێگەیشتوو بە ناوی پریستۆنە. پریستۆن وەکوو ڕاهیبی گەورە و سەرۆکی ڕاهیبەکان لە پێشەوەی ڕاپەڕاندن

و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەیە و وەکوو کاراکتەر لە درێژە و چەقی گرێچنییی[٤٧] فیلمەکەدا ڕۆڵ و پێگەیەکی دژواز بە خۆ دەگرێت. پریستۆن لێرەدا هەم وەکوو پاڵەوان و هەمیش دژەپاڵەوان ڕۆڵ دەگێڕێت، ئەو پێشتر هاوسەرەکەی خۆی بە هۆی بەهادان بە هەست و سۆزەوە لەسێ دارە دابوو و ئێستە لەگەڵ کوڕێکی گچکەی خۆی و لەماڵێکی گەورەدا ژیان دەباتە سەر. جێگەی ئاماژەیە کە هەر ئەندامێک لەم کۆمەڵگایە کە لە تەنگژە و دووفاقیی ئەو دوو کەڵەئامێرەدا واتە پریزۆم و میدیا، کە لەسەرەوە باسم کرد گیری خوارد بێت، بە شێوەیەکی پراکتیکی فەرمانبەر و جێبەجێکاری سیستەمی بەڕێوەبەری کۆمەڵگایە. واتە ئەگەر پریستۆن شتێک بە کوڕەکەی بڵێت کە هەڵگری سۆز و خۆشەویستی و هەست بێت کوڕەکەی ڕاپۆرتی دەدات بە لێژنەی ئەمنیی وڵات! بەم شێوازە هەر ئەندامێک دەتوانێت ڕۆڵ و پێگەی پەیک، تەتەر، سیخوڕ، گەیەنەر و ئانتێن و بەدەربڕینێکی ئایدۆمییانە "کۆلەکەی پێنجەم"[٤٨] واتە میدیایەکی هۆشمەند بەڵام بێ هەست و ئاوەز و هاوکات سامناک و

---

[٤٧] ئەو قۆناغەی گێڕانەوەی چیرۆکیی کە پێش لە گرێکردنەوە دێت، واتە قۆناغێک کە زنجیرەی ڕووداوەکان کۆمەڵێک تەنگەنەفسی و هەناسەسواریی دەروونی بۆ ئێمە دروست دەکەن و لە دڵماندا وەکوو گرێیەک دەچنێت یان دەچێندرێت!

[٤٨] کۆڵەکە یان ستوونی پێنجەم بۆ سیخوڕەکانی جەنگ و دوژمن دەکار دەکرا، وەک ڕوون و ئاشکرایە ڕوانگەیەک کە بۆ ڕۆناندنی ئاوەها ڕێکەوەندێک ئیشی کردووە ڕوانگەیەکی میدیابینانە بووە کە لەسەر پێکهات و لاختی زمانی "ڕەنگ و دەنگی" داوەتەوە.

مرۆڤکوژ، بگێڕێت، لێرەدا بۆمان دەردەکوێت کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان میدیازەدەی تۆتالیتەردا بەرەوڕووین. کە بیرۆکە و ئایدیای ئایدۆلۆژیکی تۆتالتاریسم وەکوو دوا بەری پێشکەوتوو و گەشەکردووی سیستەمی کۆنی دیسپۆتیزم لە لایەک و وزە و توانستی ئەفسوونکارانە و تەقدیسکەری میدیاش لە لایەکی دیکە ئەم سەر و ئەوسەری پێکهاتەی داخراوی کۆمەڵگا دەستەبەر دەکەن! لەم کۆمەڵگایەدا میدیا بە تەواوەتی دەوروخولی هاووڵاتیانی داوە و لە گێژەن و گەرداوی ئایدۆلۆژیدا کۆیلەی کردوون. هەموو ئەم میدیا هۆشمەندانە لە تایبەتمەندییە مرۆییەکانیان داتەکاون و ڕۆڵی ڕاگەیەنەر و سیخوڕ وەردەگرن، پێکهاتی ئەم کۆمەڵگایە وەهایە کە تاق بە تاقی تاکەکان ئەرکیان پاسەوانی و چاوەدێری لە کەسی بەرامبەر یا تەنیشتی خۆی بێت تاوەکوو کۆمەڵ لە خشتەی خۆی نەترازێت و بەرەو لێواری داڕمان نەچێت، کۆی ئەم کۆمەڵگایە بە ئەرکە میدیایی و تەتەرییەکان، تان و پۆکەی چنراوە! هەر تاکێک لەم پێکهاتەیەدا هەموو بەیانی و بێداربوونەوەیەک پێش لەوەی ڕۆژ و زەمانی کاریی خۆی دەست پێ بکات، دەبێت لە دوو ژەم لەو دەرمانەی کە بەدەرزی پێیان دەدرێت، ژەمی یەکەمی پریزیۆم لە خۆی بدات، ڕۆژێک لە ڕۆژان کە پریستۆن لەگەڵ سپێدە بێدار دەبێت! واتە لە خەو هەڵدەستێت و دەیەوێت بڕوات بۆ سەر ئیش، ژەمی سبەینێی لەسەر مێزەکە دەکەوێت و شووشەکەی دەشکێت، بەزوویی کۆی دەکاتەوە و فڕێی دەداتە زبڵدانەکەوە، چەند چرکەیەک تێناپەڕێت کە کوڕە تاقانەکەی دێت و دەڵێت ژەمی

دەرمانەکەت لە خۆتدا؟ ئەویش بە هەر کلۆجێک بووە لەوە تێی دەگەیەنێت کە دەرمانەکەی دەکار کردووە و کێشەیەک نییە. ئەو ڕۆژە ئیدی لە ڕۆژانی باو و هەمیشەی پریستۆن نییە بەڵکوو ڕۆژێکە کە "هەست دەکات" و دەتوانێت هەست بکات! هەست دەکات کە هەست دەکات! دەنگ و زایەڵەی میدیا و تەلەڤزیۆنەکانی ناو شەقام بە گوێیدا دەپەستێت کە پریزیۆم تان لە بیر نەچێت، ئەم دەرمانە ڕزگاریکەری ئێمەیە لە دڕندەیی و شەڕ و تاریکاییەک کە لە ناخی مرۆڤ و هەستەوەریدا خەوتووە! ئەو بەکەنار مرۆڤگەلێکی بێ هەست و ماشێنیدا دەبوورێت و لە یەک ساتدا دڵی بۆ مرۆڤایەتی و لەسەرووشەوە بۆ خۆی بەلەرزە دەکەوێت، زۆربەی ڕۆژ و ئەو ڕۆژەی ئیشەکەی ئەو یەکێک لەو ڕۆژانەیە کە تاقمێکیان لەو گرووپە هەست و سۆزدارەی کە داکۆکی لە عەشق، سۆز، پێکەنین، بۆن و بەرامە(جا چ بۆنی خۆش و عەتراوی بێت یان ناخۆش و گواوی! بێت، لەوێندەرێ نەفس و کرۆکی بۆن گرینگە، لەوانەیە لە ئاوەها دۆخ و حاڵەتانێکدا بۆنی گوو خۆشترین و ڕزگارکەرترین ئەزموون بێت لە ژیان و بۆ بوون! لەچاو نەبوون و بوونێکی نەبووگ کراودا!) گریان، کتێب، هونەر، مۆسیقا، مۆنالیزا و... دەکەن، گرتووە کە زۆربەیان کوژراون و هەندێکیان هەڵاتوون و ژنێک، "نەک خاتوونێکی لێوسووری شەهوەت بزوێن!" گیراوە و دەست بەسەر ماڵ و حاڵ و کەلوپەلەکەیشیدا دەگیرێت و دەست بە سەر(و ژێر!یشیدا دەگیرێت، چوونکوو تایبەتمەندی جەوهەری ئەو سیستەمە دەستگرتن بە سەر "سەر و ژێر و عەرد و ئاسمان"

دایە) ژنەکە! بەزیندوویی ماوەتەوە، ئەو ڕۆژە پریستۆن بە هاوکارەکەی خۆی دەڵێت: باشتر نییە پێش لەوەی بیکوژین، بیخەینە ژێر ڤەپرسینەوە[٤٩] بۆ ئەوەی شوێنی هاوڕێیانیمان پێ بڵێت؟ ورتە و سرتەی تەلەڤیزیۆن بەردەوامە کە: سامناکترین و مەترسی دارترین شت بۆ ئێمە و کۆمەڵمان ئەوەیە کە هەست پێ بکەین، ئەوەیە کە بە هەست کردن دەسەڵاتی لەڕادەبەدەر و تاقانە و خودائاسایانەی عەقڵ شل و شۆڵ و فشۆک بکەین! پریستۆن ژنە دەباتە ژووری ڤەپرسین، ئەگەرچی دەسەڵاتی میدیاش لەوێدا هەر ئامادەیە و زاڵە بەڵام پریستۆن وا دەنوێنێت کە ئەو هەر هەمان بوونەوەرە کە پێشتر بووە واتە بە بێ هەست و سۆز و پڕچەک بەعەقڵ و باوەڕ! ژنە ناوی مارییە. بە سیما و ڕوخسارێکی ئارایشت کراو و مەکیاجێکی تۆخەوە لەسەر کورسی ژووری ڤەپرسین دانیشتووە و نیگاکانی پڕ لە هەست و سۆز و واتا بە هەموو لایەک دەگەڕێنێت. پریستۆن نایەتەوە یادی کە ڕوخساری وەها بزوێنەر و ختووکەدەری دیبێت، ختووکەیەک کە شەهوەت و حەزە ژێرەوانکێ و سیکسی و سۆزاوییەکانی دەڕاسێنێت و قیت و قۆتیان دەکات، بەڵام پریستۆن هێشتا هەر خۆڕاگرە، چوونکوو زایەڵەی میدیاکەی لە گوێ دایە کە دەڵی: بەپارێز بین لە عەشق و بەزەیی و سۆز، دوژمنی شارستانییەت و مرۆڤن! ماری لە سەرەتاوە پێی دەڵێ: بوارم بدە پرسیارێکت لێ بکەم، بۆچی دەژیت؟ پریستۆن

[٤٩] ڤەپرس: بازپرس، ڤەپرسین: بازپرسی.

دەڵێ: دەژیم بۆ ئەوەی کە بژیم ...خودی ئەم ڕستەیە هەڵگری لایەنی ڕەق و وشکی دژە هەست و عەقڵ تەوەری پریستۆنە، واتە لە ڕاستیدا پریستۆن وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە، نەک لە بەر ئەوەی کە وەڵامەکەی نەزانێت بەڵکو هەر لە بنەوەڕا لە پرسیارەکە تێ نەگەیشتووە واتە ناتوانێت تێ بگات چوونکوو سەرەتاییترین و بنەمایی ترین ئامێری فامکردن و تێگەیشتن(واتە هەست و سۆز بە واتا **یۆنگ**ییەکە)[٥٠]ی لەیاد چۆتەوە و نازانێت گرینگی ئەو پرسیارە بۆ بوون و ژیانی چەندەیە، ئەمەش هۆکارەکەی ڕوونە، ئەو لە ناو گێژەنی میدیادا نغرۆ بووە و خەرکی وەکوو ***گرێگوار سامسا*** بتوێتەوە و شێوەی بگۆڕێتە سەر دەعجانی و سەیروسەمەرەیەکی مۆدێرنیزم و شۆڕشە میدیاییەکانی بەڵام گوتوبێژی ئەم دووە دەچێتە پێش تاکوو شوێنێک کە ماری پێی دەڵێ: دەستەکانت بدە من و، بە هێواشی دەستە ناسکەکەی بەو نینۆکە سوورە حەزبزوێنەی لە دەستی پریستۆن نێزیک دەخاتەوە و لە پڕێکدا و لە چرکەساتێکدا بە هێواشی دەستەکانی دەگرێت و دەڵێت: تۆ تا ئێستە عاشق بوویت؟ دەزانی خۆشەویستی چییە؟ تەنها ئەم پرسیارە کە هاوڕێیە لەگەڵ چەند وێنەی سۆزئامێز و هاوکاتیشە لەگەڵ دەسپێکی گەڕانەوەی هەستەوەری بۆ وجوودی پریستۆن بە هۆی بەرخۆری[٥١] نەکردنی دەرمانی پریزیۆم، بەس

---

[٥٠] لای یۆنگ بنەما و دەربیجەی هزرین و تێفکرین هەست و هەستەوەری.

[٥١] بەرخۆر: ١- واتای لەبەری کەســـــانی دی خواردن دەدات واتە پێکەی ئاوەڵناوی هەیە و زۆرتر بەم مانایە کاری پێ کراوە، بەڵام لام وایە ســــەرەڕای ئەمەش پێکە و واتای ڕێزمانی تر وەردەگریت٢- و بە

بوو بۆ ئەوەی پریستۆن شۆڕشە دژە میدیاییەکەی خۆی دەست پێ بکات، پریستۆن بە هەست کردنەکانییەوە مەعریفەیەک لەو کۆمەڵگا و دیاردە و جیهانەوە وەردەگرێت کە زۆربەی ئەو کۆمەڵە نییانە و ڕەنگە هەر لە بیریشیان نەما بێت کە ڕۆژگارێک شادی و پێکەنین یان خەم و گریان هەبووە و مرۆڤ پێیان واڵا بووە و گەشاوەتەوە. پریستۆن لەگەڵ "ژن"ەکەدا دەگاتە مەعریفە و ئاگاییەکی تایبەت، و خواستی ناسینی زۆرتری ئەو چەشنە مرۆڤانەی وەکوو ("مار")ی عاشق و هونەردۆست و ئەدیب و شاعیر لە لایا دەتەقێتەوە، پریستۆن زۆر زیرەکانە بە بەرێوەبەران و هەندێک لە فەرمانبەرانی سەرەوە دەگەیەنێت کە من مەبەستمە هەموو گرووپە ژێرزەمینییەکان لە ناو بەرم، ئەوەش بەم پیلانەوە کە من لە ڕۆڵی هەڵاتوویەک دەچمە ناویانەوە و ڕۆڵی سیخوڕێک بۆ سیستەمەکەی خۆمان دەگێڕم، بەڵام مەبەستی ڕاستەقینەی پریستۆن هەڵوەشانەوەی ئەم سیستەمە لە کۆت و پێوەند کردنی میدیایی و دۆزینەوەی ئەو بێژەرەیە کە لە سپێدەوە تاکوو درەنگانی شەو یاسا و ڕێسای نامرۆیی و دژەمرۆڤی و مانیفێستی جیهانێکی بێ هەست لە تەلەڤیزیۆنە زۆر و زەبەندەکانی ناو شار و کۆڵان، دەچرپێتەوە، پریستۆن دوای ماوەیەک ژیان لەو ژێرزەمینانەی کە پڕن لە هەست و سۆز و مەعریفەی هەستەوەرانە و شهوودی، پڕن لە ***بێتۆڤێن*** و **داڤینچی** و ***موتزارت*** و ***مونالیزا*** و... و گەیشتن

---

مانای ئەو کەسەی کە دەخوات(جا هەر شتێک بێت ئەوە بووتیقا و لاخت و پێکهاتی دەق دەستنیشانی دەکات).

بەو ڕاستییەی کە ئەو سیستەمە دیسپۆتیزمە میدیاییەی وڵاتەکەی مرۆڤی تا چ کەوشەن و تخووبێک بردووە و لەبوون خستوویەتی و هاوکات پاش تێکەڵ بوون و هاوسەنگ بوون لە گەڵ ئەو هەستەوەرە ژێرزەمینییانە و شیکردنەوەی پیلانەکەی واتە تەشەنە و دزەکردن بۆ "ژوور"ی کۆنترۆڵ و سەرچاوەی "بلاڤین" و دواجار ڕووخاندنیان، پێوەندی بە سیستەمەوە دەگرێت و پێیان دەڵێت: من دەمەوێت پیاوەی ناو میدیا یان باشتر وایە بڵێم: "پیاوەی میدیا" ببینم تاکوو هەموو ئەم دیل و یەخسیرانەی کە کۆت و زەنجیرم کردوون بە شێوەی ڕاستەوخۆ ڕادەست و تەسلیمی سەرۆکە میدیاییەکەمان بکەم، ئەگەر بواری ئەوە بەمن بدەن هەموو ئەو کەسانەی کە لەو گرووپە ژێرزەمینییەکاندا دەژین بە ڕادەست بوون و کوشتنیان پووچەڵ دەبنەوە و لەناو دەچن، ئەوانیش بە پیلانێکی پێشوەخت دەیبەن تا بارەگای پیاوەی میدیا و لەوێندەری، کاتێک هێشتا نەچوونەتە ژوورە سەرەکییەکانی ئەو بینا سامناک و پڕتوێیەی دەنگ و ڕەنگ و میدیاوە، هێرشیان دەکرێتە سەر و بەهۆی وزە و هێز و پسپۆڕییەک کە پریستۆن لە زۆرانبازی و کێبڕکێی کاتایی(کە وەرزشێکی کاراتەیی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە)دا، هەیەتی هەموویان دەبەزێنێت و هاوڕێ هەستەوەرە یەخسیر نواندراوەکانی وە پێش خۆی دەدات و دەچن و دەچن تاکوو دەرگای ژووری کۆنترۆڵی تەلەڤیزیۆنی گشتی و پیاوێکی ڕیشووی میدیایی دەبیننەوە، بە ژوورێدا دەچن و لەوێندەرێ تاقە پیاوێک نالەبار و ناحەز دەبینن، ڕوخسارێک کە زۆرترین مەزەندەی گەندەڵی و پۆخڵەواتی

لەسەر دەچێت، پریستۆن و هاوڕێ هەستدارەکانی تێدەگەن کە کابرای میدیا دەمێکە مردووە، و ئەم تەلەڤزیۆنانە تەنها دۆخێک بەرهەم دەهێننەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵکەر و بەڕێوەبەری میدیا کە حەزێکی کالیگۆلیایانە[٥٢] و وشکەنیهیلیزمێک پاڵنەری کردەکانێتی، لە تەشقی حەز و خواست و شەهوەتەکانی خۆیدا بژی کە لە چەق و ناوەکی هەموو ئەمانەشدا "هەست" ئامادەگی هەیە، هەستێک کە ڕیشەکەی لە زەوێنێکی ڕزاو و پیسدا ڕۆ چووە و بەرێکی گەنیو و بۆگەنی گرتووە. پریستۆن و هاوڕێکانی بە کەشفی ئەم حەقیقەتەی کە: میدیا و پیاوەکەی ناوی شتێک جگە لە بەرهەمێکی عەقڵئامێریی مرۆڤ نەبوون، لە داوی عەقڵئامێری مرۆڤی پاش مۆدێرن یان سەردەمی دەسەڵاتی دیجیتاڵی و ماشینە هۆشمەندەکان قوتار دەبن، ئەگەرچی بە قوربانی کردنی گیانی خۆیان و چوونە مەیدانی شەڕێکەوە کە لە دواجاردا دەرچوونی بۆ نییە، چوونکوو هەڵبژاردن بۆ وەها قوربانی بوونێک لەسەر کۆڵوکەی هەست و سۆز و خواست ڕاوەستاوە کە بەرامبەرەکەی ئامانجی لەناوبردن و نابوود کردنی بوو! ئەوان بەم هەڵبژاردنەش واتە قوربانی بوون

[٥٢] ئاماژەیە بە ناوی بەرهەمێکی شانۆنامەی ئالبێر کامۆ، نووسەر و فەلسەفەوانی فەرانسەوی و بە واتای "نیو چەکمە" دێت و خوازە بۆ پاشـــایەکە کە لە ڕۆژێکدا لەناکاو کە لە ئەســـپ ســـواری دەگەڕێتەوە هەستێکی پووچ خوازانە(هەڵبەت زۆرتر لە هیچ و پووچی دەچێت!) بە سەریدا زاڵ دەبێت و خەڵکانێکی زۆر قەتڵوعام دەکات!

لە شەڕێکدا کە هاوسەنگی مرۆڤ واتە هاوسەنگی نێوان عەقڵ و هەست بپارێزێت، هیچ "بوون"ێک لە کیس نادەن، بەڵکوو بەڵگە و پاساوێکی ئۆنتۆلۆژیک بەرهەم دەهێنن بۆ ئەو ئاراستە و کۆڵەکەیەی کە ناوی هەستەوەری و هەستە. لێرەدا شەهید بوون لەسەر بنەمایەکی عەقڵی و هزریی بۆ چەسپاندن و پاراستنی "هەست" دێتە کایەوە واتە شەهادەت بۆ هاوسەنگی!

هەر وەکوو لە ناوەرۆکی ئەم فیلمەدا بۆمان دەردەکەوێت، میدیا یەکێک لەو کەڵەئامێرە کوشندە و لەباربەرانە[٥٣] بوو کە مرۆڤی لە چییەتی و تایبەتمەندییە سرووشتی و جەوهەرییەکانی دادەتەکاند و بەرەو ماشینیزم و ڕۆباتمەندیی دەیبردن، لەوێشەوە پێگەیەکی هەواڵدەرانە و چاودێرانەی بەسەر تاکەکاندا لە گچکەوە بۆ گەورە، دادەسەپاند و "میدیایی" زەدەی دەکردن، بە چەشنێک کە هەر کام لەو تاکانە ڕۆڵی میدیا واتە کامێرایەکی زیندوو و هۆشمەندیان دەگێڕا، کوڕەکەی پریستۆن چاوەدێری باوکی خۆی دەکرد، باوکێک کە گەورەی ڕاهیبەکانە و سەرۆکی بەشی پاراستن و ئەمنی وڵاتە! لەم ڕەوتەدا ماتۆڕ و بکەری پشت هەموو ئەم دەرکەوتانە، کە بەرەو یەکانگیریی و یەکگرتوویی دەجمێن، هێز و وزە و باوەڕێکی تەواوخواز و تۆتالیتەرە. هێزێک کە گەیشتۆتە

---

[٥٣] لەبار بەر، ئاوەڵناوێکی بکەرییانە(سفت فاعلی)ی لە وشەی "لەبارچوو"، کە بۆ منداڵێک دەکاری دەکێن کە لە کات و ســـــاتی لە دایک بووندا دەمرێت و وەکوو بەر و بەرهەمی ڕەنج و ئازاری دایک بە "لەبارچووگ" ناوبردە دەکرێت.

ئەو باوەڕەی کە حەقیقەتێکی ڕەها و تەواوی هەیە و هیچ شتێک بۆ دوودڵی و گومان نەماوەتەوە، حەقیقەتێکی تاقانە و یەکە هەیە کە دەشێت کۆمەڵگا بەهەر شێوەیەک بووە، لەوانەش بە میدیای دیجیتاڵ، بەرەو یەکگرتن و یەکیەتییەکی ڕەها و موتڵەق ببات. وەکوو نیشانەکانی ئەم باوەڕە موتڵەق و ڕەهایەش دەشێت نیشانەناسی ئەو مۆرک و هێمایە بکەین کە بەسەر عەبای ڕاهیبەکانی گراماتۆندا واتە ئەو ڕاهیبانەی کە یەکەیەکی فیداییان بە ڕێبەرایەتی پریستۆن پێک دەهێنا، نەخش کرابوو و هاوسەنگ و یەک ڕەنگ هەڵکۆڵرا بوون. ئەو مۆرک و نیشانەیە خاچێکی ڕێک و هاوسەنگە، واتە هەر هەمان خاچی ***عیسای مەسیح*** نییە کە بەشی خواروو و داوێنی خاچ درێژکۆلە بێت و بەشی سەرەوەش کورت و کەم بە ئەندازەی جێگای سەری عیسا بێت، بەڵکوو خاچێکە کە هەموو هێڵەکانی ڕێک و یەک ئەندازە و هاوسەنگن واتە وەکوو نیشانەی زێدەکردنی ماتماتیکی لێ دێت: + . لە ڕوانینی یۆنگەوە خاچ لە ڕووبەر و دنیای مرۆڤ واتە لە خەیاڵدانی دەروونی مرۆڤدا هێما و نیشانەی تەواوەتی و کامڵ بوون و کەماڵی هەیە. پێکهاتی خاچ لە چوار جەمسەری بنەڕەتی پێکهاتووە، هەر کام لەم گۆشە و جەمسەرانە بەشێوەی جیاجیا نیشانەن بۆ هێزە لێکدژ و دژوازەکانی ناخی مرۆڤ کە کاتێک لە قەوارەی خاچێکی ئەوتۆدا یەک دەگرن هاوسەنگی و هاوتەریبییەک پێک دێت کە هێمایە بۆ کەماڵ و تەشق و لووتکەی ئەو ڕەوتەی کە بە بەرزەڕۆ یان ترانسێندێنتاڵ(transcendental) ناوزەد کراوە. خودی ئەم نیشانەیەش

دەرخەری باوەڕی[٥٤] ئەو هێزە تۆتالیتەر و بکەرە ڕەهاخوازەی بەڕێوەبەری ئەم کۆمەڵگایەیە کە بە میدیا دەورە دراوە. باوەڕێک کە لە یەقین و ئیمانی لەبن نەهاتوو بەعەقڵی مۆدێرن و دەرکەوتەکانی پێک هاتووە. لە گۆشەنیگایەکەوە ئەم فیلمە بە گشتی ڕەخنەیەکی توند ئاراستەی ئەو عەقڵ و هزرەی دەکات کە لە ڕێگەی ***کانت*** و ڕۆشەنگەری و ***فرانسیس بیکەن*** و... و لەژێر ناوی شۆڕشی کۆپەرنیکی گەشەی کردووە و مرۆڤی دابەزاندۆتە سەر ئامێرێکی تکنۆلۆژیکیانە و ماشینی و دیجیتاڵئامێزی کردووە. ئەوەی کە عەقڵانییەتی مۆدێرن لە تەشقی خۆیدا دەگاتە بەرهەمهێنانی مرۆڤێکی ماشینی هۆشمەند و دیجیتاڵ کە لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکاندا وردبینییەکی لەڕادەبەدەر دەخاتە ڕوو، بەڵام ناتوانێت عاشق بێت، ناشێت بگریەت، نابێ دڵتەنگی تریفەی زیوینی مانگەشەو بێت و ناتوانێت خەم بۆ نیشتمانەکەی بخوات و هەروەها نابێت شەوانی خەمۆکی بیریاری و چێژی حیکمەتی شادان[٥٥] فام بکات! ببوورن! هەست پێ بکات! هەستێک کە ئەم سیستەمە تۆتالیتارەی عەقڵی مۆدێرن دەیکووژێت، هەستێک کە لە ڕوانینی **یۆنگ**ەوە بە دەربیجە و

---

[٥٤] باوەڕ(Believe)ئەو حاڵەت و فۆرمەی یەقین و ئیمانە بە بابەت یان بنەوایەک، کە لای فریدریش نیچە بە خەســـت و تۆخی ڕەت دەکرێتەوە! وابزان هەر لەســـەر بنەمای باوەڕ، ئەو ڕەتکردنەوەیەش ڕوو دەدات!

[٥٥] ناوی بەرهەمێکی زۆر جوان و گرینگی نیچەیە.

کلاورۆژنەی مەعریفە و ناسین دانراوە، هەموو ئەم کۆنەکراوەیی و لێکدژییە خۆی نیشانەیەکە بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی واتایی و هزری لە دژی ناوی فیلمەکە(هاوسەنگی) کە ئامانجی ناوەرۆکەکەیشێتی واتە ناهاوسەنگی. ئەو دۆخەی ناکۆکی و پێک هەڵنەپێکرانی ماشین و عەشق نیشانەی ناهاوسەنگی و ناکۆکییەکی جەوهەرییە کە لە تاقانەچێتی عەقڵی ئامێرییانەی مۆدێڕنیتە و پاشەکانیدا هەیە. کۆی ئەم دۆخەش بە بەرهەمی عەقڵی ڕەهاخواز و ماشینی مۆدێڕن واتە میدیا و جێگر و پاشبەندەکانی[٥٦] دێنەئاراوە و کایەکە دەگەڕێنن. هاوسەنگی ئەو قۆناغە بەرزەڕۆ و والافرە نییە کە بە دەسەلاتی جەبارییانە و چەوسێنەرانەی جەمسەرێک(عەقڵی ئامرازییانە) بەسەر جەمسەرێکی دیکە(هەست) بسەپێنرێت و سیستەمێکی دیجیتاڵی و میدیاییانە و هاوکات واقیعێکی دیسپۆتیزمانەش بهێنێتە کایەوە.

## کۆمەڵگای کوردیی و هاوکێشە میدیاییەکان

ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکاریی و هەڵچوون و داچوونەی کە بەسەر میدیادا هات، بە هۆکارانێکی زۆر و زەبەندی مێژوویی، کولتووری، کۆمەلایەتی و

[٥٦] پاشبەند: ئەو شت و دیاردانەی کە پاش داهاتن و ڕوودانی شتێک، بەو شتەوە بەند و پەیوەست دەبن.

میتافیزیکی لە کۆمەڵگای کوردیی[٥٧]دا دەرکەوتە و ڕوخسارێکی زەق و زۆپی نەبووە یان لانیکەم وزە و توانستی بەڵگاندنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەقێتیمان لە ئاستێکی نادیار و نائازاددایە. هەر چەندە بەشێکی ئەو گێڕانەوەیەی سەرەوە لە گشتەکی بوون و ئەزموونێکی کۆییی مرۆییەوە دەدوێت کە بە دڵنیاییەوە مانا و مەدلوولەکانی کۆمەڵگای کوردیی و بوونەوەری کوردیش لە خۆ دەگرێت، بەڵام کۆمەڵگای کوردی بە هۆی لێڵایی و نادیارییەک کە بە سەر مێژووی گەشە و پێشڤەچوونیدا هەبووە و هەیە لە بەدەستەوەدانی گێڕانەوەیەکی ورد و پاژتەوەر تووشی نسکۆ و سەرەنگرێمان دەکات. هەر چەندە ئەوەی لە لای من مەبەستە وەکوو گێڕانەوەیەکی کەونینە لە سۆنگەی بوونناسانەوە و لەژێر تیشکی هاوکێشە میدیاییەکان بناسرێت، دەشێت "مەودا" و ڕووبەرێکی بڵاو و بەرین و واڵا لەخۆ بگرێ و دەبێت ئیشی چەندەها پرۆژە و لێکۆڵینەوەی زانستی بێت و هەروەها تۆژینەوە ئارکیۆلۆژییەکان و تەنانەت جێنۆلۆژی و کەونینەناسی بوونی مرۆڤی کوردیش لەخۆ بگرێت، بۆیە لێرەدا من هەوڵم ئەوەیە کە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە بەم لاوە و لە سۆنگەی ئەو بڵاڤۆکانەی کە زۆرتر لە قەوارەی ڕۆژنامە، حەوتەنامە، ڕادیۆ، کامێرای کۆداکی فەوری، کامێرای ڤیدیۆ و لە دواجاردا

[٥٧] لە وتارێکدا بە ناوی "رەخنە و ڕەهەندە فەلسـەفییەکانی لە جیهانی کوردییدا" باسـم لە پێکهاتی میتافیزیکی ناو کۆمەڵگای کوردیی کردووە و بە میتافیزیکی ئاویتاری(تێکەڵاویی) ناوبردم کردووە.

تەلەڤیزیۆن و ئەنتەرنێت دەرکەوتن، تیشکێک بخەمە سەر خۆگرتن و پێکهاتنیان و هەروەها ڕۆڵیان لە گۆڕاندنی فۆرم و هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان و شکاندنی بڤە و ئەرزی پیرۆز و حەرام بگێڕمەوە. کۆی ئەو ئامرازانە کە ناوم بردن لەرەوتێکی هێڵییانەی مێژوویی بەرەو گەشەسەندن و گەشە دروست کردن و گۆڕاندن ڕۆشتن. دوو کاریگەری هەرە گرینگ کە میدیا کۆیی و مۆدێرنەکان لەسەر ڕووبەری بوونی "کوردیی"دا بەجێیان هێشتووە: ١- پیرۆزاندنی لایەنێک و شکاندنی لایەن و جەمسەرێکی دیکە و، ئەم ڕووداوە کە دەرکەوتن و کارکردی لە دوو دیوی دراوێک دەچێت کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی تاکی کورد بەخەستی داناوە و ئەم کاریگەرییەی دۆخی یەکەم ڕێگە خۆشکەر بووە بۆ کاریگەری دووهەم: ٢- لە گوندەکی و خێڵەکی دەرکردنی ناوماڵ و کەش و هەوای کوردیی کە خۆی دوو بەرهەم و بەری دژبەیەکی لێ بۆتەوە: ئەلف: والاکردن و فراندنی زەینی تاکی نێو هەناو و کۆی کوردیی بەرەو هەرێمێکی گشتەکی و جیهانگیر کە ڕووبەرەکەی هزر و ئەزموون و بوونی مرۆڤایەتی بێت و ئەو قەڵەم و بزاوتە جۆراوجۆرە هزری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەی کە لە سەدەی بیستەمەوە بەزەقی دەرکەوتن ئاماژەیەکن بەمە و ب: ئەو کۆیلەیەتییە میدیایی و دیجیتاڵییەی کە تاکان و کۆمەڵی کوردی بەرەو ئایدۆلۆگ بوون و حزبایەتی و حزبۆکەیەتی برد و وزە و توانستە هێزەکی و کردەکییەکانی بەرهەمی "ئەلف"ی خەساند و لە باتی تاکی ئازاد کە جەوهەری هزری ئافرێنەری میدیایە، تاکێکی نغرۆ

لە بەرخۆری حیزبی و دەستەکی دروست کرد و جەمسەرێکی چارەنووسساز لە پێشکەوتنێکی هاوئاهەنگ و هاوسەنگی بە ناوی هێزی مرۆیی تووشی کۆیلەیەتی و خەسان و داڕزان کرد، کە لێرەش دیسان کارکرد و کاریگەری دووفاقانە و دژوازی میدیامان لە ناو کورددا بۆ دەردەکەوێت. میدیا لە سەرەتادا هات و هەوڵی ئەوە بوو مرۆڤ ئازاد بکات کە مرۆڤی کورد بەشێک لەو ئازادییەی ئەزموو، بەهۆی گچکاندن و بەکۆیلەبووگییەک کە لەژێر چنگی داگیرکەر پێی گۆش کرا بوو حەز و تاسووقی دەسەڵاتی گچکەکەر و کۆیلەکەری تێدا بزوا بەڵام لە قەوارەیەکیتر و بە ئاراستەی کۆیلاندن و خەساندنی خۆی! هەم وەکوو هێزێکی پڕ لە شیمانە و ئەگەری واڵایی، "خود"ی لە باوەڕ بەو کۆیلاندنە خەساند و هەم "خود"ی کۆیی دەکاتە دەستمایە و بەردەستی ئەو خەساندن و داڕزانە و بەکۆیلەکردنە و لێرەدا دووجار "کۆیلەباریی[٥٨]" دەپێکێت! و پێک دێـت. جارێکیان باوەڕ و قەناعەتی خۆی بۆ سیستەمی کۆیلەیەتی کە "خود"ێکی تێدا سەردار و ئاغا بێت، و جاریتر قەناعەت و چێژی بۆ "خود"ێکی کە تێیدا کۆیلە و ڕەعییەت بێت لە هەمبەر ئەویدیدا، کە بە کۆ و گشتی هەمان سیستەمی دیسپۆتیزم واتە سەردار و کۆیلەیە کە پێش لە هەبوونی تیۆریزەکراو و نوێباوی میدیا،

[٥٨] کۆیلەباریی: کۆیلە ئامێزییەکی خەست و تۆخ.

دەسەڵاتدار و حاکم بووە و میدیا هات و لایەنانێکی لێ ڕووشاند و پاش گەشەی میدیایی دیسان هێز و وزەی گرتەوە. هەر بەم فۆرم و ئاراستەیەش دەشێت باسی پیرۆزاندن و شکاندن بکەین! کە لە درێژەدا ئەم دۆخ و کردە دژوازە شی دەکەمەوە.

## یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی و یەکەمین پەیام (Message)ی هەناسەسوار

وشەی (press) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای بڵاڤۆک و ئەو هەوڵە بڵاڤۆکانە و میدیاییەیە کە "زەخت" و "گوشار" دەخاتە سەر دەسەڵات و پێمل و ملکەچی خواستە ئازادەکانی تاک و کۆمەڵی دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەشە کە بە شێوەی سەربەخۆ ئەم وشەیە واتای زەخت و گوشار دەدات و ئەمەش پێناسەکەری ئەرکێکی ڕەخنەگرانەی پیرۆزسڕاندن و قودسی شکێنییە کە بەسەر فۆرم و لاختی وشەکە دووراو و بڕاوە. بڵاڤۆک و "ڕۆژنامەی" کوردی ئەوەندە نییە ئەم واتایەی لە خۆ گرتووە. ئەگەر لە ڕۆژان و شەوانی! شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتی ڕۆژنامە، شەونامە، ئێزگەی ڕادیۆیی و... بە خەستی لە ئیش و سووڕدا بوون، ئەوا بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی سیستەمێکی دیکتاتۆر بووە کە "خود"یی نەبووە و لە پێش هەر ئاوەڵناوێکدا وشەی

"داگیرکەر"ی بەسەردا ساغ دەبۆوە، بۆیە ئەو قۆناغ و سەردەمە لای من واتای "زەخت" و گوشارێک بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی تاک و ڕۆنانی کۆڵەکەی چوارەمی دیموکراسی کە ئامانجی بلاڤۆکەکانە لێک نادرێتەوە، بەڵکوو تەنها و تەنها بۆ مانەوە و فەنانەبوون دەبزووتن. ئەوە دوای دروست بوونی سیستەمێکی نیوەخۆبژێو و ئۆتۆنۆم بوو کە بلاڤۆک و میدیای کوردی چەقی کایە هزری و سیاسی و تەنانەت ئەدەبییەکەی گۆڕدراو و هەڵگری "خود" و فاق و لقە جۆربەجۆرەکانی بوو. بەڵام واتای ڕاستەقینەی میدیا وەکوو ئەوەی ڕۆژگاری هاوچەرخ و لە فەلسەفەی لیبراڵ- دیموکراسیدا پێناسەی دەکرێت و وەکوو هێما و نیشانەیەکی جەوهەری ئازاد و دەرەوازیی[٥٩] مرۆڤ ڕۆدەنرێت و بە کۆڵەکەی چوارەمی دیموکراسیش ناوەزەد کراوە بە دوای زەمەنێک لە گەشە و نەشە و هەڵکەوت و داکەوتی ئەم سیستەمە داڵۆسکە[٦٠]یەی کوردی واتە لە سەرەتای سەدەی بیستویەک واتە ساڵی ٢٠٠٠ بەم لاوە بوو. واتە ئەو قۆناغەی کە میدیا و ڕۆژنامەی کوردی لە هەمبەر سیستەم و چەقی دەسەڵاتێکی خۆیی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی تاک و کۆ زەخت و گوشار دروست دەکەن. چارەنووسی ڕۆژنامەی کوردی تا گەیشتن بەم قۆناغە وەکوو

[٥٩] دەرەوازی: نیشتەجێ و چەسپاو لەدەرەوەی کایە هزری، زمانی و...مرۆڤ.

[٦٠] داڵۆسکە: هەڵپەسێردراو و "معلق". ئەم وشەیەم لە وتووێژێکی کەناڵی NRT لەگەڵ گۆرانیبێژێکی گەورەی کورد(ن.ر)، کە زۆر کەڵکەڵەی زمانیی هەیە، بیستووە!

زۆر ڕەهەندی مێژوویی کورد لە چیرۆکێک دەچێت کە سەرەتا و کۆتایی دیارە و ئەوەیش وا بە زەقی دەردەکەوێت، هەوڵ و هومێد بۆ مانەوە و بەردەوامبوونێکە کە لێوانلێوە لە تراژیدی و خەون نامە و شکست و حەماسەت و ململانێی بوون و نەبوون. لە ڕاستیدا ئامادەگی و بوونی بڵاڤۆک و لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕۆژنامە بەندە بە دۆخێکەوە کە "نەتەوە" وەکوو چەمک و واتایەکی ئینسانی و فۆرمێک لە بوونی مرۆیی لە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا خاوەن سیستەم و پێکهات بێت. واتە ئێمە بۆ خوێندنەوەی سەرهەڵدان و بەردەوامیی ڕۆژنامەی کوردی پێویستمان بە خوێندنەوە و گێڕانەوەی شکڵ گرتن و بیچم وەرگری "نەتەوە" وەکوو فۆرمی ئینسانی و پێکهاتی کۆمەڵایەتی- سیاسی دەبێت، بەڵام چوونکوو ئێرە جێگایەکی تەسک و تەنک بۆ ئەو هەوڵە وەگێڕییانە(روایتی) یە و توانست و ئارەزووی وەگێڕیش هێشتا لەگەڵ واقیعی مێژووی خۆی لە ئاستێکی پڕ و کامڵ بەرەوڕووونەبۆتەوە، تێدەکۆشم تەنها سەرهێل و سەرەداوی[٦١] هەندێک لەو گەشە و بیچم وەرگرییە ڕەنگرێژی بکەم. بەڵام بەم حاڵەشەوە بۆ پیشاندانی ئەو ناهاوسەنەگییە نێوان گەشەی مێژوو و میدیای کوردی واتە ئەو لارەسەنگییەی(ناموزون) کە لە نێوان ئەم دوو واقیع و وتەزایەدا هەیە، گێڕانەوەی میدیایەکی فارسی واتەر ڕۆژنامەی "شرق" پاش دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی سەرتاسەری لە ئێراندا

[٦١] سەرهێڵ و سەرە داو: سەرخەت و سەرنەخ.

دەخەمە ڕوو، کە هەم هەڵگری گێڕانەوەیەک لەو دۆخە ناهاوسەنگەیە و هەمیش دەرخەری گێڕانەوەی ئەویدییەکی باڵادەست و لووتبەرزە لە ئاست نەتەوەیەکی ژێردەست و بێ"بلاڤۆک"، دەربڕی زمانی و ڕێزمانی ئەو ڕیپۆرتاژە شیکارانەیە چەشنێک لە تێ خوڕین و بچووکاندنی تێدایە کە من هەوڵدەدەم لە وەرگێڕانەکەمدا بیپارێزم. لە ڕۆژنامەی "شرق"، ساڵی یەکەم، ژمارە١٤٥، یەک شەممە ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ (واتە ٤ ساڵ لە سەدەی بیستویەک تێپەڕیوە!) لە ژێر ناونیشانی "ڕۆژنامەیەک بۆ هەموو کوردەکان" ئاوا هاتووە :

یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی-فارسی لە تاران بڵاو کرایەوە. ژمارەی سیفری ئەم ڕۆژنامەیە کە ناوی "ئاشتی"یە، چوارشەممەی حەوتەی پێشوو بە بەڕێوەبەرێتی بورهان لەهونی دەستی بە وەشان کرد. لەهونی بەڕێوەبەری ئۆفیسی دارایی و ئابووریی کوردوستانە کە کەوتۆتە بیری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردی و سەرنووسەرییەکەی داوەتە دەست بارام وەڵەد بەیگی. ...رۆژنامەی ئاشتی لەخۆگری دوو بەشی فارسی و کوردییە و هەر کامەیان هەشت لاپەڕەیان بەرکەوتووە و بابەتە فارسی و کوردییەکان لەگەڵ یەکدا جیاوازن و بەشی هەر زۆری بابەتەکانی هەر دوو بەش تەرخانکراوە بە پرس و کێشەکانی کوردستان و کێشەکانی "قەوم"ی کورد لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا،(واتە ڕۆژنامەکە بەم باسانە "پڕ کراوەتەوە"). ... ڕەنگە ئاشتی بە باسکردن و پەرژانە سەر کێشەکانی کوردستان بەردەنگی فارسی زمان لە

دەست بدات، ئەدی بۆچی دەستی داوەتە بڵاو کردن لە سەرتاسەری ئێران. ... لەمانەش گرینگتر ناسنامە و شێوازی ئیش کردنی ڕۆژنامەکەیە: ڕۆژنامەی ئاشتی هەنووکە بە شێوازی حەوتانە و لە ڕۆژانی سێ شەمە دەردەچێت. مەگەر ڕۆژنامە ڕۆژانە نییە؟ سەرنووسەری ئاشتی ڕوونی دەکاتەوە: کێشە مادییەکان دەبنە هۆی ئەوەی کە هەنووکە نەتوانین ڕۆژنامە بە شێوەی ڕۆژانەیی بڵاو بکەینەوە بەڵام خەریکین هەوڵی خۆمان دەدەین. وەکوو ئاخرین پرسیار لە سەرنووسەر دەپرسین بۆچی "ئاشتی"؟ ئەو دەڵێت: بەشی زۆرینەی مێژووی کوردستان لەگەڵ شەڕدا گرێی خواردووە و بەرەی سێهەم دەیانەوێ بە ئاشتی ژیانیان دەست پێ بکەن و لە گەڵ واقیعییەتەکان دا، ئین شاالله.

## مێژووی کورد و هاوکێشەی نێوان ئاغا و کۆیلە

(بەردەوامیی هاوکێشەکە و ئەزموونی ئازادییەکی بەرتەسک و نیوەچڵ و دواداکەوتوو[٦٢] و میدیا وەکوو کۆگای "دەنگ"دانەوە و "ڕەنگ" دانەوە"ی)

[٦٢] دواداکەوتوو: مەبەست پاش کەوتوو و جێماو نییە، بەڵکو مەبەست بەشوێن و پاش کەوتووی نموونەگەل و پێکهاتگەلێکیترە لە دەرەوەی خۆی و بەجیا لە بەستێنی گەشە و گەورەبوونی خۆی.

سەردەمی فیۆدالیزم و پێکهاتی ئەریستۆکراتییانەی کۆمەڵگا و خنکاندنی تاکی کورد، لەمێژەی مێژووی کورددا بە شێوەی خەست و تاقانە و ڕەگئاژۆبووگ ئامادە بووە. سەرەڕای ڕەهەندە ئۆنتۆلۆژییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگا و کۆمۆنە سەرەتاییەکان کە تایبەتمەندییەکی گشتی و سەرتاسەرییان هەیە، هۆکار و بەستێنەکانی سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی وەها پێکهاتێک لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا گرێدراویی لەگەڵ مێژوو و کولتووردا هەیە، بەڵام بەر لە هەر شتێک تۆم و شکۆفەی وەها پێکهاتێک ڕەهەند و بنەمایەکی فەلسەفی و بوون ناسانەی هەیە و بابەت و پرسێکی گشتەکی چەشنی مرۆڤە و بە ململانێیەکی بوونناسانە ئەژمار دەکرێت. ئەم بابەتە وەکوو کێشەیەکی فەلسەفی سەربووردە و پێشینەی کۆنی هەیە، بەڵام دەرکەوتنی وەکوو پرسێک لە ڕووبەری خودئاگایی و هزری فەلسەفی مرۆڤدا هاوکات بووە لەگەڵ تێڕامان و هزرینی مرۆڤ لە بوون و خەلیقەتی خۆی لە جیهاندا، بەڵام فۆرمی زەق و بەرجەستەی دەرکەوتنی لای ***ویلهیلۆم فریدریش هیگڵ*** و لە کتێبی "فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح"دا بووە. ئەو لە بەشی دیالیکتیکی خودا و بەندە دا لاپەڕی٥٢-٥١ لە گێڕانەوەی خەلیقەت و داهاتن وەکوو بابەت و پرسگرێک کە هەڵگری ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤ و پەرچەکردارێکی فەلسەفی ئەوە بۆ هەڵبژاردنی "بوون" یان "نەبوون(عەدەم)"، ئاوەها دەڵێت :

بەندە، کێبڕکێ کارێکی شکست خواردووە کە لە گیانبازیدا تا دواوێستگە نەڕۆشتووە و ئایینی خودێ واتە سەرکەوتن یان مەرگی قبووڵ نەکردووە-... ئەو ژیانی بەسەر مەرگدا سەپاندووە و بەرتری داوەتە ژیان و هەر بەم هۆیەش هاوشانی لە ژیاندا بوون و هەڵبژاردنی، کۆیلەیەتیشی پەسند کردووە."[٦٣]

لەم گێڕانەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بەندە هاوکاتی وەرگرتنی بوون و ژیان(کە هاوکات ڕەتکردنی نەبوون و عەدەمیش بووە) کۆیلەیەتی قبووڵ کردووە. واتە ڤەداندەر "هەڵبژاردنێکی جەبریی"[٦٤]خستۆتە بەردەمی "بەندە(مرۆڤ)"، ئەو لەنێوان "ژیان و کۆیلایەتی" و "نەژیان و ئازادەگی"(لەعەدەم دا!) ژیان و کۆیلایەتی لە بووندا هەڵبژارد، ئەو دەبایە لەنێوان ئەم دووە یەکیانی هەڵبژاردایە. و لێکدانەوەی شیمانە و ئەگەرە وجوودییەکانی هەر کام لەم هەڵبژاردنانە باسێکی زۆر هەڵدەگرێت، لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا دەکەم. مرۆڤ واتە بەندە بە هەڵبژاردنی هەر کام لەو دوو

[٦٣] بڕواننە گۆڤاری ئەرغەنوون، فایلی تایبەت بە مەرگ، وتاری "درامدی به مرگ در اندیشـــەی غربی" نووسراوی موحەمەد سەنعەتی، بەشی فەلسەفە و مەرگ ل٩.

[٦٤] مەبەست ئیختیارێکی ئیجباریی و جەبرییە کە لە کێشە و پرسی فەلسەفیی نەبڕاوەی نێوان "جەبر" و "ئیختیار" حەکایەت دەکات.

هەڵاوێردکراوە[٦٥]، هاوکات و هاوتەریب دەستی داوەتە هەڵنەبژاردن و ڕەتکردنەوەیەک کە هەر کام لەم کردە دووفاق و لقییە هۆکار و پاڵنەری وجوودیی خۆی لە پشتە. بەندە بە هەڵبژاردنی ژیان، بوونی دەستەبەر دەکرد و نەبوون و عەدەمی ڕەتدەکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە بەندە لە عەدەم دەترسا و نەیدەوێرا ڕووبەڕووی بێتەوە، بە دیویێکیتریشدا عەدەمی ڕەتکردەوە و ژیانی هەڵبژارد چوونکوو بوێری و وێرانی تێدا بوو، چوونکە ئەو بە هەڵبژاردنی ژیان و بوون لە ڕۆچنەی وێرانەوە، ترس و سامی مەرگ و جاویدنەبوونی زیندەگیشی قبووڵ کرد. ئەم هاوکێشە بوون ناسانەیە لە سەرێکیترەوە بەندە بە ڕەتکردنەوەی عەدەم و نەبوونی ترسنۆکی و ترسەزاوریی[٦٦] لە بەندەدا و ئەو ئەمەی وەدەر خست و سەلماندی لە نەمان و نابوون دەترسێت، بەڵام لەم ڕووەکەشەوە ژیانی بە مەرگ و ڕەنج و سامەکەیەوە قبووڵ کردووە و وێرانی[٦٧] و بوێریی خۆی سەلماندووە. لەهەر فۆرم و حاڵەتێک لەم هەڵبژاردنانەی بەندە(مرۆڤ) هاوکێشەیەک بە ناوی

---

[٦٥] هەڵاوێرد کراو: گزینش شـــــدە. هەڵبژێردراو: انتخاب شـــــدە. بێگومان ئەم دووە جیاوازییەکی ورد و ناسکیان لەنێوان دایە.

[٦٦] ترسـەزاوریی: کەسـێک کە خووی ترسـنۆکی هەیە. وشـەیەکە لە جوانڕۆ زۆر بە کار دەچێت و زۆریش بەکار دێت!

[٦٧] وێران: ١- جورئەت و بوێری،٢- ڕووخان و وێران کردن.

ئاغا-کۆیله، خودێ- بەندە، باڵادەست- ژێردەست، سەرۆک- پێڕەو، سکرتێر- هەوادار و...[٦٨] ئامادە بووە. چوونکوو خودێ و ڤەداندەر بنەما و جەوهەری پێکهاتی هەڵبژاردنەکە و کرۆکی بەندەشی خولقاندووە. لەم حیکایەتەی خەلیقەتدا کاتێک کە "بەندە" پێملی هەڵبژاردنێکی دژواز و دووفاق بوو، واتە هەڵبژاردنێک کە سەرێکی بوێری و سەرێکی دیکەی ترسنۆکی بوو، ئیدی بەندە وەکوو گرێیەک لە یادەوەری، یان گرێچنییەک لە ناوشیاریدا، خودێتی و ئاغایەتی لە هەناویدا پەپکە دەخوات، بەندە لەو ڕۆژەی دەسپێکی مێژووەوە لە خەون و خولیای "خودێتی[٦٩] و بەبەندەکردن"ی بەندەکان! یان خودایان بووگن. مرۆڤ قەت لەم شەڕ و ململانێی دیسپۆتیزم و خودا و بەندە یان ئاغا و کۆیلەیە نەبۆتەوە و هەنووکەش و لە ڕۆژگاری پۆست مۆدێڕنیزمیشدا و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی منەوە، لە ڕووبەری میدیا و بە تایبەتی تەلەڤیزیۆندا بە خەستی دەبیندرێت. لەلای هیگڵ مێژووی ڕاستەقینە بە "رۆح"ەوە دەست پێ دەکات و تەنها ڕۆحە کە لە پێگەی کۆ و خرێک خاوەن و خودانی مێژوویەکی ڕاستەقینەیە و لە دواجاریشدا هەر ئەمەیە وا دەکات کە هیگڵ بڵێت: مرۆڤ، زیندەوەر یان حەیوانێکی مێژووییە. بەشێک لەو

---

[٦٨] بڕوانە دنیای شتە بچووکەکان، ڕێبوار سیوەیلی ل١٩٢.

[٦٩] خودێ و خودان، لە زۆربەی هەرە زۆری کارکردەکانیان لە ئەم نووسینەدا بە واتای "خودا" و "ڤەداندەر" دێن.

هاوکێشەیەی خودا- بەندە کە هەنووکەش لە پانتای بوونی کوردی و بەتایبەتی لەسەر شاشە و ڕووبەری میدیاشدا ئامادەیە، بابەتێکی گشتەکی ناو و ناخی مێژووی بوون و نەبوونی مرۆڤن، ئەو بەشەکەیتر کە لایەن و ڕەهەندی پاژەکی دەگرێتەوە گرێدراوی ئەو وردەکارییە ئۆنتۆلۆژییانەیەی بوونەوەری کوردە لەناو مێژوودا یان بە زمانێکی هیگلییانە بەستراوەیە بەو دەرکەوت و دیاردانەی "ڕۆح"ی کورد لە مێژووی پاژەکی خۆیدا کە بەشێکە لە کۆی مێژوویەکی گشتەکی بە ناوی مێژووی مرۆڤ یان مێژووی ڕۆحی مرۆڤ.

گەر بۆ مێژووە دوورەکانی کورد بڕوانین ئەوەندە بەڵگەی سەلمێندراو و چەسپاو نابینینەوە کە بیکەین بە هەوێنی شیکاری پێکهاتی دیسپۆتیزمی کۆمەڵگا و مێژووەکەی و دواتر "ڕەوانبنەی(Schema)[70]" پێ لێک بدەینەوە، تەنانەت ئەم دۆخە بۆ مێژووی نێزیکیشی تا ڕادەیەک هەر ڕاستە، بۆیە شیکاری و لێکدانەوەی ئەم پێکهاتە کەونینەییە لە سەردەم و ڕۆژگارانێکی پێش لە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەست پێ دەکەم و بەم شێوەیەش دوو ئامانج و خاڵی سەرەکی بە یەک جار دەئەنگێوم و دەیپێکم. واتە ئەو بەستێنە

[70] "(Schema) کە بە "ترح وارە" و "روان بنە" وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی، یەکەمجار لە لایەن دەروونناسی خەڵکی ڤییەن، ئالفرێد ئادلێر لە ساڵی ١٩٢٩وە بەکار برا و ئەو پێی وابوو خەسار و ئاسوەکانی دەروون و ڕەوان لە ئیسکیما و ڕەوانبنەیەکی ناتەندرووست و خۆرەنجدەرانە دێت. ئیسکیما یان ڕەوانبنە کان هەر هەمان باوەڕە بنەڕەتی(Core belief) یەکانی ئێمەن کە ڕوانین و گۆشەنیگای ئێمە بۆ جیهان و خۆمان بیچم دەدەن و لە زۆر ڕووەوە پیشاندەری شێواز و فۆرمی ژیانمانن.

کۆمەڵایەتی و پێگە پێکهاتییەی پێش لە دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە دەگێڕمەوە و دەرکەوتن و شەبەنگیشی لە کات و پاشی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی واتە "کوردستان" باس دەکەم.

ئەگەر ئەو چیرۆکەی "میرئاو" کە لەسەرەوە تیشکم خشتە سەری بکەینە کلاوڕۆژنەیەک و مێژووی دامەزران و بە ڕێکخراوەبوون و گەشەسەندنی کۆمەڵ و گرووپی کوردیشی پێ لێک بدەینەوە، واتە هەر لە سەرەتاوە بە شوێن خودێ، خاوەن، مالیک، زەویندار و...بگەڕێین کە ئەرکی هاوسەنگ کەرەوە و دابەشکاریی سەرچاوە سرووشتییەکان لەنێو خەڵکدا بە ئەستۆ دەگرێت، ئەوسا تێدەگەین کە فۆرم گیری و بیچم وەرگری پێکهاتی دیسپۆتیزم و ئاغا و نۆکەری(کە گرتە و هەڵخێزراوێکی فۆرمە گشتەکی و میتافیزیکییەکەی واتە خودا-بەندەیە)، لەو پێکهاتە هێزەکییانە بووە کە لەناو کۆمەڵی کورددا کردەکی بۆتەوە و ڕوخسار و سیمای جۆراوجۆری بە گوێرەی پارادایمە[٧١] زاڵەکانی سەردەم وەرگرتووە و دەمامکی ئەوڕۆبوون و هەنووکەیی بوونی بەخۆوە هەڵبەستووە!کە بەردەوام بۆ پاراستنی ئەو "مەودا" بنیامینییە و شەبەنگی پیرۆزی لایەنی خودایی، میدیا و ناوکۆیەک ئامادە و لەسەرپێ بووە.

---

[٧١] paradigm کە چەمکێکی بنەڕەتی ناو دونیای "فەلسەفەی زانستە"، لە لایەن نووسەری کتێبی "پێکهاتی شۆڕشە زانستییەکان" واتە تۆماس کۆهێن، کەڵکی زۆری لێ وەرگیراوە و لەو کتێبەدا بە واتای نموونە، سەرچەشن، ئولگوو هاتووە.

کۆمەڵگای کوردی هەر لە دێرزەمانەوە بە هۆی ئەو چەقی و ناوەندارێتییەی کە بۆ چەشنێک لەبەرتریی و لەسەرتریی خوێن و خێڵ وەریگرتووە، سەرهەڵدانی فۆرم و ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئەو بازنانەی کە پێوەندییان بە دەسەڵاتەوە بوو، خاوەنی چەشنێک لە ئەفسوون و پیرۆزی(تەجەلا)ی خوێن و خێڵ بوون و ئەمەش یەکەمین بنەوا بوو بۆ ڕۆناندنی سیستەمێکی سووڕاو بە ئامێر و میکانیزمێکی دووفاقییانە کە ناوی دیسپۆتیزمە. دەرکەوتەی دیسپۆتیزم لەناو کۆمەڵی کوردیدا لە قەوارەی دەسەڵاتە فیۆداڵی و زەویندارەکان چەکەرەی کرد، ئەگەرچی پێشتر ئەم سیستەمە لە لایەن دینێکی ئاسمانییەوە دەورە دراو و زۆرێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی سەرەنگرێ بوون و دارِزان و زۆرێکیشیان مانەوە و خۆیان تێکەڵ بە تێم و ئامیانی فیۆداڵییانەی دینە نوێکە کرد و پێکهاتێکی میتافیزیکییان بە تێکەڵ کردنی باوەڕێکی ژوورە ئاسمانی بە خوێن و ئیمانێکی دانسقە بە دینێکی ئاسمانی بەناوی ئیسلام، میتافیزیکێکی نێویان سازاند و من بە پێکهاتی ئاویتارییانەی میتافیزیک واتە میتافیزیکی ئاویتاری ناوزەدم کردووە. بەهەر حاڵ ڕەگ داکوتان و چەقێتی بنەما دیسپۆتیزمەکانی ئەم کۆمەڵەیە بە هۆی دیالیکتیکێکی دانسقە! لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا گۆڕان و دارِزانی بەسەر هات، بەڵام لە پاشتر بە فۆرم و دەمامکی نوێوە دەرکەوت و دیوەخان و ژوور و کۆگاکانی پڕ کردەوە بە خۆی! تەنانەت هەر لە سەردەمی پێش هاتنی ئیسلامیشدا وڵاتی ئێرانی خاوەنی چەندەها پێکهاتی ورد و درشتی سیاسی و دەسەڵات دار لە ڕۆژئاوای خۆی

و کوردستان بووە، ئەم هێزە دەسەڵات دارانە وەکوو ئەمارەتگەلێکی سەربەخۆ بەجیا لە یەک ئامادە بووگن و تەنها کات و ساتی شەڕەگەورە و نەهامەتییە چاوەڕوان نەکراوەکان دەبوون بەیەک و یەکیان دەگرت و پاش ئەوەش دیسان دۆخ و فۆرمی پێشیان وەردەگرت و پارێزگارییان لێ دەکرد واتە بە گشتی ئەمانە بە شێوەی "مولوکوتەوایفی" دەسەڵاتیان دەگێڕا. پاشماوەکانی ئەم پێکهاتە هەنووکەش بە ڕوخساری تازەوە لە سەرتاپای کوردستاندا دەبیندرێت، لە هەندێک شوێن لاواز بوونە و لە زۆر شوێن فۆرم و ڕوخساری گۆڕاندووە و لە زۆر چرکەساتی مێژوویی چارەنووس سازیش دیسانەوە کاکڵ و ناوکی خۆی بە چەقی دەرخستووە و ئەگەر و شیمانەی ڕیفۆرم و سڕینەوەی بنەوا و باوەڕە ئاسمانی و میتافیزیکییەکانی خۆی لە ناو دەبرد. پاش جیهانگیر بوونی شەپۆلی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی ڕوخسارێکی تری لە خۆی دەرخست، ڕوخسارێک کە ناسینەوەی زۆر ئەستەم و کەشف و دیتنەوەشی سەرسووڕهێنەر! زۆربەی ئەو ڕەوتە نەتەوەییەی کە لە کوردستاندا هاتە ئاراوە، بە ڕواڵەت پەرچەکردارێک بوون بۆ ڕزگاربوون لەو کۆیلەیەتییەی کە خودێ و داگیرکەرانی بەسەریدا سەپاندوویان، بەڵام لە جەوهەردا ئەم هەستان و شۆڕشە کردارێکیش بوو بۆ سەلماندن و داکۆکی دووبارە لە بنەما میتافیزیکیەکانی خۆی کە لەسەر خوێن و خێڵ ڕۆ نرابوون واتە تەنها شتێک مەبەستی نەبووە و بەلایدا نەڕۆشتووە ڕزگاری لە بنەما گشتییەکانی کۆیلەیەتی بووە. لەم دوو فۆرمەی دەرکەوتە و دیاردە ڕۆحییەکانی جڤاکی کوردیی

پەرچەکردار و کردارێک بە دی دەکرێت کە یەکەمیان هەر وەک وتم توانست و هەستانێکە بۆ ڕزگاری لە داگیرکەر و ئاغا و دووهەمیان هەوڵێکی شاراوە و شێنەییە بۆ خۆئاغاکردنی "خود" بە سەر خود دا، واتە لە یەکەمینیان ئێمە لەگەڵ ئەویدییەکدا بەرەوڕووین و لەمەشیان لەگەڵ خود و توێ و لایەنە زۆرەکانی، کە بۆ ئەویدی کۆیلەین و دەمانەوێ لێی ڕزگار بووین و بۆ خود ڕزگارکەرین و دەمانەوە ببین بە ئاغای و کۆیلەی کەین! هەر چەندە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیست بەم لاوە ماهییەت و چییەتی ئەو هەستان و شۆڕشانە گۆڕانی بنەماییان بە سەردا هات و لە بنەمایەکی خێڵی و عەشیرەتییەوە بوو بە بنەمایەکی بزاڤییانە و جلوبەرگی مۆدێڕنی بە بەردا کرا و لە ڕوخساری سەرۆک خێڵیشەوە وەرگەڕایە[٧٢] سەر سکرتێر یان سەرۆک حیزب یان ڕێبەر. بەڵام لەم ڕەوتەدا خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە کە بەشێکی زۆر لە جەوهەری ئەو پێکهاتە میتافیزیکییە بە شێنەیی و لە ناوشیار و ڕەوانبنەی بزاڤ و سەرۆکی بزاڤەکان پارێزراو و لە چرکەساتی بۆڕەخساو و لەباردا بەزەقی و ئارایشتکراوی و خەملێندراوی دەرکەوت. واتە ڕاستە فۆرمی پێکهاتی ئاغا-رەعیەت، ئاغا-نۆکەر(پیاو)، گۆڕدرا بۆ سەرۆک- لایەنگر، ڕێبەر-هەوادار و ئەم گۆڕانەش بنەمایی بوو، بەڵام لە زۆر شوێنان بەهۆی ئەو ڕۆڵ و پێگەیەی

[٧٢] وەرگەڕان: تغيير، ترجمە.

که ئاغا هەبووی و سەرۆک و ڕێبەریش لە سەری نیشتبوون، ئاراستەی هاوکێشەکان و تەنانەت خیتابی زمانی و مانیفێستی پێکهاتەیی ڕێکخراوەی سەر بە سەرۆک یان ڕێبەر لە گشتییەت و ڕەسەنایەتیەکی پێشوەخت و پشتیوانییەکی خێڵەکی بۆ بەردەوامبوون لە هەمبەر ئاغا و خودیّ(داگیرکەر)ێک کە ئەویدییە، جیاواز نەبوو لە ئاراستەی هاوکێشەیی سەر بە سەرۆک عەشیرە و خێڵ و ئاغا! هەر چەندە بێگومان، واتە بێ سێ و دوو هەموو بزاڤ و ڕێبەر و سەرۆکی پێکهاتە مۆدێڕنەکان بەناوی حیزب، وا نەبوون و گۆڕانیان لە ڕێگەی شەپۆلی جیهانگیری بیر و ڕێبازە هزری و سیاسییەکان و لە ڕۆچنەی میدیا جۆراوجۆرەکانەوە(هەر لە پەیکگەلێکی ئەورووپی بە ناوی "ئەفەندییەکانەوە" بگرە تاکوو ئەو مانیفێست و کتێب و گێڕانەوە وتراوەیی و نقیسارییانەوە تا دواتر ڕادوێ و کامێرای کۆداک و...) بەسەردا هات، بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە ئەو پێکهاتە هێشتا ئامادەیە و لە شوێنانێکیشدا لە چڵەپۆپەی ئیشی خۆی دایە. بۆ فامی زیاتری ئەم گێڕانەوەیەم دەشێت دوو کتێبی ئەدەبی واتە دوو ڕۆمانی"**جەمشید خانی مامم کە هەمیشە "با" لە گەڵ خۆیدا دەیبرد**"ی ***بەختیار عەلی*** و هەروەها ڕۆمانی "**بەخێرهاتی...!**" ***ئیبراهیم یونسی،*** بەشێک لەم گێڕانەوە مێژووییانەیان(history) لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکییانەی مێژوو(story)خستبێتە ڕوو. تەنانەت لە ڕۆمانی یەکەمینیاندا دزەکردن و تەشەنەی باوەڕ و پێکهاتی فیۆدالیزم و ئەریستۆکراتییانە بە ناو فەلسەفەی

مارکسیستییانەی "خان زادەیەک" بە ناوی جەمشید خاندا دەچێت و لە ڕۆژنامەی ڕووناکبیری و شاشە و هێڵی ئەنتەرنێت بە سەودای هەبوون بە "خانی خانانی ئەنتەرنێت"، خۆی دەبینێتەوە. لەم دەقەدا کاراکتەری سەرەکی یان پاڵەوانی "با بردوو" بە ناوی جەمشید خان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٩دا واتە لە جەنگەی دەسەڵاتی بەعسدا و دەسپێکی ٨ ساڵ شەڕی عێراق و ئێران، بە بیانووی کۆمۆنیست بوونەوە دەگیرێت، جەمشید دەخەنە ژێر گوشار و ئەشکەنجەوە تاکوو ناوی هاوڕێکانی بدرکێنێت بەڵام ئەو دەڵێت: هاوڕێیەکم نەبووە و بۆ من کۆمۆنیست بوون واتای ئەوەی بووە کە ئازادانە لەگەڵ کچان و ژناندا بم و سەربەستانەش بخۆمەوە! ئەمە تێگە و فامی کوردێکی بەرهەمهاتوو لەنێو سیستەمی فیۆداڵییە بو فەلسەفە و دەزگایەکی هزری تایبەت بەناوی کۆمۆنیزم و ئەو خۆی خانێکە بۆ "خۆی"، بەڵام ئەوەتا لە هەمبەر ئەویدیدا کۆیلە و بەندەیەکە کە جگە لەوەی"با"[٧٣] یەکی خودایی دەیباتە ژێر پرسیارگەلێکی بێ وەڵام، هیچی تر نییە. درێژە دادڕی ناکەم و هەوڵ دەدەم لەم ڕۆمانەدا هەم باسکارییەکی پێکهاتی کۆمەڵگای کوردی لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەم بدەم بە دەستەوە و هەمیش ڕۆڵی میدیا و هەروەها هەڵسوکەوتی "جەمشید" لەگەڵ میدیا بە هەموو دەرکەوتەکانییەوە لە وڵاتی خۆی و لەو ڕووبەرەی کە تێیدا ئاوارە دەبێت، ڕوون بکەمەوە. جەمشید

[٧٣] "با" لەم نووسینەدا چەند واتای گرتۆتە خۆی و لە دواجاریشدا هەر ئازادە و بێ نیشتمان و واتا!

پاش ئەوەی کە هێندەی گوشار دەخەنە سەری و بە ژمارە پارووی نانی دەدەنێ، کێشی لەشی دادەبەزێت و ئەم "خان"ە سەنگین و زەنگینە، سووک و بابردەڵە دەبێت. ئەو، لە شەوێکی ساردی زستان لە زینداندا "با" هەڵیدەگرێت و دەیبات و بەرەو ماڵی دەکاتەوە. پاش ڕووداوانێکی زۆر مانادار و پڕبایەخ لە داگۆڕینی[٧٤] ئەم "خان"ەوە لە ئاسمان بۆ خانێکی مەجازی و زەمینی سەر ئینتەرنێت کە لە درێژەدا باسی دەکەم، جەمشید دەکەوێتە هاوکێشەیەکەوە کە میدیا چارەنووسەکەی یەکلایی دەکاتەوە. جەمشید پاش ئەوەی کە "با" لە زیندان دەیڕفێنێت و دەچێتەوە ماڵ، لێی دەپرسن: چۆن گەڕایتەوە؟ و دەڵێ "با" بردمی و ئەوانیش دەکەونە سەرسووڕمان و تەشقەڵەوە پێی، بە هەر حاڵ پێیان دەسەلمێنێت و بڕیار دەدرێت جەمشیدی کوڕی حیسام خان لەگەڵ دوو برازای بە ناوی سمایلی ئەدیب خان و سالار (کە بە جووت برای یەکدی بوون) بڕۆنە شوێنێکی چەپەک و نەدۆزراو لە بەرزایی هەوارگەکانی ماڵی خان، تاکوو بەعس دەستی پێی ڕانەگات و جەمشیدیش لە بابردوویی بپارێزرێت. جەمشید پاش ماوەیەک لەو هەوارگەیە خەونێکی سامناک لە هەناویدا چەکەرە دەکات و ئەو کە لە یەکەم گوروژم و شەپۆلی "با" کە بەری کەوت، تۆقی بوو هەنووکە حەز لە فڕین دەکات و برازاکانی

[٧٤] داگۆڕین: لە پێشـــــگری "دا" کە واتای نەرێنی هەیە و گۆڕین کە چاوگە پێکهاتووە و واتای گۆڕان بە ئاراستەیەکی پاشکەوتوو و دواڕۆییانە دەگرێتە خۆی.

ملکەچ دەکات کە تەناف و گوریسی بۆ بێنن و قاچەکانی پێ ببەستن تاکوو کاتێ جەمشید دەچێتە ئاسمان ئەوان لەنگەروان و کۆڵەکەی ئاوێزانبوونی بن، پاش ماوەیەک لەمەی کە جەمشید شەهوەتی بۆ فڕین و ئەو نیگایە بەرز و باڵایەی ئاسمان بۆ زەمین خەست دەبێت، دەزگای بەعس بەم توانستەی دەزانێت و پێیان ڕادەگەیەنێت گەر بێتوو جەمشید خۆی بدات بەدەستەوە ئەوان لە ئەرکی سەربازی دەیبوورن و کۆمەڵێک گەرەنتی شتی باشیشی بۆ خۆی و بنەماڵەی خان بەردەکەوێت. لێرە بەم لاوەیە کە جەمشید کە سالاری برازای وەک لەنگەروانی خۆی کێش کردبوو بۆ ناو سیستەمی بەعس، دەبێتە چاوساغ و "کامێرای شاراوە و بەرزی"[٧٥] هێزی سەربازی بەعس لە سنوورەکانی خوارووی عێراق بۆ بەگژداچوونەوەی هێزەکانی ئێران. وەکوو ڕوونە ئەو سەردەمە شەڕی نێوان عێراق و ئێران دەستی پێ کردبوو و بەعسییەکان مەبەستیان وابوو جەمشید وەکوو کەرەستەیەکی میدیایی دەکار کەن. بۆیە بەکرە و تەنافێکی زۆر و زەبەندیان هێنا و جەمشیدیان هەڵخستە ئاسمانەوە و ئەرکی ئەو ئەمە بوو ڕۆڵی کامێرای شەو بگێڕێت بۆ دیاریکردنی بنکە و بارەگای هێزەکانی دوژمن! جەمشید ماوەیەک ئەم ئیشەی لە ژێر زەبر و

[٧٥] زۆر خوازە و ئایدیۆمم لە گێڕانەوەی خوێندنەوەکەم لە ڕۆمانی "جەمشید خانی..." دەکار کردووە وەکوو کامێرای شاراوە کە مەبەست جەمشید خانە کاتێکی بەعسییەکان هەڵی دەکەنە بەر با و بۆ دیار خستنی سەنگەرە ئێرانییەکان کەڵکێکی کامێراییانە(میدیایی) لێ وەردەگرن.

گوشاری بەعسییەکان، بە خەستترین و زۆرترین سووڕان و ڕاپەڕاندنەوە ئەم ئیشەی ڕادەپەڕاند و لەو هەموو ساتە دووروودرێژانەی کە وەک کۆلارە و فرۆکەیەکی سیخوڕ بەردەوام لە ئاسمان لە باوەشی "با"دا بوو، جەنگ و خوێن و لاشە و ڕۆحانەتی هەڵهاتووی سەربازان لە جەنگ و... دەبینی و ئەمە هۆکاری دروست بوونی چەشنێک لە نەخۆشی و ناتەندرووستی دەروونی لە جەمشیددا بوو و جەمشید تووشی خەمۆکی بوو بوو تا شەوێک لە شەوان وپاش ماوەیەک لەم ئێشە، شەوێک بایەکی خەست و توند دێت و تەناف دەپچڕێنێت و جەمشید ڕاپێچ و فڕاوی شوێنێکی نادیار دەکات، پاش کات و ساتانێک جەمشید لە بەردەم هێزە ئێرانیییەکاندا "با" بە عەرزیدا دەدات و دەکەوێت، دەڵێن تۆ کێی؟ تەنها شتێک کە لەبیری دایە ئەمەیە و هەر ئەوەشیان پێ دەڵێت: من جەمشید خانم کە هەمیشە "با" لەگەڵ خۆیدا دەمبات. ئەوانیش هەر هەمان بەڵای بەسەر دێنن واتە وەکوو میدیا و ئامرازێکی میدیایی بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، پاش ماوەیەک کابرایەکی خەڵکی ئیسفەهان دەکەوێتە دووان و قسە لەگەڵیدا و جەمشید لە یادەوەری و زاکیرەیەکی نەخۆش دەدوێت کە لەو ئاسمانەوە بە هۆی بینینی خوێن و شەڕ و لاشە و کارەسات ئیدی تاقەتی پڕووکاوە، هاوڕێی ئیسفەهانی چەقۆیەکی پێ دەدات تاکوو جەمشید تەنافەکە بپچڕێنێت و بەهیوای ئەوەی لە شوێنێکی باشتر بە عەرزی دا بدات. ئەو شەوە جەمشید تەناف دەپچڕێنێت و "با"ی نادیار دەیبا و دەیبا تاکوو لەسەر بنکە و

بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان واتە قەندیلدا دەینیشێنێتەوە. ئەوانیش هەر هەمان ئەرکی ئامرازییانەی بەسەردا دەسەپێنن و بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆن دەیخەنە حەوا و ئاسمانەوە. پاش ماوەیەک ئەم پارتە تێدەگەن کە جەمشید لە دۆخێکی باشدا ناژی و دێننیە خوارەوە و پاش دەواودەرمان بەرەو ماڵی دەکەنەوە. بەتێپەڕینی ماوەیەک لە نەخۆشی و بێهۆشی، جەمشید هەڵدەستێتەوە و لە ڕۆژانی دواتردا دەچێتە کۆمەڵێک میوانی و ڕێوڕەسمەوە و هەر لەوێشەوەیە کە سافینازی سدیق پاشا دەبینێ و عاشقی دەبێت. جەمشید پاش عاشق بوونی و خوازبێنی کردن لەو کچە بە شێوازێکی نائاسایی واتە لە ئاسمانەوە و تۆقاندنی کچە(کچێک کە خۆی خوازیاری کەسیترە) و هاوسەرگیری کردنی و لە کیس دانی ئەو هەموو زەوی و زار و پارەیەی کە لە کەلەپووری باوکی کۆچنەکردووی وەریگرتبوو! بەرەو ئاراستەیتر دەبردرێت! پاش ئەوەی هەموو ئەو زەوی و موڵک و پارەیە دەخاتە ژێر دەستی سافیناز لە یەکەم دەرفەتدا سەفیناز لەگەڵ مەعشووقەکەی واتە ئیحسان بایەزید هەڵدێ بۆ دەروە و جەمشید دەکەوێتە تاڵترین دۆخی ژیانییەوە، دوای ئەمەیە کە جەمشید تێدەگات کە شار و وڵاتەکەی ئەو و توانستەکانی فام ناکات و هەست بە غەوارەیی و "بێگانە" بوون دەکات هەر بۆیە ڕوودەکاتە تاراوگە! واتە تورکیا و لەوێ ڕۆڵی "کامێرایەکی" سیخوڕی ئاسمانی بۆ قاچاخ و هەناردەکردنی ئەو هەموو مرۆڤە کوردەی کە نیشتمان!ەکەیان بە جێ دێڵن و دەیانەوێت بە پەڕینەوە لە سنووری یۆنان نیشتمانێکی تر بدۆزنەوە! دەگێڕێت.

ئەم ئیشە بە پێشنیار و پێداگری و ناوکۆکاریی کوردێکی باکوور بە ناوی "قەرەبیبەر" دەکەوێتە سوور! شێوازی کارکردنەکەش ئاوەهایە کە لەو شوێنانەی کە مەزندە دەکرێت هێزەکانی دەوڵەتی تورک ڕێگەی پەڕینەوەی کەلوپەلەکان! واتە ئەو مرۆڤانەی دەیانەوێت لە وڵات بڕۆنە دەرەوە! گرتبێت، جەمشید وەک کۆلارە دەکەنە حەواوە و ئەو بەو دووربینەی چاوی و بە سیگناڵانەی کە لە ئاسمانەوەی دەیگەنێت تێیاندەگەیەنێت کە ڕێگاکە ئەرخەیان و چۆڵ و هۆڵە! یان کەمین و بۆسەیە!پاش ماوەیەکی زۆر کە جەمشید و سالاری برازای لەنگەرڤانی، پارەوپوولێکی زۆر کۆ دەکەنەوە، شەوێک لەو شەوانەی قاچاخکردنی مرۆڤەکان دەکەونە بۆسەی هێزەکانی دەوڵەتی تورکەوە و گوریسەکەی جەمشید فیشەکێکی بەردەکەوێت و با دیسانەوە بەرەو نادیار دەیبات. ئەمە ڕۆژگارێکە کە ماوەیەکی درێژ واتە ١٠ ساڵ جەمشید ناگەڕێتەوە و کەسیش نازانێت چی بەسەردا هاتوو، ئایا ماوە یان مردووە؟! ئەم قۆناغەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە سەردەمی خەون و وڕێنەکانی سالاری لەنگەرڤانە کە بەردەوام چاوی لە ئاسمانە و چاوەنۆڕی گەڕانەوەی جەمشید خانیی مامی کە هەمیشە "با" لەگەڵ خۆیدا دەیبات، دەکات. ئەم پیاوە پاش دەساڵێک کە وەک پەڕی جگەرەی لێهاتبوو یان بەپێی یاداشتەکانی خۆی وەکوو سیلیڤونێکی ڕوون و ئاواوی کە لەو دیویەوە شتەکان دیارن دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان. واتە پاش ئەوەی بەسەر ئاسمانی ئاسینادا دادەکەوێت و کەسێک دەیدۆزێتەوە و دەیباتە نەخۆشخانە و دواتر کچێک کە

سەرپەرشتی تیمارکاریی جەمشیدە بە هەزار گێرمە و کێشە تێدەگات کە ئەمە کوردە و زمانە سەیرەکەی پێشتر بیستووە. کچە دەزانێت کە لە قاتی سەرەوەی بینایەک کە تێیدا دەژی دوو کوردی کرێکار هەنە بۆیە شەوێک ئەوان دێنێت بۆ لای جەمشید و ئەوان دەمودەست دەیناسنەوە و ئەمانە لەو کەسانە بوون کە جەمشید لە ئاسمانەوە یارمەتی دابوون تاکوو سنوورە زەمینییەکانی وڵات ببڕن و بگەنە دەرەوەی نیشتمان! ئەوان خۆیان زۆر بەقەرزارباری "خان" دەزانن و خانایەتی و خودێتی جەمشید تەنانەت لەو ساتەشدا کە تۆزقاڵە گیانێکی بەبەرەوە ماوە، هەر لە گوڕ و ترۆپکی خۆیەتی. پاش بردنەوەی جەمشید بۆ ماڵیان و خزمەت کردنی بەو ئاکامە دەگەن کە لە ڕێگەی تابووتێکەوە و بە فۆرمی مردوویەکەوە جەمشید هەناردەی نیشتمان بکەن. "پیاوێک کە نە ئاسمان، نە زەوی و نە زەریا بە خۆیەوە نەیدەگرت"[٧٦] تاقانە ڕێگە چارەی هەر ئەوەیە! پاش هاتنەوەی دەبینێت کە سالار و سمایل برازای هەر کامەیان ڕێچکەیەکیان وەرگرتووە، سالار کە لەنگەرڤان و ڕایەڵگری مامی بووە هەنووکە لە دۆخێکی ئاڵۆز و خراپی دەروونیدا دەژی، بەڵام سمایل بۆتە ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگ و دواتر بەسەرپشکی جەمشیدخان و لەگەڵ لەیلای زەفەرخانی خاڵۆزایدا ئاژانسێکی "میدیا"یی دادەمەزرێنێت و بەڕێوەی

[٧٦] بڕوانە "جەمشید خانی..."، بەختیار عەلی ل١١٥.

دەبەن. ئەودەمی وڵات لەناو تۆڕێکی سامناک و گشتگری میدیا جۆراوجۆرەکان بە تایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤار و هێڵی ئەنتەرنێت دەچووە سەر و ئاکامەکەی دیار نەبوو، وەکوو ئەوەی "با" هەڵتگرێت و نەزانی بەرەو کوێت دەبات، بۆیە: "خان تا دەهات زیاتر و زیاتر لە سمایل نزیک دەبووەوە، هەر لە سەرەتای گەڕانەوەیەوە سەرسامییەکی زۆری بە سمایل هەبوو، ئەوەی کە لە ڕۆژنامەیەکدا کاردەکات لای خان وەک ئیشێکی باڵا و نمونەیی سەیر دەکرا. من جارێک گوتم((لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسی خراپ بکە و و جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاوا بیانخەرە سەر ئاگر و بیانکوڵێنە ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیست و چواری وڵاتی ئێمەی لێدەرئەچێت)). ئەوە جەمشیدی زۆر تووڕە کرد و گوتی من بێشەرەفم و سووکایەتی بە ئیشێکی موقەدەس دەکەم. من بۆ ئەوە پتر تورەی بکەم گووتم((ئەو کورسییەی کە ئێمە لەسەری دادەنیشین و دارتاشێکی نەخوێندەوار دروستیکردوە، هونەری لە هەموو ئەو ڕۆژنامانا زیاتر تێدایە کە لەسەر کورسییەکە دەیخوێنینەوە))."[٧٧] ئەمە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و بەرهەستی ڕەگەزێکی خانەزاد لەگەڵ میدیادایە و ئەوە دواترە

[٧٧] سەرچاوەی پێشوو ل١٢١.

کە جەمشید ڕۆژ بە ڕۆژ لەو جیهانە(کۆمپیۆتەر)ی کە بە "ناوەندی گرینگترین شتەکانی دادەنێت" نێزیک دەکەوێتەوە و پاشتریش هێڵی ئەنتەرنێت دەکێشە بۆ ئەو ماڵەی حیسام خان کە وەکوو یادگارێک بڕیار بوو سالار یەکەم جار و پێش هاتنەوەی جەمشید تێیدا بژی. ئەو پاش بڕیاردان بۆ دامەزراندنی ئاژانسەکەی "ئەو ئاژانسەی کە لە هیچ ئاژانسێکی میدیایی باو و سرووشتی نەدەچوو" ئاوەها تەعبیر لە مەبەست و ئامانجی ئەو پێداهەستانەی دەکات "لە ئاژانسێکی نهێنی و تایبەتدا، هەم نهێنی جیهان دەدۆزینەوە و هەمیش پارە پەیدا دەکەین". ماوەیەکی زۆری بەسەردا ناچێت کە ئاکام و بەری هەموو ئەو ڕۆشتنە زۆر و زەبەندانەی بەیانیان و کاتانی ناوەختی جەمشید و لەیلای زەفەرخان و سمایل ڕوون دەبێتەوە، ئەم ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانە هەستاون بە گرتن و کۆکردنەوەی هەموو ئەو وێنە و ڕووداوانەی کە هێمان بۆ گەندەڵی سەرۆک حیزبێک، یان سۆزانی بوونی ژنێکی عاشق، یان جووت بوونی پەرلەانتارێک لەگەڵ کچێکی زانکۆ و کڕینی سەیارەیەکی جوان بۆی، یان ... هەموو ئەم ئیشە نەکردە و وێنە دوورەدەست و ئەفسووناوییانە لە ڕێگەی ئەو توانایییەی جەمشید کە "فڕین" بێت، دێنە کایەوە و تەواوی مەبەستی جەمشید کۆکردنەوەی پارە بووە ڕەنگە مەبەستیشی لە "نهێنییەکانی جیهان" هەر ئەمە بێت و دیارە ئەو پارەیەش کۆی کردۆتەوە لەم ڕێگەی میدیاییەوە، ئاستێکی باڵا و ئەفسانەییە بۆیە لەیلا و سمایل بە بێ نقە و

بۆڵە[٧٨] دوای کەوتوون و هەموو ئیش و فرمانێکی جێبەجێ دەکەن. ئەم لایەنەی کاری میدیایی جەمشید خان دەشێت وەکوو پاشماوە بێ هێز و بابراوەکەی فیۆداڵیزم لە ڕووبەری جیهانی میدیادا وێنا بکرێت. ڕەهەندی زەق و شیاوی تێڕامانی کاری جەمشید ئەو ڕووبەرەیە کە لە ڕێگەی کۆمپیۆتەرەوە دەچێتە ناوی واتە ئەنتەڕنێت، تەنانەت کاتێک دوگمەی کۆمپیۆتەرەکەی هەڵدەکات بەسالار دەڵێت: "تەواوی جیهان ئا لێرە دایە"، جەمشید، سەردانی چەندەها ماڵپەڕ و ویبلاگ و چات ڕووم دەکات و لە هەر شوێن و هەر ژوورێکی چات و پێوەندییەوە بە ناوێکەوە دەردەکەوێت. لە شوێنێکدا و بەناوێکەوە نووسەرێک دەباتە ترۆپکی گەورەیی و دانسقەبوونەوە و لە شوێنێکی دیکەدا هەمان نووسەر خوار و سووک و چرووک دەکات و هەلاهەلای دەکات، لە شوێنێکی دیکە بە ناوێکی ترەوە دەردەکەوت. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە میدیا لایەنێک لە خۆشی و پارچەپارچەبووگی شوناس و کاراکتەری جەمشیدمان بۆ ڕۆشن دەکات، ئەو بە سالار دەڵێت: "زۆر گرینگە لەم ڕۆژگارەدا مۆدێرن دەرکەویت" و دواتر مۆبایلێکیشی بۆ دێنێتەوە و دواتر لێی دەستێنێتەوە و ورد و خاشی دەکات، بەڵام لەم دۆخە مەجازی و میدیاییەشدا کە جەمشید دەیەوێت ببێت بە خانی خانانی ئەنتەڕنێت، دیسان

---

[٧٨] نقە و بۆڵە: ناڕەزایی دەربڕین و گلەیی کردن لە ڕێگەی ورتە ورت و وڕینگە وڕینگ کردنەوە.

چەندرووگەیی و بابردوویی[٧٩] پێوە دیارە، ئەو "با"ی ئەو ماڵپەڕ و ویبلاگ و چاترۆمە جۆراوجۆر و هەمەڕەنگە دەیبات کە تەنها سالار درکی بە کوشندەیی و هێزی خنکێنەری کردبوو، سالار کە وەگێڕ(راوی) و زانای گشتی کۆی ڕووداوەکە و سەرجەمی ڕۆمانەکەیە دەزانێت جەمشید نە لە ئاسمان و نە لە زەمین و نەک لە فەزای سایبێری و مەجازیشدا لە بابردوویی ناکەوێت، ئەو لە ڕوانینی منەوە قارەمانی ناو تراژیدیەکەیە و هەر ئەوە کە پێمان دەڵێت: "هەرکات لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک دەبوومەوە، دەبایە خێرا ڕابکەم و سەر بەرز بکەمەوە و سەیری قووڵایی بێسنووری ئاسمان بکەم"، ئەو ئاوەها لە کاریگەری و داگیری کاری و سووکی و بابردەڵەیی میدیا هەڵدەهات، بەرەو ئاسمانێک کە پێشتر هێندەی تێڕوانی بوو کە دەمی داچەقاو و مێش گەمارۆی دەم و چاوی دابوو. ئەمە گێڕانەوەیەکی گشتی و هێمائاسایانە لە دۆخی بەریەک کەوتنی جیهانێکی فیۆداڵ و خۆبین و ئاغا و خان (و هاوکات کۆیلە و نۆکەر و بابردوو!) لەگەڵ جیهان و شەپۆلی مۆدێرن و گەورەترین ئامێر و ناوکۆ و نێونجوانی ئەو جیهانە بۆ ئێمە واتە میدیا؛ کە لای ئەمان لە خۆگری ڕۆژنامە، گۆڤار، تەلەڤیزیۆن و ئەنتەرنێت بوو.

[٧٩] چەندرووگەیی و بابردوویی: لای من ئەم دوو لێکدانە دوو چەمکی بەیەک نووســـاو و گرێخواردوون، ڕاسـتە من دەڵێم: "با" هێزی دیاریکەر و ئاراسـتەڕەوە و ئێمە لەسـەر و ژێر باڵی ئەو دەجمێین و دەڕۆین، بەڵام ڕەهەن و فاکتۆرێکی دیکەش، سەنگایی و قورسایی کێش(وەکوو میتافۆر یان خوازە)ی ئێمەیە کە لە ســاتی با بردوویی دا، ڕووگەی خۆمان بە ســواری "با" دیاری دەکەین. ئەمە باســێکی دوور و درێژی دەوێت.

لە دووهەمیشیاندا بنەماڵەیەکی کورد کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی شۆڕشی ***ئیحسان نووری پاشا*** بووگن، بە پێکهاتێکی زەق و خەستی فیۆداڵییانە لە باکووری کوردوستانەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردوستان و شاری بانە هەڵدێن! هەڵبەت پاش تێکشکانی شۆڕش!(ببوورن هەندێ جار وا دەزانم پێویست نییە ئاماژە بە ئاکامی ڕەوت و شۆڕشە کوردییەکان بدەم، چوونکوو هەموویان ئاکامەکەیان وشە و دۆخ و کارەساتێکە کە شەکەت بووم لە گۆکردنی، ئەگەر خەو یەخەم بەر دادت دەبێ مەراسیمێکی بەرز بۆ "فورسەتها و چالیشها" بگرم!)[80] ڕووگەیان دەبێتە شاری بانە و فیۆداڵ و خان و زەویندارەکانی ئەو مەڵبەندە. پاڵەوان یان پاڵەوانی دۆڕاو کە ناوی ڕۆسەم خانە نموونەی ڕەهەندێکی خانخانێتی لە یەکێک لە شۆڕشە کوردییەکانی سەدەی بیستەم واتە شۆڕشی ئیحسان نووری پاشامان پیشان دەدات کە هاوخەم و هاوشوناسەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان ئامێزی بۆ دەکەنەوە. ڕۆسەم خان بە هۆی باوەڕی بە ڕەسەنایەتی و خوێن پیرۆزیی و ڕەگەزپاکیی خۆیەوە قەت مەودا و "بڕیار"ی شوو کردنی کچەکەی لە گەڵ "بۆرە پیاو"ێک بە ناوی خەسرەو کە خەڵکی بانەیە، نادات. هەر وەکوو لە سەرووەش ئاماژەم پێدا

---

[80] دێڕە شیعرێکی هاوڕێی شاعیر و کۆچکردووم ئیسماعیل فەرەجی نوورە کە دەڵێت:" ئەگەر خەو بهێڵێ، کەڵکەڵەی شۆڕشێکی پۆست مۆدێڕن دامی گرتووە ... شەرتە مەراسمێکی بەرز بۆ فورسەتها و چالیشها بگرم". (دیوانی "ئێوارە تێرم ناکات"، چاپ نەکراوە).

ڕۆستەم بەگ(خان) خەڵکی باکووری کوردوستان و خەسرەو لاوێکی عاشق و خەڵکی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ڕۆستەم بەگ کە دوای ڕووخان و نسکۆی شۆڕشی ئارارات لە باکووری کوردستان بە ڕێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا، لە دەست هێزەکانی تورک هەڵدێت و ڕوو دەکاتە کوردوستانی ئێران . ئەوەی شایانی باسە چوونکوو هەر هەمان سیستەمی فیۆداڵی و خانخانێتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زاڵە، لە بەر دەروازەی هەر شارێک خانێک بە سووروسات و دەسوپێوەندی شکۆمەندانەی خانایەتیانەی خۆیەوە، ڕاوەستاوە بۆ داوەت کردن و ڕێزلێنان لە هاوخوێن و هاورەگەوزی خۆی کە "خان" بێت. ڕۆسەم خان وەکوو بوونەوەرێکی هەستەوەر واتە زۆرتر بەهەست و نیگاوە ڕووبەڕووی دونیا دەبێتەوە و شیکاری و لێکدانەوەیەکی وای نییە، هۆگری بە سرووشت و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی بە تایبەت حەیران و لاوژە وقەتار هەیە و تەنانەت سترانبێژێک بە ناوی پیرۆتی لە گەڵدایە و جارناجارێک کە لە ئەوقبوون و ڕوانین لە کێو و ترۆپکی چیاکان وەکوو هێمای جەنگ و حەماسەت تێر دەبێت بە پیرۆت دەڵێ: "ئادەی بخوێنە". ئەمە لایەنێکی کەسایەتی مرۆڤی ناو پێکهاتێکی تێکەڵاویانەیە کە بە میتافیزیکیکی ئاوێتاریی ناوبردەی دەکەم، بەڵام لایەنی دیکە و دژبەری لایەنی سەرەوە ئەوەیە کە دوای ئەوەی کە لە شاری بانەدا نیشتەجێ دەبن پەرچەکرداری ڕۆسەم خان دژی ئەو خواستە و خۆزگەیەیە کە پێی ژیاوە واتە سەرەڕای ئەو هەموو سۆزەی ڕۆسەم  بۆ عەشق و حەماسەتێکی ئەڤیندارانە (کە لە

خۆشەویستی بۆ مەقام وبەیتە کوردییەکاندا ڕوونە) و ئەمەش لە ژیانیدا ڕەنگ و دەنگی داوەتەوە واتە تەنانەت خۆشی لە ڕێگەی عەشقەوە لەگەڵ دایە خانم، دایکی نەرگس، ژیانی پێکەوە ناوە، کاتێک نەرگس و خەسرەو شەیدا و عاشقی یەکدی دەبن و لە ڕووی تیۆریکەوە دەرفەتێک دێتە ئاراوە بۆ گومانکردن و بەرەوپرسیاربردنی سیستەم و بڕیاری فیۆداڵانە، لە گەڵ بەرگریی و پەرچدانەوەیەکی لەڕادەبەدەر لە لایەن ڕۆسەم خان-باوکی نەرگس-بەرەوڕوو دەبنەوە و تەنانەت بۆ خەسرەو پیلانڕێژی دەکریت، خەسرەوێک کە ڕۆشتۆتە پێشوازی بنەماڵەی ئاوارە و ئاوارتەی خانەوە و لەسەر سنوور بە ناو چەندەها کەندەڵان و وشکەچۆم و کوێرەڕێ، بۆ نەکەوتنە داوی سەربازانی ئاتاتورک هێناویانیەتە ناو بانە. لەو پیلانەدا خەسرەو، گیان دەردەبات بەڵام کوڕە دراوسێیەکیان پێوە دەبێت و دوای ماوەیەک کە قسە و قسەڵۆکی زۆر دەخرێتە دووی نەرگس و خەسرە و ڕۆسەم خان و هەروەها بە هۆی زەختێک کە سیستەمی فیۆداڵی "باوکسالارانە"ی بنەماڵەی ڕۆسەم خان واتە باوکی نەرگس دەیخەنە سەر نەرگس- کچی ڕۆسەم خان-  کچە خۆی دەرمانخوارد دەکات و تیا دەچێت و پاش ئەم ڕووداوە بەرەبەرە ڕۆسەم و دایە خان بەرەو هەڵوەشان و دارڕزانێکی دەروونی و ڕۆحیی دەڕۆن و ڕۆسەم بە تەواوی شێت دەبێت و هەموو سامان و بوونی مادیی و مەعنەوی خۆیان لە کیس دەدەن و هێرشگەلی جۆراوجۆر دەکرێتە سەریان و... و ڕوو دەکەنە شوێنێک لای پارێزگای کرمان. تا ئەم وێستگەیە کە ڕەنگە بە جۆرێک دواوێستگەش نەبێت

لە ڕۆمانەکەدا بوونەوەر و بکەر یان ڕاستتر وایە(کراو- بەرکار)ی ناو سیستەمی میتافیزیکی ئاماژەپێدراو دوو تایبەتمەندی نێگەتیڤ و چارەنووس کوژ و ڕەش وەردەگرێت؛ شێتییەک کە سەر لە وڕێنە و تێکچوونی یادەوەری(ونکردنی زەمان) دەدات و غوربەتێک کە ئەمان تێیدا بۆ خەڵکی کرمان "ئەویدی"ن، بەڵام ئەمان خۆیان نازانن چین تا بیر لەوانی دی بکەنەوە! تاکوو دواجار کوڕە گەنجێکی بانەیی کە لە دەزگای "دادوەری" کرماندا ئیش دەکات بەسەریان دەکاتەوە و کچەکەی نەرگس کە ئێستە سمتی پڕە و مەمکی قۆرت و دەنگی ناسک! خوازبێنی دەکات و دەبێتە دەرگایەکی تۆزێک ڕێزمەندانەتر لە پێشوو بۆ دەرچوونی ڕۆسەم بێ "خان" و "مان" واتە ڕۆسەم خان لە بەرزەخ و ڕۆشتن بەرەو نادیار یان دۆزەخێک کە لە هەنووکەی بەرزەخیی "خانێکی" بەهەشت خوێن و ئاسمانی ڕەگەز باشتر و شیاوترە.[٨١]

ئەم گێڕانەویە تەنها بۆ بەڵگاندنێکی پێشینە و ئامادەبوونی ئێستاکەی هاوکێشەی "خودا/بەندە یان ئاغا و کۆیلە(ئەعیەت)" لە ڕێگەی تیشک خستنە سەر هەندێ ڕووداو و وردە ڕووداو لە دوو ڕۆماندا کە هەر دووک لەسەر

[٨١] ئەم نیو لاپەڕەیە کە لە ســـەر ڕۆمانی "بەخێر هاتی...!" کۆچکردوو ئیبراهیم یوونســـی دەدوێت، لەو وتارەی کە لە بڕگەی٦١ دا ئاماژەم پێداوە، بەمەبەســتی ڕوونکردنەوەی پێکهاتی کۆمەڵگای کوردیی لێرەدا هاتۆتەوە.

گێڕانەوەی ئەو هەلومەرج و قۆناغە کۆمەڵایەتییەکانی ئیش دەکەن، کە یەکەمینیان بە زمانی کوردی نووسراوە و دووهەمینیشیان بە زمانی فارسی.

خاڵی زۆرتر پەیوەندیدار بە بابەتی بەرباسی ئێمە واتە میدیا لە ڕۆمانی یەکەمینیان واتە "جەمشید خانی مامم کە..." تیشکی زۆرتر خراوەتە سەر و لەسەرەوە هاوپێوەندی و هاوکێشەی "خان واتە جەمشیدی مامم/ کۆیلە و ڕەعیەت واتە سالاری برازای جەمشید / و دانوستانیانم لەگەڵ میدیا(رۆژنامە، گۆڤار، ئەنتەرنێت و...)" ڕوون کردەوە، شایانی باسە کە جەمشید، خۆی لە هاوکێشەیەکی ئاغا/ کۆیلە/و میدیاییەکی تردا دەژی و چارەنووسی بژار دەکرێت، ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە لەناو ڕووبەر و پانتایەکی خودییانەدا بیچم دەبەستێ بەڵام لەهەمبەر و لە پانتای پێوەندی لەگەڵ ئەویدیدا هاوکێشەکە دەبێتە "با"ی خۆش مرووری هەواڵ(جەمشید)بەر و پڕتاو / جەمشیدی هەواڵئامێز و کۆیلەی دەستی میدیایەک بە ناوی "با" کە لە زۆر قۆناغی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دا"با" بە پەیک و قاسید و نامەبەر و هەواڵبەر شوبهێنراوە و کراوەتە خوازە و میتافۆڕ، تەنانەت لای نالیش بادی خۆش مروور ئەو پەیکە بە هێزەیە کە هەواڵی نیشتمان بۆ نالی دێنێت/"با" وەکوو کەڵە خان و خودێ جەمشید دەکاتە بووکڵە[٨٢] و کایەی دەستی خان و

[٨٢] دەربڕینی سرووشتی و کۆیی ئاخێوەرانی ناو زمان بۆ بووکە شووشە! لە دەڤەری کرماشان و شارەکانی دایە، کە من هەر لە منداڵییەوە بیستوومە و زۆر لەو وشە ناسرووشتییە واتە بووکە شووشە لەبارتر و خۆش

خودێکانی[٨٣] جەنگ واتە بەعس، بەرەی ئێرانی دژە بەعس، هێزی پارتی کرێکارانی کوردوستان و... ئەم باسە زۆر و درێژترە لەوەی کە من لێرەدا بیکەمەوە و لەسەری بچم و تەنها سەرەداوێک لە خوێندنەوەی خۆم بۆ هاوکێشەی (١- خان و خودێ/٢-ڕەعیەت و کۆیلە/٣- بای میدیا و میدیای با) بە دوو ئاقاری خودی و ئەویدیدا خستە ڕوو، کە هەم بەڵگاندنێک بوو بۆ ئامادەگی و کەونینەبوونی سیستەمی دیسپۆتیزم(ئاغا و کۆیلە) و هەمیش شیکردنەوەی هەبوون و دەرکەوتنیان لە ڕووبەرە میدیاییەکان و پانتاگەلی جیهانی مۆدێرن و تەکنۆلۆژیاوە. لێرەدا بە گێڕانەوەی حیکایەتی هاتنی ئامێرە میدیایی و تەکنۆلۆژییەکان و ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە دوو فاقەی لە پیرۆزاندن و شکاندندا گێڕایان، دەگێرمەوە و کۆتایی بە باسە نیوەچڵەکە دەهێنم. بۆیە دەڵێم نیوەچڵ چوونکوو ئەم باسە و پێوەندی شوناسئامێزی ئێمە بە میدیاوە و ڕەهەندی ئۆنتۆلۆژیانەی میدیا ئاوێکی زۆر دەبات و وتارێک ناتوانێت هەڵگری ئەوە بێت، من هەوڵدەدەم لە شوێنانی تردا بپەرژێمە سەری.

---

لاختترە و لەوەش گرینگتر بە شێوەی سرووشتی ڕۆنراوە و شێوەی سرووشتیش یەکێکە لە شێوازە هاوچەرخەکانی وشەسازی لە زماندا.

[٨٣] خان و خودێ هەر دووک یەک واتای خوازەییان هەیە بەڵام لە ئاست و ئاراستەی تایبەت بە خۆیاندا.

## "ئامێرە میدیاییەکانی کورد و ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانی میدیا؛ پاش کرانەوەی کۆمەڵگاکان و لە سەردەمی شۆڕشدا"[٨٤]

### (کۆمەڵگای کوردی و ئامادەگی پەیکی شارەزا و "باد"ی خۆش مرووری نالی)

لە سەردەمانێکی زۆرەوە واتە پێش هاتنی ڕادوێ[٨٥]، کامێرای کۆداکی فەوری، کامێرای ڤیدیۆ، لە کۆمەڵگا و تۆڕی پێوەندیی کۆمەڵی ئێمە بە کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەوانەش خێڵێکی یاخی، تاقمێکی چەتەوڵ، هێزە شۆڕشگێڕەکان و تەنانەت تاکەکەسی ڕاوەدوونراو و یاخی و هەڵهاتوو لەو سیستەمە ئاغا و کۆیلەیەی کە لەسەرەوە باسم کرد(ئێستا بە

---

[٨٤] ئەم بەشەی کۆتایی لە ڕووی ڕیزبەندیی سەرهەڵدانی ئامێرە میدیاییەکان و کاریگەری کۆمەڵایەتییان لە ژێر کاریگەری کتێبی "دنیای شـــتە بچووکەکان" ڕێبوار ســـیوەیلی دایە. ئەگەرچی لە وتارێکی بەڕێز پرۆفیسـۆر ئەمیر حەسـەن پوور بەناوی"تکوین فرهنگ رِسانەای کرد" بە وەرگێڕانی کمال خالق پناە و ارام کریمی بۆ فارسی، لە گۆڤاری نویسا ژ٢ ساڵی ٨٣ل١٢٣تا ١٧٠.

[٨٥] ڕادوێ دەربڕینی سـرووشـتی خەڵکی کوردە بۆ ڕادیۆ یان Radio کە شـیاوە وەک خۆی بمێنێتەوە چوونکوو بە گۆکردن و دەربڕینێکی سـرووشـتی بەرهەم هاتووە، وەکوو ئەوە حاڵەتەی کە لە بڕگەی ٨٧ دا ئاماژەم پێ کرد، بەڵام ئەوەی بڕگەی پێشـتر لە ڕووبەری وشـەسـازی دا بوو و ئەمەی ئێرە لە ڕووبەری دەربڕین و گۆکردن ناسـی phonetic logy، ئەگەرچی ڕێبوار سیوەیلیش لە کتێبی "دنیای شتە..." هەر ئەم تێبینییەی داوە.

هەر هۆیەکەوە بوو بێت ڕکەبەرایەتی عاشقانە لەگەڵ خان و ئاغا یان کوڕەکەی یان خانزادەیەک، حاشاکردن لە دانیماڵیات بە خان و سیستەمەکەی و...بێت) "پەیک" و قاسیدی هەواڵهێن ڕۆڵێکی ئاسمانی و زێڕین دەگێڕێت. پەیک سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندی لەناکاوە دابەزین و ئان و سات هاتنی بوو، هیچ کاتێکیش نەدەزانرا کەی دێت و نەخشەی بوونی نەدەخوێندرایەوە، ئەمە ببووە هۆی ئەوەی نە تەنها ئەو هەواڵ و خەبەرانەی کە پەیک لە شوێنگەلی نادیار و پشت چیاکان دەیهێنێت، ئەفسوونکەر و پیرۆز و بقەمەند بن، بەڵکوو خودی پەیکیش هەڵگری خەرمانەیەکی زەق و زیوینی پیرۆزایەتی لە دەوری ڕووخساری خۆی بێت. "پەیک" زاتێک بوو کە جەمسەر و سەرچاوەکانی هەواڵ تەنیا و تەنیا هەواڵ و پەیامیان بۆ ئەو دەدرکاند و بە ئەویان دەسپارد، تەنها ئەویش ڕێ دەدرایە ژوورەوە و بەتەنها هەر ئەویش شارەزای ڕێگە سەخت و تووشەکان و ناوبڕە نەکوتراوە و نەدۆزراوەکان بوو. پەیک ئەم ڕووخسارە بوو و هەموو کەسێک چاوەڕوانی هاتنەوەی دەکرد، ئەو وەک "با" وابوو لە زۆر کاتدا کە چاوەڕوانت نەدەکرد دادەبەزی و لە تەنیشتتدا هەڵی دەکرد. (("با"(پەیک) دەزانین کە هەر دێت و هەستی پێ دەکەین، بەڵام نازانین چۆن و لە کوێوە دێت")) ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی کە خەرمانە و شەبەنگی پیرۆز ئەم "پێغەم بەرە" کوێستانی و شاخییە، دانسقە و قودسی بکات. ئەوەتا لای نالی "باد" و پەیک یەکەیەک بووگن کە شارەزای دەشتی شارەزوور و ڕاهی پڕخەتەر بووگن:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

ئەم قودسییەتەی پەیک("باد") تا هاتنی ڕادوێ بەردەوام بووە. کاتێک پیرۆزایی پەیک بە بڕینی ئەو "مەودا" و ڕێگە دوورودرێژ و پڕ هەڵەت و زەردەدا گەرەنتی دەکرا، ئیدی بە هاتنی ڕادوێ و سەرچاوەیەکی بڵاڤۆکین(منبع پخش) کە شەپۆلە جیاجیا ڕادێوییەکانی دیاری دەکرد و هەر شەپۆلێک تایبەت بوو بە چەقێکی بڵاوکردنەوە، هەموو مەودا و ڕێگاکان یان بەشی هەرە زۆریان دەپۆشێنێت و لە خۆ دەگرێت، لەم بارودۆخەدا مەرگی پەیکیش لێبڕاو و حەتمی بۆوە. بوونی پەیک بەند بوو بە هەبوونی ڕێگا هەڵەت و تووشەکان و مەودا سامناک و نەپێوراوەکان ، کاتێک ڕادوێ بە زەمەنێکی ئەفسووناوی و زۆر کەمتر لە هی پەیک، مەودا و ڕێگاکانیان دەسڕییەوە و دەبڕی، ئیدی پەیک پەکی کەوت و وەکوو حەقیقەتێکی دەم "باد"خۆی (واتە پەیک!) بەرەو نادیار و نەمان ڕۆشت. ڕۆڵی پەیک لە پڕکردنەوەی ئەو مەودا دوورودرێژەیە کە دەبووە هۆی بەرزنرخاندنی بابەتی قودسی و پیرۆز، کاتێک ئەو دەبووە میدیا و ناوکۆی نێوان ئێمە و هێزی پشت و ئەودیو چیاکان، ئێمە بە سیستەمێکی زەینی وێناکردن و خەیاڵاندن وێنە و جەستەکانی ئەودیو چیامان بۆ خۆمان دەکێشا، ئێمە نیگار کێشێک بووین کە پەیک ئامیانی سەرەکی ڕەنگەکەی پێ دابووین، بەڵام لە شێواز و ڕەنگ و

فۆرمی ئەو جەمسەرەی کە لێیوە دەهات، شتێکی پێ نەدەگووتین، بۆ نموونە ئەگەر باسی پێوەندی ڕێبەری شۆڕش و هەواداری سیاسی بکەین و پەیک تاقە میدیا و ناوکۆی نێوانیان بێت، سەرەتایی ترین و سەرەکیترین شتێک کە ڕوو دەدات، پیرۆزایی و قودسی بوونی ڕێبەری ئەودیو چیا و "مەودا" کانە، بەڵام کاتێ ڕادوێ هات و مەوداکانی سڕییەوە و ئێمە گوێبیستی قسە و قفە(کۆکە) و منجەمنج و ڕاوەستان و تۆنی دەنگی ڕێبەر بووین ئێدی گومانمان جما(بزوت) و زانیمان دەشێت ڕێبەر لە هەندێک شت لەگەڵ کۆی ئێمەدا هاوبەش بێت، لەوانە قسەکردن، هەڵەکردن لە خیتابێکی ڕادیۆیی و ڕاستکردنەوەی و... دوای ئەوەی کە ڕادیۆ خەش و خەراشێکی لە ئەفسوون و پیرۆزایی هاوکێشەی پێشوو و لە سەرەوەش ڕوخساری پەیک و جەمسەرە کۆنترۆلکەر و ڕێبەرەکەی خست، کاریگەری بنەڕەتی و هەڵتەکێنەر بۆ بڤەشکاندن و پیرۆزیی سڕینەوە کامێرای کۆداکی فەوری دروستی کرد. کامێرای کۆداک وێنە ڕاستەقینەکانی پشت چیا و نیگارە حەقیقییەکانی لە سەرۆک و دەست و پێوەندەکەی پێ گەیاندین، پاش بینینەوەی ئەوەی کە ڕێبەر وەکوو ئێمە جلوبەرگ دەپۆشێت و کەپووی نەختێک پان و پیقی وەرگرتووە و بزەکەشی وەکوو بزەی ناو کۆڵان و بنماڵەکانە، ئەوەندەیتر لە ئەفسوون و پیرۆزیی جەمسەرێک کە پەیک کاری بۆ دەکرد، کەم کرایەوە. پاش کۆداکی فەوری هەنگاوێکی تر بەرەو مەرگ و نەمانی ئەفسوون و قودسییەت نێزیک بووینەوە واتە بە هاتنی کامێرای ڤیدیۆ ئەم پێشڤەچوونە

کەوتە قۆناغێکی تر لە گەشەوە. ئەو کامێرایەی کە جیاوازی بنەڕەتی لەگەڵ کۆداکی فەوری لە ڕەهەندی زەماندا بوو و بە بەردەوام پیشاندانی وێنەکان و بە ڕیزکردنی کۆوێنەگەلێکی یەک لە دوای یەک فیلمی دەسازاند بە دەنگ و ڕەنگ و چۆنییەتییەکی باشتر و ڕوونترەوە. ئەگەر لە کامێرای کۆداکدا سەرۆک قەتیسماو و گیرخواردوو لە چرکەساتێکی زەمەنی بە وێنەیەکەوە بوو، لێرەدا و لە کامێرای ڤیدیۆییدا سەرۆک دەنگ و ڕەنگێکی پڕجووڵە و بزۆز لە پشت شاشە و لە خەیاڵدانی ئێمەدا بوو کە لە پیرۆزایی و نادیارییەکی خودایی دەتەکا و شووشەیەکی تەنک و تەسک(تی ڤی) جێگەی ئەو "مەودا" و دووربوونەوەیە دەگرتەوە. هاتنی کامێرای ڤیدیۆ بەشێکیتر لەو ڕەوتەی شکاندنی ئەفسوون و پیرۆزایی کە بە مردنی پەیک و هاتنی کامێرای کۆداکەوە دەستی پێکردبوو، تەواو دەکات تاکوو سەردەمێک کە تەلەڤیزیۆن و ناوەندی پەخش و بلاڤینی تی ڤی لە شێوەی بڵاوکردنەوە و وەشانی ڕاستەوخۆدا دێت. تایبەتمەندی تی ڤی و کەناڵە بلاڤینییەکانی ئەوە بوو کە هەواڵ و ئاگاداری و بەگشتی دەنگ و ڕەنگەکانی ئانوسات و گەرماوگەرم بوون و هالاوی لێ هەڵدەستا![٨٦] توخم و ماکەیەک کە لێرە و لە تەلەڤیزیۆندا دەردکەوت و جیاکاری لەنێوان ئامێرە میدیاییەکانیتر و ئەمی ڕوون دەکردەوە،

[٨٦] مەبەست داخی و تازەبوونێتی. وەک چۆن دەڵێن: خەبەرێکی داخم هەیە!

نەمان و لاچوونی توخمی زەمانە، باقی ئامێرەکانیتر لەناو زەماندا قەتیس و گیرخواردوو بوون، بەڵام تەلەڤیزیۆن بەسەر زەماندا زاڵ بوو و یان لانیکەم هاوکێشەیەکیتری لەگەڵ زەماندا پێکهێنا، ئەو بریتی بوو لە تیشک و نوورێک کە خێرایی سەرسووڕهێن و لەڕادەبەدەرە، هەر وەکوو وشەناسیش وشەی(Tele) بە واتای "دوور" و وشەی (vision)بە واتای "دید"، "ئیلهام" و "داهات" دێت، واتە مەبەست ئەوەیە ئەم ئامێرە پێش لەوەی شتێک لەنێو خۆیدا و لە ڕێگەی چاو و گوێوە بکات بە قووڵایی گیانی ئێمەدا، لە بنەوەڕا شتێک لە ئێمە و هەناوی ئێمەدا دەجووڵێنێت و چالاکی دەکات و بەستێنی ئیلهام و داهاتنی شتێک لە خۆیدا بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت. ئیلهام، ئەو ڕووداوەیە کە پەیوەست و پێوەندی بە ناخودئاگا یان زەینی ناوشیارەوە هەیە و لێرەشدا پێوەندی و گرێدراوەتی میدیا و ڕووبەری تاریک و ناوشیاری بینەر ڕوون دەبێتەوە و هەروەها سەلمێنەری ئەو پانتا سامناک و پڕتوێ و هەڵتەیەسە کە میدیا چالاکانە قونیوەتە[٨٧] ناوی و کایەکە دەگەڕێنێت. تەلەڤیزیۆن یان تی ڤی، یانتر ئەم سەرچاوەی ئیلهامە دووردەستە، ڕۆڵی یەکلایی کەرەوەی لە شکاندنی ئەرزی حەرام و ڕووبەری قودسیدا بوو. بەڵام سەربووردە و کرۆکی ڕوودانەکە بە ئاوەها ڕەوڵێک[٨٨] واتە شکاندن و لابردنی

[٨٧] قوونینەوە: پەڕینەوە.

[٨٨] ڕەوڵ: شێوە و شێواز. لە دێهاتی "دنگی و کزێ" سەر بە کرماشان بیستوومە.

پیرۆز درێژەی بەکاری خۆی نەدا. ئەوەندەی نەخایاند کە تی ڤی کەوتە بازنەی کایەیەکی ئاڵۆزەوە ئەو لەپاڵ و هاوشانی شکان و ڕووشاندنی هەرێم و کاراکتەرێکی پیرۆز، بابەت و سیما و هەرێمێکیتری پیرۆز ڕۆ دەنێت و لە جێگای ئەویدیدا دایدەنێت واتە شیکاری هاوکێشەکە ئەمەی لێ دەردەکەوێت: لابردنی هێز و ڕووگەیەکی پیرۆز خۆی پێویستی بە ئامێر و ئەرک و ئامانجێکی پیرۆز هەیە، بۆیە پاش ئەوەی پیرۆزاییەک دەشکێت، ئەو هێز و وزەیەی کە مەرج نییە لە هەرێم و ئەرزی پیرۆزدا بژی و ژیا بێت، خۆی بە ناوی پیرۆز و قودسی مانیفێست دەکا. لێرەدایە ئەو تایبەتمەندییەی پەیک دێتەوە، بەڵام بە بێ مەودایەک کە پەیک لەسەری پیرۆز کرابوو، واتە ئێمە دەکەوینە چوارگۆشەیەکی بەندکراو لە تەقدیس و پیرۆزاندن، بە مەودایەکی ناسک و تۆزئاسا لە تیشک و نوورێکی وەها بێ مەودا و نێزیکدا کوێر دەبین! تیشک ئەوەندەی کە پێویستە بۆ بینین و بینایی ئەوەندەش حەوجەیە بۆ نەبینین و نابینایی! ئەمە ئەو ئەرکە دژوازەی میدیا کۆییەکانی جیهانی مۆدێرن و دیجیتاڵە کە بە ناخماندا شۆڕ بۆتەوە! گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتی جیهان و میتافیزیکی کۆن لە گێژەنی تیشکی میدیاکانی هەنووکەدا بابەتێکی زۆر دوورودرێژە و ئیشی کتێبێکی پیرۆزە کە پیرۆزایی

خۆی دەشێت لەسەر بنەمای دژبەری ئەفسوون و تەجەللا و پیرۆزایی ئەواندا ڕۆ بنێت!